# رابــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە – ژمارە دوو – هاوینی ١٩٩١



هەواڵنامەی کتێب

MANCHES DE POIGNARDS KURDES EN IVOIRE SCULPTÉ.

# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە دوو - هاوینی ١٩٩١

سەرنووسەر: ڕەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

ناونیشان
RaBûN
Post Restante
126 11 Stockholm 32
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 5 - 626 11121

## دەروازە

### کەم بنووسین و باش بنووسین

دەبێ بە هەموو هێزێکمانەوە تێبکۆشین زمانەکەمان بپارێزین، وشەی رەسەنی کوردی بەکاربێنین، وشەی داتاشراو فرێ بدەین. لەبەر خۆمانەوە وشە دانەتاشین. لە شێوەی شار و نیشتمانی خۆماندا گیرنەخۆین، لەهەر شێوەیەکی کوردیدا وشەی جوانتر و سەرکترمان وەپێش چاو هات هەڵیبژێرین.

لەبیرمان بێ وشەی کوردی هەتا کورت تر بێ خۆماڵی ترە. بۆ ئەوەی رستەکانمان کورت بن هەتا دەتوانین (واوی عطف) کەمتر بە دوای یەکدا ریز بکەین. لە کاتی پێویستدا لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە نەترسین. لە نووسیندا بە پەلە نەبین. کەم بنووسین و باش بنووسین. هەرچی نووسیمان بە جارێک و دووجار لە کۆڵی نەبینەوە. چەند جاری دەس تێوەردەین. لەپێش ئەوەی نووسین بۆ چاپ بنێرین پێمان شوورەیی نەبێ بەچەند کەسی لێزان و پسپۆری نیشان بدەین. رەخنە و تێبینی دۆستانەی ئەوان قبووڵ بکەین. خۆپەرست و بە فیز و بەرچاوتەنگ نەبین. لە خەڵک فێربین و بۆ خەڵک بنووسین. ئەوەی بۆ چاپمان نارد ئەگەر دەسکاری باش کرا ئاگر نەگرین. ئەگەر جارێک بڵاونەکرایەوە، ناهومێد نەبین، چاومان نەچێتە پشت سەرمان، بەرق دانەچین و دەس لە تێکۆشان و نووسین هەڵنەگرین. ئەرکی سەرشانی هەموومانە بۆ بووژاندنەوەی ئەدەب و خزمەتی زمانی کوردی تێبکۆشین.

هێمن

کتێبی: پاشەڕۆک- ل. ٣٠-٣١

چاپخانەی سەیدیان- مەهاباد

---

* تکا لە هەموو ئەو نووسەرە هێژایانە دەکەین کە بابەتیان بۆ دەنێرن، بەرهەمەکانیان بە خەتێکی رەوان بنووسنەوە و، چەند دەتوانن، یان چەند بە باشی دەزانن، شێوە رێنووسی گۆڤارەکە لەبەرچاو بگرن.

* هەر بابەتێکی وەرگێڕدراو ئەگەر راستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە، واتا لەو زمانەوە کە پێی نووسراوە، نەکرابێ بە کوردی بڵاوی ناکەینەوە.

---

بەرگی یەکەم: خەنجەری کوردان لە دارەڕووی هەڵکۆڵدراو دروستکراوە.

Henry Binder: Au Kurdistan, Ed. Maison Quantin, Paris: 1887

بەرگی دووەم: قەڵافەت و جلوبەرگ. کوردە دەوڵەمەندەکان.

Nouvelle Geographie Universelle, T. IX, Lib. Hachette, Paris: 1884.

# بابەتەکـــان


| | | |
|---|---|---|
| ملهوران پەلاماری دیموکراسی دەدەن .......................... | ٥ | دەستەی نووسەران |
| ۲۰ ڕۆژی ڕزگاریی... چمانکرد، ئێستا چیکەین؟ ........... | ۸ | هاشم کۆچانی |
| لە نێوان دوو ستراتیژیەتدا ............................ | ۱۸ | زەینەبی شەمزینی |


## باس و لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| دوازدە تەفرەتی کۆلۆنیالیزم لە کوردستاندا ........................ | ۲۷ | کەمال میراودەلی |
| مێژووی ناوچەگەریی یان مێژووی سەرانسەریی؟ ................ | ۳٦ | ڕەفیق سابیر |
| دۆزی کورد لە ئاستانەیێکی ویلدا ! ........................ | ٤۲ | کرمانج گوندی |
| بەرەو ئازادی ............................................ | ٤٦ | حوسێن محەمەد عزیز |
| کۆماری دیموکراتی کوردستان. کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان ........... | ٥۲ | مەحمود مەلا عزەت |


## دۆکۆمێنتی مێژوویی


| | | |
|---|---|---|
| دەقی یادداشتنامەکەی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس (۱۹۱۹) ..................... | ٦۳ | وەرگێرانی: فەرهاد پیرباڵ |


## جوگرافیای کوردستان


| | | |
|---|---|---|
| کورتەیەک دەربارەی شاخ و ڕووبار و دەریاچەکانی کوردستان.. | ٦۳ | مەلا عەلی |


## هونەر و داهێنان


| | | |
|---|---|---|
| خاڵ خاڵۆکە، لێک دابران، فریشتەی سۆز......... شیعر............ | ۷٥ | کاکەی فەلاح |
| سەرەتای حەیرانی تەمەغان ................ شیعر............ | ۸٤ | جەلال میرزا کەریم |
| مایئە سرووە .......................... چیرۆک.......... | ۸۷ | کاروان |
| تونکاری پلاستیکی ................................ | ۹۰ | گەریژنۆف |
| ڕووسیام خۆش دەوێت ................................ | ۹٤ | مەکسیم گۆرکی |
| دەستنیشانکردنی دوو پەیوەندی لە لای نالی ................ | ۱۰۱ | ڕێبوار سیوەیلی |


## پانۆراما


| | | |
|---|---|---|
| لە پێش هەموو شتێکدا کوردین، ئینجا موسڵمان و یەزیدین ... | ۱۰۹ | شێخ حەسەن سەیدەف |
| دەربارەی ڕاگوێزانی نەتەوە ژێردەستەکان لە یەکێتی سۆڤیەت... | ۱۱۰ | نیکۆلای بۆگای |
| دیاردەیەکی ترسناک ................................ | ۱۱٤ | محەمەد حەلاق |
| دەوڵەت بۆ ئەوان، بەڵام بۆ کورد ...... ئۆتۆنۆمی .............. | ۱۱٦ | |

# ملهوڕان پەلاماری دیموکراسی دەدەن!

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یەکێتی سۆڤیەت ئەوەندەی ڕووداوی نێوخۆیین هێندەیش ڕووداوی جیهانین. بۆیە وەک چۆن کاتی خۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا دنیای هەژاند، دەشێ ئەم ڕووداوانەش کارێکی ڕاستەوخۆ بکەنە سەر ئایندەی سیاسەتی نێودەوڵەتان.

ئاخۆ ئەم پرۆسە خێرا و ڕادیکالانەی ئیمڕۆ لە سۆڤیەتدا ڕوودەدەن ناشتنی تەرمی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە؟ ئایا ئەمە هەرەسهێنانی سۆسیالیزم و سەرکەوتنی کاپیتالیزمە؟!. یان نیشانەی تێکشکانی بیری سۆسیالیستی و ئایدیالی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، یاخود ئازادبوونی ئەم بیر و ئایدیالەیە کە بە درێژایی دەیان ساڵ دەسەڵاتی سۆڤیەت لەسەرخۆی تاپۆکردبوون، بێ ئەوەی دەستپاکانە و ڕاستگۆیانە پەیڕەویان بکات؟

کۆدیتاچییەکان کە لابالی بەهێزی نێو حیزب و دەوڵەتی سۆڤیەت بوون ویستیان بە تانک و باروت پیرێسترۆیکا و ژیانی دەستووری و پەرلەمانی و دیموکراتکردنی دەوڵەت تێک بشکێنن و ملهوڕانە پێش بە مێژوو بگرن. ئەوان لە هەوەڵین بەیاننامەی خۆیاندا و لە یەکەمین پەلەقاژێی سیاسەتی جیهانییاندا هەقیقەتی خۆیان دەرخست، کاتی حوکمی ڕەشی میلیتاریزمیان ڕاگەیاند و بەسەرە قەڵەمێک هەموو ئەو دەسکەوتە دیموکراتییانەیان زەوت کردەوە کە گەلانی سۆڤیەت بە قوربانیدانی مەزن وەدەستیان هێناوە.

لە ئاستی دەرەوەیشدا، وەک ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتە نێوخۆییە، یەکەمین ڕۆژ کەوتنە جرت و فرت و نامە گۆڕینەوە لەگەڵ پیاوکوژانی وەک سەدام و قەزافی و ئەوانی تردا و بەمەیش نیاز و گەوهەری خۆیان بۆ دنیا دەرخست.

بەڵام گەلانی سۆڤیەت، کە لە هەموو خەڵکی دنیا باشتر هەقیقەت و ناوەرۆکی حیزبی حوکمڕان و ڕژێمەکەی خۆیان دەناسن، بەرەنگارییەکی قارەمانانەیان کرد و لە ماوەی دوو ڕۆژێکدا دەسەڵات و پێگەی سیاسی کۆدیتاچییەکانیان ڕامالی.

سەرکەوتنی ئیرادەی چەند سەد ملیۆن خەڵکی سۆڤیەت بەسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا ئەو ئازادییەیان بۆ دەرەخسێنێ کە خۆیان چارەنووسی شەخسیی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی خۆیان و شێوەی ژیانی ئایندەیان بڕیار بدەن. هەروا تارادەیەک ئەو دەرفەتە پەگەڵ و نیشتمانە بەزۆر لە قالب دراوەکانی نێودەوڵەتی سۆڤیەت دەدات تا سەربەستانە، نەک لە دووتوێی بەرنامەی

گومڕاکارانە و دووڕووانەی حیزب و دەوڵەتدا، بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی نیشتمانی خۆیان بگەن. ئەمەیش بە قازانجی هەموو ئەو گەلانەیە کە لە رێگەی داگیرکردن و (الحاق)ەوە لەنێو قەوارەی دەوڵەتانی رەگەزپەرست و شۆڤێنستیدا راگیراون.
بێگومان شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆششێکی گەورەی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدە بوو بۆ خۆ رزگار کردن و چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و رێگەگرتن لە دڕندایەتی ئیمپریالیزم کە لەو سەردەمەدا سەرجەمی دنیای راپێچی یەکەمین جەنگی جیهانی کردبوو.

بەڵام ئەم شۆڕشە هەر لە هەوەڵین ساڵەکانی تەمەنیدا شێوێندرا و پرۆسەی سەپاندنی دیکتاتۆرییانەی فیکر و ئیرادەی تاکە حیزبی و، دواتریش تاکە کەسی، بەسەر دەیان و سەدان ملیۆن خەڵکدا، مۆدێلێکی تایبەتی سۆسیالیزمی لە یەکێتی سۆڤیەت و، دواتریش لە وڵاتانی تردا، سەپاند کە پێویستی بە زۆرترین شێوەی ئیستیبداد و ملهوڕی و دیکتاتۆری هەبوو. ئەمەیش هەڵگەڕانەوە و خیانەت بوو لە ئامانج و ناوەڕۆک و پەیامی ئینسانییانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سۆسیالیزم کە ماحاڵە بەبێ دیموکراسی بێتەدی.

بۆیە بەرای ئێمە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و پەیامی ئینسانی سۆسیالیزم و ئامانجی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی شۆڕشەکە لەگەڵ ئەم رووداوانەی ئێستادا لەنێو نەچوون، بەڵکو دەیان ساڵە لە سۆڤیەتدا زیندەبەچاڵ کراون. ناوەڕۆک و پەیامی ئینسانی سۆسیالیزم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەو رۆژەوە لە سۆڤیەت جوانەمەرگ کران کە دەسەڵاتی سۆڤیەت لەجیاتی پەیڕەوکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بە دەیان ملیۆن لەخەڵکی نەتەوە ژێردەستەکانی سۆڤیەتی لە خاک و نیشتمان و زێدی خۆیانەوە راگواست و، بە ئامانجی تواندنەوەی نەتەوەییان لەسەر خاک و وڵاتی تر پەرش و بڵاوی کردنەوە... ئەو سەردەمانە پەیامی ئینسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر تێکشکێندرا کە بە ناوی دامەزراندنی سۆسیالیزم و بەختەوەری مرۆڤەوە زیاتر لە دەملیۆن مرۆڤی سۆڤیەتی، بە تاوانی دژی شۆڕش لەنێوبران... ئەو سەردەمانەی کە بە هەزاران لە باشترین نووسەر و زانا و بیرکار و هونەرمەند و روناکبیر، هەر لەبەر ئەوەی پێیان وابوو کە مەحاڵە رژێمێکی ئینسانی بەرێ و شوێنی نائینسانییانە دابمەزرێ، زیندانی کران و لەناوبران، یان بە چەپڵەی دەستان شاربەدەری وڵاتان کران.

پەیام و ناوەڕۆکی سۆسیالیزم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەو رۆژەوە لە یەکێتی سۆڤیەت زیندەبەچاڵ کران کە دەوڵەتی سۆڤیەت وەک هەر زلهێزێکی ملهوڕ، کە عەودالی بەرژەوەندی تایبەتی و ئامانجی مەزنخوازی خۆی بێت، لە جیهاندا رەفتاری دەکرد و، ئەمیش وەک ئەمریکا و زلهێزەکانی تر، تەنیا لە روانگەی تەسکی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و مەزنخوازیی خۆیەوە سەرنجی ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی ژێردەستە و مافەکانی مرۆڤی دەدا. بۆیە دەوڵەتی سۆڤیەت، وەک وڵاتە سەرمایەدارەکان، بەلایەوە گرنگ نەبوو کاتێ نەتەوەیەک، یان چەند نەتەوەیەکی ژێردەستە بە خاک و مرۆڤ و مێژوو و شارستانییەوە لەناو دەبران، بەڵکو، وەک هەر دووڕوونێک، ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو کێ و کام رژێم ئەم نەتەوانە لەناو دەبات!!. ئەگەر بکرژانی

ئەم نەتەوانە بکوژانی وەک کەمال ئەتاتورک و سەدام و مانگستۆهایلا مریام و هی تر بوونایە، کە پارێزگاری بەرژەوەندی سۆڤیەتیان دەکرد، ئەوا نەک هەر لەم تاوانە مەزنانەیان بێ دەنگ دەبوو، بەڵکو بەپێی مەبدەئو و ئەخلاقی مەزنخوازی، داکۆکی لەم رژێمە درندانە دەکرد و بە تازەترین چەکی خۆی پڕ چەکی دەکردن و، نەتەوە سەربراوەکانیشی بە کۆنەپەرست و خەتابار دادەنا. لە کاتێکدا ئەگەر رژێمێکی ناحەز بە خۆی لووتی دوو منداڵ یان چەند چەقۆکێشێکی لە خوێن بهێنایە دنیای پڕ لە هاوار دەکرد و مەسەلەکەی دەگەیاندە هۆڵی داخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. کەچی کاتێ رژێمی رەگەزپەرستی عەرەبی عێراق لە کارەساتی هەڵەبجە و، لە هاوینی ساڵی ۱۹۸۸دا دەیان هەزار خەڵکی کوردستانی بە چەکی کیمیایی لەناوبرد و تەنیا لە شاڵاوی ئەنفالەکانی گەرمیاندا (۱۸۲) هەزار مرۆڤی کوردیان بێ سەروشوێن کرد، رژێمی سۆڤیەت نەک هەر لەم تاوانە بەدەنگ نەهات بەڵکو لە شوباتی ۱۹۸۹دا نەیهێشت کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە بڕیارێک عێراق تاوانبار بکات. لەوەش زیاتر رۆژنامەی پراڤدا هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەدرۆ خستەوە و بە پیلانێکی ئەمریکای لەقەڵەم دا دژی عێراق. کە ئەمە گەورەترین تەوهین بوو بە نەتەوەی کورد کرا.

دواجار لە کاتێکدا پێمان وایە کە گەلانی سۆڤیەت مافی تەواوی خۆیانە ئازادانە چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دیاری بکەن، لە هەمان کاتدا لەو باوەڕەداین کە رووداوەکانی ئەم دواییەی یەکێتی سۆڤیەت، بە هەر بارێکدا بشکێنەوە، خەباتی خەڵکی چەوساوەی سەرزەمین بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوە و لە پێناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ناوەرۆکی ئینسانی سۆسیالیزمدا نەک هەر دوایی نایەت، بەڵکو ئەم خەبات و کۆششە لە بارودۆخێکی نوێی جیهاندا درێژەی دەبێ و، شێوە و ناوەرۆکی نوێ بە خۆی دەگرێ. چونکە هێشتا لە هیچ شوێنێکی دنیادا نە چەوساندنەوە لەناوبراوە و نە مرۆڤیش بەو جۆرەی پێویستە ژیان بەسەر دەبات.

دەرس و پەندەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەریش هەر نەبێ ئەوەی بۆ مرۆڤایەتی سەلماند کە چەسپاندنی بیر و ئامانجی ئینسانی و دادپەروەرانە پێویستی بە میتۆدی ئینسانییانە و دیموکراتیخوازانە هەیە، چونکە بیر و ئایدیاڵ و ئامانجی ئینسانی و بەرز، مەحاڵە بە رێوشوێنی داپڵۆسێنەرانە و نائینسانییانە بچەسپێن.

دەستەی نووسەران
۱۹۹۱/۹/۱

# ۲۰ ڕۆژی ڕزگاریی......
# چمانکرد، ئێستا چبکەین؟

*هاشم کۆچانی*

**لە مێژووی کۆن و تازەی گەلەکەماندا، جگە لە دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی شیخی نەمر و، ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد بە ڕابەریی قازی شەهید، هیچ ڕووداوێکی پڕ بایەخ و چارەنووسسازی وەک ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەی کوردستانی خواروو ڕوینەداوە. ئەم ڕاپەڕینە بە هەق دەبێتە تاجەگوڵی زنجیرە ڕاپەڕینە جەماوەریی و چەکداریيەکانی کوردستان.**

دەکرێ خاڵە تایبەتمەند و بەجیا هەڵکەوتووەکانی ئەم ڕاپەڕینە، لەچەند تەوەرێکی سەرەکیدا کۆبکەینەوە:

یەکەم: دەستکەوتنە پڕ بە هاکانی ڕاپەڕینەکە و، ڕزگارکردنی زیاتر لە ۹۰٪ی خاک و مرۆڤی کوردستانی عێراق.

دووەم: گشتێتی ڕاپەڕینەکە چ لە ڕووی هێزە کۆمەڵایەتیە بەشداربووەکانیەوە، یان لە ڕووی ڕووبەری جوگرافیاییەوە.

سێهەم: سمینی دیواری بێدەنگیی جیهان، سەبارەت بە کێشەی گەلەکەمان. ئەو بانگەرەساتەش کە بە دوای ڕاپەڕینەکەدا هات، کێشەی کوردستانی عێراق بە تایبەتی و کوردستانی گەورەی بە گشتی، لە قۆناغی قروقپێلیکردنی جیهانییەوە، بە قۆناغێکی تر گۆزی و، لە کەوڵە ناوخۆییە داسەپاوەکەی دەرهێنا و چوارچێوەیەکی جیهانیی پێبەخشی.

لەو ڕۆژەوە کوردستانی خواروو بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندراوە تا ئێستا، ئەوەی بە خەباتی چەکداریی و سیاسی و قوربانیدانی زەبەندی حیزب و ڕێکخراوەکان ئەنجامنەدرا، لە هەلومەرجێکی لە بار و ساتێکی دەمدراودا کۆمەڵانی گەلی کوردستان توانییان بەدیبهێنن و نیشتمانیان وەک هێلکەیەکی پاککراو بە کۆنترۆڵکراوی دایە دەست بەرەی کوردستانییەوە. ئەم پرۆسەیەش حیزبەکان و (بەرە)ی ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە کردەوە و خستنیە سەر دووریانێکی سەخت و مێژوویی: ئایا بەرەی کوردستانیی، بەرەیەکی ڕزگاریخوازە، یان بەرەیەکی بەرهەڵستیکار؟

کارێکی حاشا هەڵنەگرتووە کە لە ساڵی ١٩٧٤وە تا ١٩٩١ ئەوەی بەسەر گەلی کورد و کەمایەتییەکانی کوردستاندا هاتووە، لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا بووە و، ئەو ئۆتۆنۆمییە «واستەقینەیەش» کە داوای دەکرێ، لە جەوهەردا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەوەی لە (١٧) ساڵی رابردوودا لە هەولێر هەبوو نییە. خودی پرۆژەکەی (بەرە)ش ئەگەر رژێم بێ سێ و دوو سەرتاپاشی قبووڵبکات (کە نایکات)، هێشتا ناتوانێ پەرژێنێکی سیاسی- ئابووری- یاسایی بۆ کوردستان دروستبکات و، لە داهاتوودا لە هێرش و پاشگەزبوونەوەی رژێمی ئێستای بەغدا یان ئالترناتیفەکەی بیپارێزێ. (١)

ئەو پرۆژەیەی کە پێویست بوو بەرەی کوردستانی لە رۆژانی راپەرینەکەدا (هەروا ئێستاش پێویستە)، بیخاتە روو. مافی بڕیاردانی چارەنووسە، ئەم مافەش لانی کەم و لانی زۆری هەیە:

## لانی زۆری بەرنامەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و جیابوونەوەیە لە عێراق. بەرای من ئەمەیان چەند رەوار هەقە، لە رۆژگاری ئێستادا سەقامگیر نەدەبوو. چونکە لەلایەک زلهێزەکان ئامادە نین بۆ کوردستان دەستکاریی ستراتیژە ژیانبەخشەکەی خۆیان بکەن. لەلایەکی ترەوە دوور نەبوو ئەژدیهای چوارسەرەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ دامرکاندنەوەی بە قەولی خۆیان (خەتەری کورد) ئەنفالێکی چوار قۆلیان لەگەردنی کوردستان پەپکە بدابا. ئەمە جگە لە هۆکاری عەرەبی و ئیسلامی کە بە شێوەیەکی گشتی دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

لە هەموو ئەو خاڵانەش گرنگتر ئەوەیە کە پرۆگرام و سازدان و خەباتی خودی بەرەی کوردستانیی بۆ کارێکی لەم باتە نەبووە و، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش- ئەگەرچی هەمیشە چاویان بڕیوەتە سەربەخۆیی و ئازادی نیشتمانەکەیان- بەڵام تائێستا بە چەشنێکی رێکوپێک بۆ ئەم ئەرکە رانەهێنراون. لەئاستی نەتەوایەتیشدا بزوتنەوەی پارچەکانی تری کوردستان لە هەلومەرجێکی وادانین، بتوانن مەودا و قورسایی خەباتی خۆیان بۆ پشتیوانی کوردستانی خواروو تەرخان بکەن.

## لانی کەمی بەرنامەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

کاتێک کە کوردستان رزگار و کۆنترۆڵکرا، بە تایبەتی لەو دەمە دیاریکراوەدا: (عێراقێکی لاواز، هەلومەرجی پۆزەتیڤی جیهانیی، هاوزەمانبوونی راپەرینی کوردستان و ناوچە شیعە عەرەب نشینەکانی خوارووی عێراق.....) هەق وابوو بەرەی کوردستانیی بەرەوتێکی لەم چەشنەدا برویشتبا، کە دەکرێ بگوترێ لانی کەمی مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەستەبەردەکرد:

١- یادداشتێکی پوختی لەسەر کێشەی کوردستان، هەر لە رۆژی لکاندنەکەوە تا کاتی رزگاربوونەکە، ئاراستەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و زلهێز و وڵاتانی هاوپەیمان و خودی

دەوڵەتی عێراق و هەموو دنیا بکردبایە و، بە ڕاشکاوی بیگوتبایە، گەلی کورد تەهەرەشە لە بەرژەوەندی گەلێکی تر دەکات و ، نە چاوی لە ئاو و خاکی خەڵکی ترە و، نە دەشیەوێ لە ڕۆژگاری ئێستادا پەیوەندی خۆی بە دەوڵەتی عێراقەوە بپچڕێ. بۆ ئەمەش دەتوانرا پشت بەو بڕیار و بڕگانەی پرۆتکۆلە جیهانییەکان ببەسترایە کە لە سایکس پیکۆ و بەڵگەنامەکانی (عصبە الامم) و هیتردا هاتوون و گەلێک زۆرن، تەنانەت (لە ساڵی ۱۹۳۲دا مسۆگەرکردنی یاسایی و دەستووریی مافی گەلی کورد کرایە مەرجی وەرگرتنی عێراق لە ڕێکخراوی (عصبە الامم)، کە ڕێکخراوی ئێستای نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەناوی ئەوەوە دەرچووە و، هەر لەو ڕۆژەشەوە دەوڵەتی عێراق پەیمانی بەجێگەیاندنی ئەم کارەی بە (عصبە الامم) داوە).(۲)

۲- لەو یادداشتەدا جەخت لەسەر ئەوە بکرابا، کە دەوڵەتی عێراق، هەر لە دامەزراندنییەوە تائێستا، قەوارەی بەشێکی کوردستانی قووتداوە و، بە دەوڵەتێکی عەرەبی ناسراوە. بەم پێیەش دەوڵەتێکی ناتارەزوومەندانەیە و، بە ئاگر و ئاسن و تەنوری کیمیایی گەلی کوردی ڕاگرتووە. ئەو لایەن و کەسانەش کە دەیانەوێ کوردستان لە عێراق جیانەبێتەوە، دەبێ بڕوا بەوە بێنن کە پێوەندی نەتەوایەتی لە عێراق، لە نێوان گەلی هەردوو هەرێمەکەدا، پێویستی بە فەلسەفە و مامەڵە و بیرکردنەوەیەکی تازە هەیە، کە لە شارستانیەتەوە نزیک و لە بەربەریەت و شۆڤینیزمەوە دووربێ و، گۆڕانکاری قووڵ بخاتە گشت لایەنە مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و ئابووری و یاساییەکانی ئەم پێوەندییەوە. تاقە ڕێگاش بۆ پێکەوەهەڵکردن و یەکسانی نەتەوەیی لەنێوان هەردوو هەرێمە عەرەبی و کوردستانیەکەدا ئەوەیە لە هەردوو هەرێمەکەدا دوو کۆماری یەکسان لەدەسەلات و ئەرک دامەزرێ و، لەوانیش دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوو هاوبەش پێکبێ و شوێنی دەوڵەتە مەرکەزییەکەی ئێستا بگرێتەوە. لە دەستووری دوو کۆمارەکە و لە دەستووری هاوبەشی دەوڵەتەکەشدا مەسەلەی جیابوونەوەی ئەو دوو هەرێمە لەیەکتر وابڕیار بدرێ کە لەکاتی خۆیدا بەریفراندوم یەکلابکرێتەوە. یان هەرچ کاتێک یەکێک لەم دوو هەرێمە بیەوێ بگەرێتەوە ئامێزی نیشتمانە گەورەکەی خۆی، مافی پەلکێش کردنی ئەویتری نەبێ.

ئەو حیزب و دامودەزگایانەی کە بە درۆ و ڕاست برایەتی و هاوئابینی گەلی کورد و عەرەبیان کردۆتە مانشێتی پرۆگرام و سیاسەتیان، پێویستە ئەو ڕاستییە سەختە بڕیار بدەن، کە ئەم دەوڵەتە (۷٠) ساڵە بە یاسا و دەستوور و بڕیار، بە لەشکر و شەڕ زەمینەی دووبەرەکیی و پێکەوە هەڵنەکردنی گەلی عەرەب و کورد خۆشدەکات، بە دەستوورە وەختییەکەی شۆڕشی چواردەی تەموزیشەوە، کە زیادە ڕۆییەکی بێڵەزەت بە بەندی سێیەمییەوە دەکرێت لەوەی دەڵێت: (گەلی عەرەب و گەلی کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن). کەچی سەرنجی پێویست نادرێتە بەندی دووەمی هەمان دەستوور، کە کورد بە عەرەب و کوردستان بە خاکی عەرەب ناونووس دەکات، کاتێک عێراق و گەلانی عێراق، بە پارچەیەک لە نەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەب دادەنێ.(۳)

ڕەخساندنی لانی کەمی یەکسانی نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد لە ڕۆژگاری ئێستادا، ئەوەیە کە پێوەندی (حاکم) و (محکوم)، (ستەمکار) و (ستەملێکراو) بە پێوەندییەکی یەکسانی ئابووری- سیاسی- یاسایی فیدرالیانە بگۆڕدرێ.

## بەرەی کوردستانیی

راستە بەرەی کوردستانیی دەستروپشتوترین نوێنەری گەلی کوردستانە و، هیچ ئالترناتیڤێکی ڕێکخراوەیی تر لە قەوارەی ئەو لە مەیداندا نییە.

بەڵام ڕاپەڕینەکە و تەواوی ڕووداوەکانی کوردستان، ئەوەیان سەلماند کە (بەرە) نەیتوانی حیزبەکانی ئەندامیشی ساز و ئامادە و سەرکرایەتی بکات، چجای بزوتنەوەی چەند ملیۆن کەسی خەڵکی کوردستان و دیفاعکردن لە خاکێکی ڕزگارکراوی نزیکەی (٧٠) هەزار کیلۆمێتری چوارگۆشەیی.

کاتێک کۆمەڵانی خەڵک زەوییان دابەشاندا و ئاگریان لە ئاسمان بەردا و حیزبەکانی بەرەیان لەو «غەریبایەتیە» ڕزگار کرد کە چەندان ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنن، بەرامبەر بەم داهێنانە شۆڕشگێڕییەی خەڵک، دەبوایە حیزبەکان وازیان لە عەقلیەتی حیزبایەتی تەسک و بارەگاکردنەوە بهێنایا و، هەموو کارو و ڕێکخستنێک بە ناوی بەرەو بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە ببوایە و، دەستبەرداری ئەو کولتوورە سیاسیەیان بیان کە دوور لە کۆمەڵانی خەڵک و لە شاخرا سەری هەڵدابوو. کەچی لە جیاتی شان دانە بەر ئەم ئەرکە نیشتمانییە، هەر حیزبەی بەجیا ڕوویکردە (کارەگەرەکی خۆی) و تەنیا لە شاری هەولێردا حیزبی واهەبوو زیاتر لە «١٠» بارەگای کردبۆوە.[٤] ئاخۆ دەبێ سەرجەمی حیزبەکان چەند بارەگایان لەو شارەدا هەبوویی؟ ئایا لەو ڕۆژانەدا لە سەنتەری هەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا خودی بەرە (١٠) بارەگای هەبوو؟

ڕاستە دەستبەردار بوونی لایەنی نەگەتیڤی ئەو کولتوورەی لە شاخرا سەری هەڵداوە، کارێکی ئاسان نییە و، پێویستی بە پرۆسەیەکی کاملە و لەشەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، بە تایبەتی ئەگەر سەرنجی خودی حیزبەکان بدەین، کە ژمارەی زۆریان هەر لە شاخ لە دایکبوون و، (بەرە)ش کۆرپە و بەرهەمی خەباتی چەکداریی و ناو شاخ بوو، کە لە پڕێکدا کەوتەناو دەریایەکی پڕ لە شەپۆلی ڕەنگا و ڕەنگ و تینبەخشی کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکە و، نە لە قولایی کارەساتەکە و، نە لە پرۆسەی وتووێژیشدا، هیچ سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانە لە هەڵسوکەوتی حیزبەکان و لە پراکتیکی بەرەدا دەرنەکەوت.

## ئۆتۆنۆمی = بانکارەسات

هێشتا لە بزوتنەوەی سیاسی گەلی ئێمەدا بە تایبەتی لەناو دەزگا سەرکردایەتیەکاندا، بیرکردنەوەی تەقلیدی زاڵە، بۆیە ڕەنگە کەسانی واهەبن بڵێن، ئێمە هەر ئۆتۆنۆمیمان دەویست وامان بەسەرداهات. ئەگەر زیاتر بخوازین دەبێ چمان پێ بکەن. هەڵگرانی ئەمجۆرە ڕایانە قەت توخنی ئەوە ناکەون و بە گیانێکی بوێرانە لە خۆیان و خەڵکی تریش بپرسن، گەلی ئێمە کەهێشە لە نەبەردیدایە، بۆچ هەموو جارێک دوای قارەمانێتی کەم وێنە و قوربانیدانی فرە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی تێکدەشکێن؟ ئەگەر جاروبارێش بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری لەم چەشنە ملیاندابێ،

ئەوا ئۆباڵی هەموو تێکشکانەکانیان خستۆتە ئەستۆی دوژمنانی گەلەکەمان. دیارە کەس لەوە لاری نییە کە درندایەتی دوژمنان و ئاڵۆز هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستان ڕۆڵی سەرەکییان لەو تێکشکانانەدا هەبووە. بەڵام ئەمەیان دیوێکی مەسەلەکەیە و، دەیان ساڵە ئێمە هەر ئەم لایەنە دەبینین و، لەو (تایە)ی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە نزیک نابینەوە. ئێ خۆ بزوتنەوەی گەلانی تریش ڕووبەڕووی دوژمنی درندە و هەلومەرجی سەخت دەبنەوە، بەڵام هیچ بزوتنەوەیەک نابینرێ، وەک بزوتنەوەکەی ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لەیەک بازنەدا خوول بخوا، شۆرش تێکشان، جارێکی تر شۆرش و دیسانەوە تێکشکان. ئایا ئەم دیاردەیە ئەوە ناهێنێ بکرێتە بابەتێکی جیدی لێکۆڵینەوە و باس لەسەر کردن؟ ئایا دیاردەکان ئەوەتدە ڕوونتەبوونەتەوە، پیاو بتوانێ بڵێ بەشێکی کاریگەری هۆکاری نەگەیشتنی گەلەکەمان بە ئازادی و مافی بڕیاردانی چارەنووس کە پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، لەم خاڵانەدا خڕبوونەتەوە:

١- نەبوونی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، وەک فیکر و ستراتیژ و بەرنامە. کە دەست بە شۆرش و ڕاپەرین و حیزب و بەرە دامەزراندن دەکرێ، باسی ڕزگاری کوردستان و مافی چارەنووس دەکەین. بەڵام هەرکە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کۆدەبینەوە، فایلێکی تر دەبێتە بابەتی باس و وتووێژ. ئایا ئەم ناکۆکییە لە خودی بزوتنەوەکەماندا نییە. بزوتنەوەکەمان لە کوردستانی عێراق و ئێران و سوریادا، دەبێ خۆی ساغکاتەوە و، بزانین چین و چمان دەوێ. بەڵام لە کوردستانی تورکیادا مەسەلەکە بە جۆرێکی ترە و(حیزبەکانی ئەوێندەر هەر لە سەرەتاوە بەرەوانی هاتوونەتە سەرمافی بڕیاردانی جارەنووس و هەموو چالاکی و سازدانێکیشان هەر لەم پێناوە دایە و، لەوێ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی بە گشت ماناکانییەوە لە ئارادایە......)(٥)

٢- بوونی ئۆتۆنۆمی بە ستراتیژ و دوورکەوتنەوە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس.

٣- قەیرانی قوڵی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە کە کاری نەگەتیڤانەی کردۆتە سەر ڕەوتی بزوتنەوەکەش. کاتێک باسی قەیرانی ناو ئەم دەزگایەی سەرکردایەتی دەکرێ، مانای ئەوە نییە ئەو خەڵکەی لەسەرکردایەتیدان تێکۆشەر و قوربانیدەر نین. یان لە قۆناغەکانی داهاتوودا ناتوانن درێژە بە خەبات بدەن. یان کەسانی ئەوتۆیان تیا نییە، مانەوەیان لەو دەزگایە دا پێویست بێ. لێرەدا قسە لەسەر دەزگاکەیە وەک دەزگا، کە نەیتوانی و ناشتوانێ بزوتنەوەکە بەرەو سەرکەوتن بەرێ. دەرچوون لەو قەیرانەش تازەکردنەوە و سەرلەنوێ خەت دارشتنی بزوتنەوەکەی دەوێ. بۆ ئەمەش بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو بنەما فیکریی و سیاسی و ڕێکخراوەییانەی لە بزوتنەوەکەدا زاڵن هەڵتەکێنرێن و، میکانیزمێکی دیموکراتیانە بۆ دەزگای سەرکردایەتی بڕیار بدرێ..... کارێکی دوولایەنەی دژبەیەکی (ڕوخاندن و بنیاتنان)ی لەم چەشنەش بە خودی دەزگا کۆنەکە ناکرێ. بەڵام دەزگا کۆنەکە دەتوانێ یارمەتیدەر یان کۆسپ هێنەربێ.

***

بەڕای من گرفتی ئێمە دروست لە خودی ئۆتۆنۆمیدایە و، تا بزوتنەوەکەمان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا دیلکری و ئۆتۆنۆمی ستراتیژی بێ، ئەوا ئەو ئۆتۆنۆمییە مندالدانێکی سروشتی زاوزێکردنی کارەسات دەبێ.

لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ساڵی ١٩٧٤ کە ئۆتۆنۆمی هەر دروشم و باس بوو گەلی

کورد و نیشتمانەکەی ڕووبەڕووی تواندنەوە بیونەوە، بەلام بە «ئسوول». کەچی لە سالی ١٩٧٤ەوە لە سایەی (١٧) سالی ئۆتۆنۆمی و بوونی کوردێک بە جێگری سەرکۆمار، (٤٠٠٠) گوند خاپور کران و چێنی جۆتیار و سامان و بەرهەمی لادێ کۆتایی پێهات. ئەم پرۆژەیەش ڕووبەرێکی (٤٥/٠٠٠) کیلۆمێتری چوارگۆشەیی گرتەوە.[٦] بەم پێیە زیاتر لە نیوەی ڕووبەری کوردستان، لە نیشتمانی گەلی کوردەوە، کرا بە نیشتمانی تانک و سوپا، نزیکەی لە ٣٥٪ خاکی کوردستان بە تایبەتی ناوچە نەوتدارەکان ڕووبەڕووی (تعریب) بوونەتەوە.[٧] ئەمە جگە لە شەری کورد قران و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

ئۆتۆنۆمی بۆ گەلێک لەسەر خاکی خۆی بژی، لەهەر کوێدا بخرێتەڕوو، بە نیازی زەوتکردنی خاک و دوورخستنەوەی ئەو گەلەیە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس. ئۆتۆنۆمی ئەوەندە مافی سیاسی و یاسایی و دەستووریی دەهێلێتەوە کە نەتەوە سەردەستەکە (حاکم) و نەتەوە بندەستەکە (محکوم) بێ. با وێنەیەک لە یەکێتی سۆڤیەتی «نموونە» بهێنینەوە:- «ئێستا تەتەرییەکان لە نیوەی دانیشتوانی تەتەرستان کەمترن... لە هەموو هەرێمە ئۆتۆنۆمدارەکانی ڕوسیاشدا هەمان چەشنە و زۆربەی دانیشتووەکانیان ڕووسن سەرەرای ئەوەش تەنیا لە ٢٪ لەو ڕوسانەی لە تەتەرستاندا دەژین دەتوانن بە زمانی تەتەریی قسان بکەن.....»[٨]

ڕاپەڕین و کارەساتەکە کە هەردووکیان لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا ڕوویاندا، یەکەمیان دژی ئۆتۆنۆمی و دووەمیشیان بەرهەمی ئۆتۆنۆمی بوو.

ڕووداوەکانی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی بوو، بە ڕاشکاویی سەلماندیان، کە ئۆتۆنۆمی لەبەرامبەر دەولەتی (مرکزی)دا، هیچ کارێکی بەرهەلستکاریی پێناکرێ و، دەبێتە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ تەراتینکردنی فیکری شۆڤێنی نەتەوەی بالادەست.

ڕووداوەکان ئەزموونێکن هەموو حیزبە کوردستانییەکان سەبارەت بە ئێستا و داهاتوویان تاقیدەکاتەوە. هەروا ئەزموونێک بوو بۆ دەولەتی عێراق کە کوردستان و گەلەکەی بۆ (تعریب) ناکرێن.

تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ هێزە دیموکراتەکانی عێراق و گشت ئالترناتیڤەکانی ڕژێمی ئێستا. ئایا دوای ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە ئەوان چ دەکەن، درێژە بە سیاسەتی ئۆتۆنۆمی دەدەن، یان بە گیانێکی شارستانی و دیموکراتخوازانە ددانی هەق بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستاندا دەنێن؟

تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ پارچەکانی تری کوردستان، کە دەسخەرۆی ئۆتۆنۆمی نەبن و، ئۆتۆنۆمی بە هاورەدیفی چەکی کیمیایی و ڕاگوێزان و شەری گینۆساید و تۆفانە کۆچ دا بنێن.

## تۆفانی کۆچ

پەلاماردانی تۆلە سێنەرانەی دەولەتی عێراق بۆ سەر کوردستان، ئەو تۆفانە کۆچ و بانکارەساتەی لێدروست بوو، کە بە گەورەترین کۆچ پێکردنی سیاسیانەی ئەم سەردەمە دادەنرێ.

مەودا و سەرکەوتنی راپەرینەکەی کوردستان و راپەرینی ناوچە شیعە نیشنەکانی (جنوب)، لە بەرژەوەندی ولاتانی هاوپەیمان و ئالٔترناتیڤەکەیان و خەڵکی تریشدا نەبوو. هەر بۆیە رێگای سەرکوتاندنەوەی هەرەوو راپەرینەکەیان بۆ سەدام خۆشکرد و، لە راستیشدا کەسێکی تری وەک ئەویان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەست نەدەکەوت.

سەرکەوتنی راپەرینەکەی کوردستان کە نەخشە، و جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی پاراوی کوردستانی بوو، دوور نەبوو ببێتە هۆی ورۆژاندنی سەرتاپای ناوچەکە و، گەورەترین سەرێشەی سیاسی بۆ ستراتیژی ئەمریکا و زلهێزان لە ناوچەکەدا بخوڵقێنێ و ببێتە پێشەکیەک بۆ لە دەستدانی تورکیا، یان هەر بەشێکی ستراتیژەکەیان.

راپەرینی ناوچە عەرەبیە شیعەنشینەکانیش، هەر لە سەرەتاوە، سیبەری تاقیکردنەوەکەی شۆرشی ئێران و تەشەنەکردنی شیعەگەرێتی بۆ دنیا ئاوێنەکردەوە. کارێکی زانراوە کە هاوپەیمانەکان و خەڵکی تریش لە نێوان (کش سەدام) و (کش شیعە)دا کش لە شیعە دەکەن.

تا ئێستا راگەیاندنی جیهانیی، کوردی (بە گەلێکی لە بیرکراو) و کوردستانی لە ستراتیژی زلهێزەکاندا بە «خاڵی مردوو» ناودەبرد. هەندێ جاریش بە «پەپاس و کاغەزی» ئەم وڵات و ئەویتر کەچی راپەرینەکە و بە تایبەتی بانکارەساتەکە، بۆمبایەکی ئەوتۆیان لە بناگویی ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەرلەمانەکانی دنیادا تەقاندەوە، ناچاری کردن قابلی کێشەی کوردستان بخەنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. لێرە و لەوێش لەناو سیاسەتمەدارانی جیهاندا قسە و باس گەیشتە ئەوەی تاوەکو کێشەی کوردستان چارەسەر نەکرێ: ئارامی لەم ناوچەیەدا مەحاڵ دەبێ، زۆر جاریش دەهاتنەسەر باسکردنی سنووورە ساختەکان: «کوردان قوربانیی دەستی سنورە زۆرداریەکانی ئێستان، پێویستە ئەو سەربەخۆیەیان بدرێتی کە دەیخوازن......»(٩)

ئەگەر هێشتا زوویی بۆ ئەوەی بگوترێ بانکارەساتەکە گۆرانێکی قەبەتری خستە سیاسەتی جیهانیەوە بەرامبەر بە کوردستان، ئەوە دەتوانرێ بگوترێ بە توندی سەرنجی ئەم سیاسەتەی بۆ لای کێشەی کوردستان راکێشا.

گەورەترین وەرچەرخانێک کە ئەم بانکارەساتە لەرای گشتی دنیادا خوڵقاندی، ئەوەیە کە پێگەیەکی میللی لەناو کۆمەڵگای گەلانی دنیادا. بە تایبەتی ئەوروپا بۆ پشتیوانی و کۆمەککردن بە گەلی کوردستان سازکرد و، چیتر رای رەسمی دەوڵەتەکان، ناتوانن لەبەردەم رای گشتی گەلەکانیاندا، کێشەی کوردستان بە چەشنی کۆن فەرامۆش بکەن. ئاشکرایە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی کە بە فراوانی کارەساتەکەیان خستە بەرچاوی دنیا، رۆڵێکی گەورەیان لەم بوارەدا گێرا.

## بڕیاری ژمارە ٦٨٨

لە سەرجەمی رووداوەکاندا، گەورەترین کارێک لە بواری دیپلۆماسیدا بۆ گەلەکەمان بەدەستهات و بە کردەوەش تارادەیەکی باش رەنگی دایەوە و دەکرێ مەودایەکی سیاسی پێبدرێ، دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو.

بایەخی ئەم بڕیارە لەوەدا دەردەکەوێ کە:

١- بۆ یەکەمین جارە کێشەی کوردستان (جا بەهەر چ ناوێکەوە باسکرابێ) لەو ڕێکخراوە جیهانیە خاوەن بڕیارەدا شوێنی خۆی بکاتەوە و، شاردنەوەی ناوی کورد و کوردستان کە بە خۆڵەمێشی بەرژەوەندی زلهێزەکان و سەردەمی شەڕی سارد و شۆڤێنیزمی تورکی و فارسی و عەرەبی داپۆشرابوو، کۆتایی پێهات و، ئێستا ناوی کورد و کوردستان بوونەتە دوو پشکۆی گەش و لە دوورترین نوختەی جیهانەوە دەبینرێن.

٢- ئەم بڕیارە لە سنووری کوردستانی عێراقدا، پرنسیپی دەستێوەرنەدانی بە پرنسیپی دەستێوەردان گۆڕی.

٣- گەرچی ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە تۆفانە کۆچەکەی کوردستانی عێراقە، بەڵام بە شێوەیەکی بابەتیی بۆ پارچەکانی تر دەبێتە پێشەکی و یارمەتیدەر.

٤- ناوەرۆکی بڕیارەکە ئەو مافە بە زلهێزەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەدات، بۆ ڕێگاگرتن لە کارەساتی نوێ لە کوردستانی عێراقدا چەک بەکار بێنن.

## وتووێژ

وتووێژ وەک بابەت و پرنسیپ ڕەتناکرێتەوە. بەڵام کەی و چۆن و بە چ بەرنامەیەکەوە وتووێژ دەستپێبکات، ئەم لایەنەیان جێگای دید و سەرنجی لێک جوودای خەڵکە.

هەندێ لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی ئاوارەبوونی (٢) ملیۆن هاوڵاتی دەکەنە بەڵگە و بیانووی چوونە ئەو جۆرە وتووێژەوە کە ئێستا درێژەی هەیە.

دیارە مەسەلەی چارەنووسی (٢) ملیۆن مرۆڤ، بۆ هیچ جۆرە گەمەیەک ناشێ، چونکە ڕزگارکردنی (٢) ملیۆن هاوڵاتی لەگشت ئامانج و دامودەزگایەک پیرۆزترە. بەڵام ئایا مەسەلەکە وابوو؟

ئەم بیانووە هیچ مەوزوعییەتێکی تیانییە. چونکە بە ستنەوەی چارەنووسی (٢) ملیۆن کەس، بە چوونی وەفدی (بەرە) بۆ بەغدا هەڵەیەکی گەورەیە.

ئایا لەو ڕۆژەوە وتووێژ دەستپێکردووە، هۆکارە جیهانییەکانن فریای گەلی کوردستان کەوتوون یان، دەوڵەتی عێراق. ڕژێم لە جیاتی مسۆگەرکردنی خۆراک و پۆشاک و حەوانەوە بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکە، خەریکی سازدانی هەرچی زیاتر خۆکۆکردنەوە و ناردنی سوپایە بۆ کوردستان و لەوەش زیاتر، خەڵکە ئاوارەبووکە و گەلی کوردستان بە تاوانبار دەزانێ و پەیتا پەیتا بەیاننامەی «لێخۆشبوونیان» بۆ دەردەکات.

تۆفانە کۆچەکە دەبوو لە ڕووی سیاسیەوە خاڵی ئینبەخشی پزەتیڤی بەرەی کوردستانی بێ، نەک خاڵی لاواز و نەگەتیف.

هەق وابوو تۆفانە کۆچەکە نەکرێ بە زەمینەی سەرچاوە هەڵگرتنی چوونە ئەو جۆرە وتووێژەوە. بەڵکو گەڕانەوەی بێ قەید و شەرتی (٢) ملیۆن خەڵکی ئاوارە بۆ شوێن و ڕێی خۆیان و قەرەبۆکردنەوەی زیانەکانیان، بکرایایە بە دروشمێکی بە پەلەی بەرەی کوردستانیی و، ئەم

ئەرکەش بخرابایەتە ئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان، بە کردەوەش ئەو لایەنانە ئامادەیی خۆیان بۆ ئەمجۆرە کارە دەربڕی و، لە واقیعیشدا کارێکی زۆریان لەم ڕووەوە ئەنجامدا.

## ئێستا چبکەین؟

ڕەنگە باشترین کار بۆ ئەم قۆناغە و ئایندەی نزیک ئەوەبێ بەرنامەی (نەشەڕ و نە ئاشتی) بپارێزێ و، هەوڵبدرێ تەواوی کوردستان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی بەرەوە، لە هەمانکاتدا بەپێی نەخشەیەکی بڕیاردراو و بە کۆمەک و یارمەتی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی ئامادەن یارمەتیمان بدەن، کوردستان ئاوەدانبکرێتەوە:

- لانی کەمی ژیانی ئاسایی مسۆگەر بکرێ و، لە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا ئیدارەی مەدەنی بۆ شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکان هەڵبژێردرێ و بخرێتەکار.
- ئەو کارگە و فابریکانەی هەن بخرێنەوە کار.
- خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکانی (خوێندن، تەندروستی، هاتوچۆ) دابینبکرێ.
- بەپێی بەرنامە خەڵکەکە هانبدرێن و ڕوویکرێتە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و، زیندووکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵداریی و، لەم ڕووەوە داوای کۆمەک و یارمەتی لە وڵاتان بە تایبەتی لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپیی بکرێ و، ئەو داوا و پێشنیارانەی لەم دواییەدا نوێنەری بەرە لە پایتەختەکانی ئەورووپادا خستیە بەردەم لێپرسراوان بەسەربکرێنەوە و، بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە مسۆگەر بکرێ.
- دەزگایەکی پسپۆڕ لە کۆمەڵانی خەڵک بۆ سەرپەرشتی (هێنان و بردن و نرخدانان) هەڵبژێردرێ و، لق و پۆی ئەم دەزگا میللیە لەگشت شوێنێکدا پێکبێ و، ڕێگا لە دزی و گەندەڵیی و لرفلێدان بگیری کە دەستدرێژییەکی بێئەخلاقانەیە دەکرێتەر سەر ئەو خۆراک و پۆشاک و دەرمانانەی بە ڕێگە و شێوەی جۆربەجۆر دەگەنە کوردستان. چ ئەو بەشەی وەک یارمەتی و کۆمەک بۆ گەلەکەمان دەنێردرێ، یان ئەو بەشەی کە لە ڕێگەی بازرگان و قاچاخچییەوە دەگات. کۆنترۆڵکردنی ئەم مەسەلانە ئەرکێکی گرنگ و بە پەلەترین کارە ڕووبەڕووی بەرە دەبێتەوە.
- پێویستە ئاسایی کردنەوەی ژیان و سەقامگیربوونی خەڵک لە شار و گوندەکاندا نەبەستریتەوە بە وتووێژ و چوون و هاتنی نوێنەری بەرەی کوردستانییەوە بۆ بەغدا و، دەبێ خەڵک نەخرێتە تونێلی چاوەڕوانییەوە. پێویستە بەرەی کوردستانیی ئەو لایەنە ڕەسمیانەی بە بۆشایی ماونەتەوە، پرکاتەوە، بە تایبەتی وەرزی زستانی پاش ئانکارەسات و کاولکردنەکە سەختترین ڕۆژگاری گوزەران و بژیوی گەلەکەمان دەبێ، چجای بۆ کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەران کە بەشی هەرە زۆری گەلەکەمان پێکدێنن و خەڵکێکی بێدرامەتن و بێکاریش لەناویاندا تەشەنەی کردووە. ئەگەر بەم کارەدا نەگەین و هۆشیار نەبین، گەورەترین کارەسات بەسەر گەل و بزوتنەوەکەماندا دێت.
- لە بواری پێشمەرگایەتیشدا، بە تایبەتی ئێستا کە کوردستان بۆتە چڕە دارستانێکی پڕ چەک

و تەقەمەنی، تەواوی هێزی پێشمەرگە یەکبخرێ و بخرێتە ژێر کۆنترۆلی سەرکردایەتی بەرەوە.

– بایەخی تەواو بە چاپ و بلاوکردنەوە و راگەیاندن بدرێ و، رۆژنامەیەکی رۆژانەیان هەفتانە دەربکرێ و، ئەم مەیدانە ترسناکە بۆ رژێم چۆڵنەکرێ.

– پەرلەمانێکی کاتی لە نوێنەری گشت شار و شارۆچکە و ئۆردوگا زۆرەملیەکان، لە کەسایەتی پایەدار و نووسەر و ئەدیب و مامۆستایانی زانکۆ و کرێکاران و ئافرەتان و کەسایەتی ئایینی (ئیسلام و دیان) و لە نوێنەری فەرجە خەفیفەکان و لە نوێنەرانی ئاشووری و تورکمان، هەڵبژێردرێ، یان کۆمیتەی باڵای سەرکردایەتی (بەرە) بەکە سایەتی سەربەخۆی کوردستانی فراوان بکرێ، تاببێتە ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی ئێستای گەلەکەمان.

– قورسایی گەلەکەمان لە ئەورووپا ساز و رێکخرێ، بۆ گورجوگۆل کردنی ئەو هۆکارە پۆزەتیفە جیهانیانەی رەخساوە و، نەیەڵێن لەبار بچوێنرێ.

– لە جیاتی «ئۆتۆنۆمی» ئەو ئاڵترناتیڤە گەلاڵە بکرێ کە دەبوو لە گەرمەی راپەرینەکەدا هەبوایە. ئەو کاتەش لەگەڵ رژێمی ئێستادا بێ یان ئاڵترناتیڤەکەی وتووێژ رەوتێکی تری دەبێ و، ئاکامەکانیشی سەرکەوتووبن یا نە،، دەستکەوتێکی سیاسی مەزن دەبێ بۆ گەلەکەمان.

لەم پرۆسەیەشدا بەرەی کوردستانیی (ئەگەر بیەوێ) دەتوانێ لە بەرەی حیزبەکانەوە ببێتە بەرەیەکی رزگاریخوازیی میللی.

ئەمکارانەش نایەنەدی، ئەگەر بەرەی کوردستانیی کە گەورەترین هێزی سیاسیە لە گۆرەپانەکەدا، دیموکراسیی سیاسی و ئازادی رادەربرین و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن و چاپ و بلاوکردنەوە دەستەبەر نەکات. ئەگەر بەرە ئەمکارە نەکات مانای وایە گەورەترین دەستکەوتی راپەرینەکە زەوت دەکات و، ناشتوانێ ئاڵترناتیڤی ئەو بۆشاییەی ئێستای کوردستان بێ و، لە داهاتووشدا بەرامبەر هەر چ مانۆر و پەلامارێکی چاوەروانکراوی رژێم خۆی راناگرێ.

## سەرچاوە و تێبینی:

١– بۆ بەراوردکردن، بروانە یاسای ئۆتۆنۆمی سالی ١٩٧٤، پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکەی ئەم دواییەی رژێم، پرۆژەکەی بەرەی کوردستانیی.

٢– رۆژنامەی (الحیاة) کامەران قەرەداغی- رۆژی ١٩٩١/٥/٩.

٣– بۆ زیاتر سەرنجدانی ئەم بابەتە بروانە ژمارە (١٤٤)ی رۆژنامەی (بەرخۆدان) عیسمەت شەریف وانلی. بروانە کتێبی العراق في عهد قاسم. جرجیس فتح الله. لاپەرە (٨٤١).

٤– رۆژنامەی طریق الشعب ژمارە (١٣) کۆتایی ئاداری ١٩٩١ ل٧.

٥– رابوون: ژمارە (١) پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی (نموونەی عیراق)، شێخ عەلی.

٦– پاشکۆی ژمارە(٣)ی رۆژنامەی زاگرۆس (گوتاری بەرەی کوردستانیی لە کۆنفرانسە جیهانیەکەی پاریس دا).

٧– هەمان سەرچاوە.

٨– هەفتەنامەی (انباء موسکو) ژمارە (٣٦) سالی ١٩٩٠.

٩– جین کیرکپاتریک، نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. بروانە رۆژنامەی (الحیاة) ١٩٩١/٥/٩.

[ دەربارەی دەرکەوتنی یاسای ژمارە (٦٨٨)ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی کێشەی کورد ]

# لەنێوان دوو ستراتیژیەتدا

**زەینەبی شەمزینی**

** (ئەو ڕۆژەی کە کوردەکان لە خەوی غەفڵەت بێدار دەبنەوە و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو دادەڕێژن، ئیدی دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق، تەنانەت هێزی پووشکەیەکیشیان نامێنێ......)*

W.H. HAY: Two years in Kurdistan London, 1920, p. 36

ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان عێراق و کوێتدا و کشانەوەی هێزە هاوپەیمانەکان، بەقەد زەبری داگیرکردنی کوێت- خۆی، کاری کردە سەر گۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تارادەیەکیش جیاخستنەوەی بیرورا و کار و هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان لە ئاست چۆنیەتیی پیادەکردنی سیستەمی تازەی جیهانیی Nouveau Ordre Mondiale بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێک لەم گیروگرفتانەش گیروگرفتی گەلی کورد، کە بە درێژایی مانگی ئەپریل و مارسی ئەمساڵ، وەک بینیمان: سەرتۆپی گفتوگۆ و دەنگوباسە ڕۆژنامەییەکان بوو لە بەشی هەرەزۆری دەوڵەتە زلهێزەکاندا، بە تایبەتی لە فەرەنسا و ئینگلستان و ئەمریکا و ئەڵمانیادا.

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا، زۆر بە کورتی و بە پەلە ڕووناکی دەخەینەسەر نوقتە گۆڕانێکی گرنگ لە هەڵوێستی نێونەتەوەییدا، کە لە ماوەی مانگی ئەپریلی ئەمساڵدا لەهەمبەر کێشەی گەلەکەمان هاتە ئارا: دەرکەوتنی یاسای ژمارە (٦٨٨)ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی کێشەی گەلی کورد و ئەرکی دەستتێوەخستن بۆ ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێک کە (گەلێکی دیکە) دەچەوسێنێتەوە.

هەڵبەتا ئەم نوقتە گۆڕانە لە سیاسەتی نێودەوڵەتانەدا لەهەمبەر کێشەی گەلی کورد، ئەگەرچی حیزبە کوردستانییەکان نەیانتوانی سوودی لێوەربگرن، بەڵام بە فرسەت و دەسکەوتێکی مێژوویی گەورە لەقەڵەم دەدرێ بۆ ئەوەی خەباتی سیاسیمان بتوانێ لە ستراتیژیەتی ناوچەیی «عێراقەوە» بگاتە ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی نیشتمانیی.

ئەم نوقتەگۆڕانە، ئەم فرسەتە مێژووییە، بۆ بە ئینتەرناسیونالکردنی کێشەی کوردستان، هێندە گرنگ و چارەنووسانە بوو، کە جارێکی تر «لەوانەیە تا چەندان ساڵی دیکە» نەیەتەوە پێشەوە... وەک ڕووناکبیری گەورەی فەرەنسا Bernard- Henri Levy دەڵێ: (کوردەکان پێویستە دیسان

چاوەڕێ بکەنەوە تا ئەوکاتەی ڕژێمی بەغدا سەرلەنوێ بچێت یەکێک لە دەوڵەتەکانی دراوسێی خۆی داگیر بکاتەوە.(١)

## پان عەرەبیزم

بە ناوچەیی کردنی خەباتی سیاسی گەلەکەمان و بە ستنەوەی چارەنووسیانە و هەمیشەییانەی بە عێراقەوە، پەیوەندیی تەنیا بە هەڵوێستی توندی چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستانەوە نەبووە: پەیوەندیی تەنیا بەمەوە نەبووە کە ساڵەهای ساڵە پاڵەپەستۆیەکی توند لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بەسەر ناوچەکەدا هەبووە و نەیانویستووە و- لە بەرژەوەندییاندا نەبووە- کە سنووری چوار دەوڵەتەکە (بە تایبەتی تورکیا) تێکبچێت و...... هتد، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی و ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆک و پێکهاتنی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان - خۆیان و بە پێکهاتی پسیکۆلۆژیی ڕووناکبیری کورد خۆیەوە هەبووە و هەیە.

بۆرژوازیەتی کوردی، کە ئەمڕۆ لە حیزبە سیاسییە کوردستانییەکاندا خۆی دەنوێنێ: بۆرژوازیەتێکی ناسیونالیست، بە واتایەکی دیکە (نیشتمانیی/ کوردستانیی) نەبووە، بەڵکو (هەڵوێستەکانی، بە درێژایی ئەو ساڵانەی دوایی سەلماندوویانە) هەمیشە دەیەوێ خۆی بکاتە پاشکۆی بۆرژوازیەتی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا، بۆ ئەوەی بەناوی «ئۆتۆنۆمی» و «ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە» بتوانێت لەناو دامودەزگای دەوڵەتی عێراقدا جێگایەک بۆخۆی بکاتەوە. بەهەمان شێوە لە کوردستانی ئێراندا.

حیزبە کوردستانیەکان ئەمڕۆ، نەک هەر هەوڵیان بۆ دارشتنی ستراتیژیەتێکی یەکگرتووی کوردستانی نەداوە، بەڵکو ئەوان هەر خۆیان گەورەترین تەنگوچەڵەمەن لەبەردەم یەکخستنی سیاسی و کولتووری و ڕۆحیی گەلی کورددا. باشترین نموونە بۆ بەڕاست نیشاندانی ئەم هەقیقەتە، هەڵوێستی ئەم دواییەی ئەو حیزبانە بوو: لە جیاتی ئەوەی بێن سوود لە بڕیاری (٦٨٨)ی نەتەوەیەکگرتووەکان وەربگرن و خەباتی گەلی کورد بگەیەننە ئاستێکی کوردستانی و ستراتیژیەتێکی هاوبەشی کوردستانی دابمەزرێنن، هاتن پشتیان لەو فرسەتە مێژووییە کرد و کێشەی نەتەوەی کوردیان گەڕاندەوە نێو سنووری «ناوخۆی» دەوڵەتی عێراق.

هەرچۆنێ بێ، ئەمە یەکەمین جار نییە کە خەباتی ناوچەگەرییانەی عێراقچێتی= مفاوەزات هێزی «لەبن نەهاتووی» پێشمەرگەی کورد تێکدەشکێنێ و فرسەت دەبەخشێتە ڕژێم کە گیانێکی تازە، سەرلەنوێ، وەبەر خۆی بکاتەوە.

لەوە بەدبەختانەتر ئەوەیە، کە ناوەڕۆک و کاریگەریتی ئەم ئایدیۆلۆژیا سەپاوە، واتە ئایدیۆلۆژیای بە ناوچەیی کردنی خەباتی سیاسی کورد لەلایەن حیزبەکانەوە، ساڵەهای ساڵە بەسەر ئەقڵی ناناگای کۆمەڵی کوردەوارییەوە، تەنانەت بەسەر بیری بەشێکی زۆر لە نووسەر و سیاسی و ڕووناکبیرانیشی ڕەنگی داوەتەوە و کنەی کردووە، بە ڕادەیەک وەک بڵێی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەرەتای ساڵانی بیستەکاندا، کورد هیچ تۆرەمە و هەویە و بوونێکی نەبوویێ!

بەم شێوەیە، ناوچەیی بوونی خەباتی سیاسی کورد، ئەمڕۆ لە پێکهاتی بیر و ئەقڵی ناناگای «هەر تاکە کەسێکی کورد» چینەی کردووە و بە زەحمەت کراوە جیابێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر

خەباتی سیاسی کورد لە عێراقی سالانی پەنجا و شەست و حەفتاکاندا خەباتێکی ناوچەیی (لە چوارچێوەی عێراقدا) بوویێ، ئەوا ئەم ستراتیژیەتە ناوچەییە کلێشەییە، ئەم ئایدیولۆژیەتە، وەک هەستێکی نائاگای بە کۆمەڵ، وەک میراتێکی فیکریی سەپاو، وەک «تەرێتێکی پیرۆز»، تەنانەت تا ڕۆژی ئەمڕۆش، پێویست بووە کە لە بواری خەباتی سیاسیماندا هەمیشە بێنێتەوە!

تا لێرەوە، ڕۆڵی لە پێشتری ڕووناکبیرەکان دەردەکەوێ: ڕۆڵی ڕووناکبیر لەوەی کە بتوانێ «تەرێتە پیرۆزەکان»، «میراتە فیکرییە سەپاوەکان» هەڵوەشێنێتەوە و «ئەقڵی نائاگای کۆمەڵ» بێدار کاتەوە. چونکە ئەمڕۆ، ئەوەتا ئێمە لەم سەری دنیاوە تا ئەوسەری دنیا، لە ئاستانەی گۆڕانێکی جیهانیی تازەدا دەژین.

## ئەرکی دەست تێوەخستن

ئەمڕۆ لە سەرتاپای وڵاتانی دنیادا: لە یەکێتی سۆڤیەت، لە یۆگسلاڤیا، لە چین، لە فەرەنسا، لە ئینگلستان، لە مۆریتانیا، لە جەزایر، لە هیندستان... هەر لە سیک و تبتییەکانی چین و هیندستانەوە بگرە تا دەگاتە سلۆڤانییەکانی یۆگسلاڤیا و ئیرلەندییەکانی ئینگلستان و... هتد، «کەمە نەتەوایەتییەکان» و گەلە بچووکە ژێردەستەکانی ئەو دەوڵەتانە، داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەی خۆیان دەکەن. دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕای گشتیی جیهانیش، ماوەیەکی زۆرە گەیشتوونەتە ئەوەی کە داواکاریی سەربەخۆیی و مافی ئەو «کەمەنەتەوایەتی» و میللەتە ژێردەستانە، ناکرێ لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، هەمیشە هەر بە ئاگر و چەک وەڵامیان بدرێتەوە و سەرکوت بکرێنەوە: پێویستە ئامانجیان جێ بەجێ بکرێ، بۆ ئەمەش (لەهەر وڵاتێکدا بەپێی بارودۆخی ناوخۆ و نێودەوڵەتیبانەی ئەو وڵاتە) ڕێگای دیموکراسیانە و جۆراوجۆر دەگیرێتەبەر. تەنانەت گەلێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان (کە ئەوان بۆ خۆشیان هەمان گیروگرفتیان لەناو دەوڵەتەکەی خۆیاندا هەیە) هەوڵ دەدەن هەمان ڕێگا و چارەسەر (بۆ نێو خۆشیان) بگرنە بەر. بۆ نموونە: دانانی دەوڵەتی فەرەنسا لە مانگی ئەپریلی ئەمساڵدا، بە گەلی کۆرس Cors (کە گەلێکی غەیرە فەرەنسییە و ژێردەستەی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایە).

هەر لەسەر ئەم بنچینەیەشەوە، لە مانگی ئەپریلی ١٩٩١دا شەپۆلی بیرێکی سیاسی «تازە» لە ئاستە نێودەوڵەتییەکەدا، بە بۆنەی کێشەی گەلی کوردەوە هاتبووە ئارا: دەیەویست «مافی دەست تێخستن Le Devoir d' Ingerence» بۆ ناو سیاسەتی ناوخۆی هەر دەوڵەتێکی دکتاتۆر بەسەر ئەو دەوڵەتەدا فەرز بکات کە «گەلێکی دیکەی» غەیری ئەو گەلە خاوەن حوکمە دەچەوسێنێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی، لە لایەکەوە ئەو دەوڵەتە دکتاتۆرە چیتر نەتوانێ درێژە بە تەمەنی دەسەڵاتخوازانەی خۆی بدات، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی بە ئازادبوونی ڕێژیی ئەو گەلە و «بەرقەراربوونی ئاشتی» لەو ناوچەیەدا سەنگی هێزە دیموکراتەکان لە ڕەوتی پێشکەوتنی جیهاندا سەنگینتر ببێت.


ئەم پێشنیارەی (ئەرکی دەستێوەخستن)، وەک دەزانین بۆ یەکەمین جار لە ماوەی تەقینەوەی ڕاپەڕین و کارەساتەکانی ڕزمانیادا، لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٨٩دا لە ئاستێکی دیپلۆماسییانە و نێودەوڵەتیدا پێشچاو خراو بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر، پاشانیش لەسەرەتای

مانگی ئەپریلی ئەمساڵدا، بە بۆنەی بەرگریکردن لە راوەدوونان و بەدەرنانی گەلی کورد لەلایەن رژێمی عێراقەوە، سەرلەنوێ- لە ئاستی نێونەتەوەییدا- سەری هەڵدایەوە و لە کۆتاییشدا سەریگرت و لەلایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دانی پێدانرا.

ئەم نوقتەگۆڕانە لە ئاست هەڵوێستی نێودەوڵەتییانەدا لەهەمبەر کێشەی گەلی کورد، ئاشکرایەدوای وڵاتبەدەربوونی زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لەلایەن رژێمی فاشیستی عێراقەوە، لەسەرەتادا بە پێشنیار و دەستپێشخەریی دەوڵەتی فەرەنسا بوو. لە رۆژی (٤)ی ئەپریلی ١٩٩١دا، وەزیری فەرەنسا، رۆلان دووماس Rolan Dumas پێشنیارێکی سەرازا و بەشەردۆستانەی لەبارەی هەمان «ئەرکی دەست تێخستن» خستە بەرچاوی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەم بارەیەوە (واتە لەبارەی تراژیدیای گەلی کوردەوە) تەکانێک بە دەستوورەکانی خۆی بدات و لەمەودوا هەڵوێستی لەهەمبەر وەربگرێت. (٢)

ئەم پێشنیارەی رۆلان دووماس، لەسێ رۆژی یەکەمدا چ لە ناوەوەی فەرەنسا و چ لە دەرەوەی فەرەنسا، گفتوگۆ و دەمەقاڵێیەکی جۆراوجۆری زۆری نایەوە، تەنانەت لەلای گەلێک لە سیاسی و رووناکبیرەکانی فەرەنسا و ئینگلستان، بە پێشنیارێکی «خەیاڵی» و «پڕ مەترسی» و «ناریالیست» لەقەڵەم دەدرا، بەڵام پاشان لەلایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دانپێدانرا. دە دەنگ لەگەڵ بوون و سێ دەنگیش دژ بوون. (ئەو دەنگانەی لەگەڵ بوون: فەرەنسا، ئەمریکا، ئینگلستان، یەکێتی سۆڤیەت... هتد، ئەو دەنگانەی دژ بوون: کووبا، یەمەن، زمبابوی، هەروەها چین و هیندیش هیچ دەنگیان نەدا). (٣)

ئەم بەندە تازەیە، کە لە بەرنامەی دەستوورەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ژمارە




L'INVITÉ DU DIMANCHE

(٦٨٨)ی درایە، لەشەوی هەینی- شەمەی ٦/٥-٤-١٩٩١دا راگەیەندرا و بۆ وەتەنگەوەهاتنی گەلی کورد تەرخان کرا. بەم پێیە نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەمان رۆژدا رژێمی فاشیستی عێراقی لەهەمبەر تاوانەکانی بەرامبەر گەلی کورد، تاوانبار کرد.

بەم شێوەیە، دەوڵەتی فەرەنسا، دوای داهێنانی ئەم چەمکەی «ئەرکی دەستێخستن» لە بواری مافە نێونەتەوەییەکاندا، بەپێی قسەی (رۆلان دوماس) نیازی وابوو کە هەوڵ بدات «چەند پێشنیارێکیش» بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد بخاتە بەردەم رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.(٤)

جێگای سەرنجە، یەکەمین نیشانە سیاسییەکانی بە راست پیادەکردنی ئەم بریارنامەیەی (٦٨٨)، لە رۆژی (٨)ی ئەپریلی ١٩٩١دا، لە سەفەرەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جێمس بێکەر) بۆ تورکیا، وەدیارکەوت. چونکە بەپێی رۆژنامەیەکی لەندەنی Sunday Time، دەوڵەتی ئەمریکا نیازی وابووە «زۆنێکی ئاسایش» بۆ کوردەکانی کوردستانی عێراق لە باکووری عێراقدا دروست بکات. بۆ بەرقەرارکردنی ئەم پرۆژەیەش، پشت بە یاسای (٦٨٨)ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبەستریت، واتە ئەم زۆنە ئاسایشە لەژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەبێت، هەر کاتێکیش ئەگەر سەدام حوسێن چەک و هێزیان بەرامبەر بەکاربهێنێ ئەوا بە توندییەوە سزای دەدرێت.(٥) هەمان هەواڵ لە رۆژنامەی Le Mondeی فەرەنسیشدا دووپات کرایەوە.(٦)

## دوڕیـــان

ئێمە کاتێ خەون بە نەتەوەیی کردنی ستراتیژیەتی حیزبە کوردستانییەکانەوە دەبینین، ئاشکرایە ئەم خەون بینینەمان پەیوەندی تەنیا بە هاوڕەگەزی و هاوزمانی و هاوکولتووریی نەتەوەکەمانەوە نییە، هەروەها هۆیەکەی تەنیا ئەوە نییە کە ستراتیژیەتی ناوچەیی/عێراقی یان ئێرانی و تاکو ئێستا- لە مالوێرانی و ئاشبەتاڵی زیاتر- نەیتوانیوە و ناشتوانێ هیچ بە هیچ بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم خەونە پێویستییە، پەیوەندییەکی ئۆرگانی و پتەوی بەو سیستەمە تازەیەی سیاسەتی نێودەوڵەتانەی ئەمرۆشەوە هەیە: ئەمرۆ دارشتنی ستراتیژیەتێکی هاوبەشی کوردستانی لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە، قووڵتر و فرەوانتر لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتانەی تازەی دەوڵەتە زلهێزەکاندا دەگونجێت.

دەوڵەتە زلهێزەکان، تاکو ئەمرۆ بە هیچ شێوەیەک پشتگیریی بزوتنەوەی ناوچەییانەی «ئۆتۆنۆمیخوازی» گەلی کوردیان لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا نەکردووە (ئاشکرایە هەرگیز ناشیکەن!) چونکە گەلی کورد ئەگەر «ئۆتۆنۆمی» (لە چوارچێوەی عێراق یان لە ئێران یان لە تورکیا و سوریا) وەدەست بهێنێت یان نەهێنێت، ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە نابێ و نییە: هیچ دەسکەوت و قازانجێکیان پێ ناگەیەنێ. ئۆتۆنۆمی وەرگرتنی کورد، نە ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکان بەهێز دەکا، نە جموجۆڵی بازرگانی و

بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتی و سیاسییەکانیشیان وەپێشتر دەخا. هەروەها نە هیچ دکتاتۆرێکیشیان لە «رۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا بۆ لەکۆڵ دەکاتەوە... هیچ، هیچیان بۆناکا. هەر بۆیەش ئەو دەوڵەتە زلهێزە سەرمایەدارانە، «تاکو مانگی ئەپریل» وازیان لە کێشەی کورد هێنابوو، دەیانگوت: «ئەمە کێشەی ناوخۆی دەوڵەتێکە»، «هیچ دەوڵەتێکیش بۆی نییە دەستبخاتە ناو کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێکی دیکەوە».

کەواتە ئاشکرایە، خەباتی ناوچەگەریی «عێراقی» یان «ئێرانی»، هەروەها داخوازیکردنی «ئۆتۆنۆمی» هەتا هەتایە، کارتێکی سستۆک و مردووە بەدەست سیاسەتی کوردانەوە. بە ناوچەیی کردنی خەباتی نەتەوەکەشمان، واتە: (لەلایەکەوە) دۆڕاندنی بوونی نەتەوەیی و سیاسی خۆمان، (لەلایەکی دیکەشەوە) دۆڕاندنی پشتگیریی نێودەوڵەتانەی زلهێزەکان.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ (هێزێک) بین و حسێبمان بۆ بکرێ، پێویستە لەسەرەتادا (بوونێک) بین، بۆ ئەوەی بشتوانین بوونێک بین، پێویستە خۆمان لە هێزەکانی تر (عەرەب و تورک و فارس) جیا بکەینەوە... بەرەو پێکەوەنان و خۆ فەرزکردنی قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بە بوونی یەکگرتووی خۆمان هەنگاو بنێین.

بەپێی لۆژیکی سیاسی نێودەوڵەتانەی ئەمڕۆ، وا دەردەکەوێ کە: نەتەوەی کورد هەرگیز ناتوانێ بوون و قەوارەی سیاسی خۆی فەرز بکات، تەنیا ئەگەر ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بە ناوی هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە پێک تەهێنێت. بەڵێ، تەنیا لەو کاتەدایە کە مەسەلەی دامەزراندنی (دەوڵەتێکی کوردی) دەبێتە «مەسەلەیەک» و «مەترسییەک» لە ناوچەکەدا .

لە سەرەتای مانگی ئەپریلی ئەمساڵ، بۆ یەکەمین جار لە مێژوویی هاوچەرخی خەباتی نەتەوەییماندا، لافاوی خوێن و ڕووباری فرمێسکەکانمان سنوورەکانی «ناوخۆی دەوڵەتی عێراقی» شکاند و بەشێوەیەکی توند و بەزەبر (بەبێ رۆڵ هەبوونی هیچ حیزبێکی کوردی عێراقچی) هەڕەشەی لە سنوورە «نێو دەوڵەتییەکانی» دەوڵەتەکانی دیکەش کرد: لە ئاکامدا ویژدانی سەرتاسەری جیهانی ڕاچڵەکاندا و لە کۆتاییشدا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی «بێدار» کردەوە.

بڕیارنامەی ژمارە (٦٨٨) لەهەمبەر کێشەی گەلی کورد، کە لە مێژوویی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە مێژوویی دەوڵەتەکانی رۆژئاوادا شتێکی یەکەمین جار و بێ هاوتا بوو، ئەگەرچی مافی ئەوەی نەبوو کە کێشەی گەلی کورد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چارەسەر بکات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەبواری خەباتی دیپلۆماسییانەی فەرەنسیدا و (هەروەها لەبواری خەباتی دیپلۆماسییانەی دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوادا) بە پێشکەوتنێک لە قەڵەم دەدرا.(٧)

هەڵبەتا پێویست وابوو کە لەو کاتەدا حیزبە کوردستانییەکانیش دەستوبرد، بە چاوێکی دووربین و وردەوە بە سیاسەتی خۆیاندا چووبانەوە و کەڵکیان لە بوعدە جۆراوجۆرە سوودبەخشەکانی ئەو نوقتەگۆڕانە سیاسی- مێژووییەی دەوڵەتە زلهێزەکان وەربگرتبایە: ستراتیژیەتێکی تازەی یەکگرتوویان- بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییە دیپلۆماسییە تازەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوادا- دابڕشتایە.

ئێمە بە پێچەوانەی ئەمەوە، بە داخەوە بینیمان: بەرەی کوردستانی (لەکاتێکدا ٩٠٪ی کوردستانی عێراق لەلایەن جەماوەری کوردەوە ئازاد کرابوو!) هەمیشە سیاسەتی خۆی گرێ

دەدایەوە بە ستراتیژیەتی کلێشەییانەی حیزبە عێراقییە شیعی و شیوعی و ناسری و ئیسلامییەکانەوە، لە ئاکامیشدا دیسانەوە بەرەو «پان عەرەبیزم»: بەرەو کڕنۆش بردنی پڕ لە زەبوونی و ناعەقلانیەت بۆ سەدام حوسێنی «پاڵەوانی عارەبان».

هەرچۆنێک بێ، ئەمڕۆ (چەندەمین جارە) ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی مێژووی سیاسیمان، بۆمان دووپات دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ، کە: بە ناوچەیی کردنی خەباتی نەتەوەکەمان، هەمیشە ملمان بەرەو ڕژێمە دکتاتۆرەکەی «ئەو ناوچەیە» پێ شۆڕ دەکات: مفاوەزات! لە ئاکامیشدا هەرەس و ئاشبەتاڵی!

کەواتە ئەمڕۆ، شکاندن و وازهێنان لە ستراتیژیەتی لۆکاڵ (ناوچەیی)، هەروەها گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی هاوبەشی کوردستانیی و سەربەخۆخواز، تاقە ڕێگا و تاقە مەفەڕێکە بۆ ڕزگاربوون لە مەترسیی خۆگرێدانەوە بە ڕژێمی فاشیستی عێراقەوە.

## لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە

هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامە فەرەنسییەکان، هەروەها ئەو چاوپێکەوتنە جۆراوجۆرانەی کە لەگەڵ سەرکردەی حیزبە کوردستانییەکان سازیان کردوون، ئاشکرای دەکەن کە گەلی کورد پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو تراژیدییە هەژێنەی (سەر سنوورەکان) ببێتەوە، سەرکردەی حیزبەکانی (بەرەی کوردستانی) لە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/١٧ بەولاوە، چالاکییە سەربازییەکانی خۆیان دژ بە ڕژێمی عێراق ڕاگرتبوو. ئەمەش بۆ (بەرەی کوردستانی) هەڵوێستێکی «بێ دەنگ» و «هەڵپەرستانە»ی دەنواند لە ئاست دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوادا.

سەرکردەکانی (بەرەی کوردستانی) لە دەمەدەمی هاتنی هاوپەیمانەکاندا، چەکیان بە پێشمەرگەکان دانابوو و لە کۆنفرانسی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا و لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەییەکاندا «هێرشیان دەبردە سەر» ئەمریکا لەوەی کە ئەگەر بێت هێزەکانی خۆی لە سعودیە ڕابخات بۆ ئەوەی کوێت ڕزگار بکات: ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو حیزبە کوردستانییانە (لە حیزبی بەعس دڵسۆزانەتر) بیریان لە پاراستنی «یەکێتی عێراق» و «داهاتووی عێراق» دەکردەوە و بەدڵیان خۆش نەدەهات کە «هێزێکی بێگانە» «لە ناوچەکەماندا» هەبێت!

ئەم بەرگرێکردنە لە «یەکێتی عێراق» هەروەها نادریاری و سەرلێشواویی هەڵوێستی (بەرەی کوردستان) بۆ هەڵبژاردنی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا، لە ماوەی تەنگوچەڵەمەی داگیرکردنی کوێتدا درێژەی کێشا، تا ڕۆژی ئازادیکردنی کوێت لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە و تا ئەو ڕۆژەی کە ئیتر گەلی کورد- بێ ئەوەی چیتر چاوەڕێی بەرەی کوردستان بکات- خۆی هەڵسایە سەرپێ و ڕاپەڕی. تەنانەت لەو دەمەشدا هەر، وەکو وتمان لە کاتێکدا سێ چارەگی شارەکانی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردەوە ئازادکرابوون، کەچی (بەرەی کوردستان) دیسانەوە و هەمیشە خۆی دەخستەوە ژێر کێفی حیزبە عێراقییەکان و بە تایبەتیش حیزبە عێراقییە ئیسلامییەکان «ئەو حیزبە ئیسلامییانەی کە تەنانەت لە کۆنفرانسە ڕەسمییە هەرە عێراقی و گرنگەکانیشدا، لەبەردەم حیزبە کوردستانیەکانیشدا، لە کاتی خوتبەدانی خۆیان لەبیریان دەکرد تەنانەت بە وشەیەکیش چییە ناوی گەلی کورد لەو کۆنفرانسە عێراقیانەدا بهێنن... دوای تەواوبوونی خوتبەکانیشیان

پێدەکەنین و داوای لێبوردنیان لە سەرکردە کوردە عێراقییەکان دەکرد».(٨)

ئەمڕۆ، ئەوەتا بۆ هەموو لایەکمان ساغ بۆتەوە کە هاوسەنگەربوون و پەیمان بەستن لەگەڵ هەر یەکێک لەو حیزبە عەرەبی و ئیسلامییە عێراقییانە، لەلایەک لەبەر پاڵەپەستۆی بیری پان عەرەبیزم و پان ئیسلامیزمی ئەم حیزبانە و لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر پاڵەپەستۆی هێزە دەسەڵاتخوازەکانی دەرەوە (ئێران و سووریا) کە لەگەڵ هێزە عەرەبی و ئیسلامییەکانی ناوەوەی عێراق هاوپەیمانن، بە هیچ شێوەیەک گەرەنتی ناداتە سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

ڕووناکبیری فەرەنسی، پرۆفیسۆری (مافە نێونەتەوەییەکان) لە زانکۆی پاریسی دەیەم (برێژیت ستێرن Brigitte Stern لەبارەی بڕیارنامەکەی (٦٨٨)ی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، دەبێژێت:

«ئیمڕۆ کێشەی کوردستان، بەپێی ئەم بڕیارنامەیە، بوو بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، کەواتە بەپێی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان، هەر کاتێک ئەگەر مەترسییەک هەڕەشە لە ئاشتیی ئەو مەڵبەندە بکات، بەکارهێنانی هێز بە شتێکی ڕوا دەزانرێت»(٩) واتە «ئەم مافە تازەیە، دەوڵەتەکان دەخاتە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە».(١٠)

بەم شێوەیە، بەپێی ناوەڕۆکی بڕیارنامەی (٦٨٨)،ئەگەر لەگۆشەنیگای یاسای نێودەوڵەتییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دەبینین: بەکوردستانی کردنی خەباتەکەمان، واتە دارشتنی ستراتیژیەتێکی هاوبەشی کوردستانی لەلایەن حیزبەکانی هەر چوار پارچەکەوە، کێشەی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی وڕاستەوخۆ، لە ئاستە ناوچەییەکەوە دەگوازێتەوە ئاستێکی یاسایی- نێودەوڵەتان.

مانای وایە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر حیزبەکانی هەموو کوردستان، تراژیدیای گەلی کورد و، کێشەی کوردستانیان، وەکو کێشەی یەک نەتەوە، وەکو کێشەی یەک وڵات، بخستبایە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتانەوە، کە ئەو کێشەیەش ئەمڕۆ لە لایەن چوار دەوڵەتی ناوچەکەوە هەڕەشەی لێدەکرێ، ئەوا لەو کاتەدا لە ڕووی مافی نێودەوڵەتییەوە، بڕیارنامەی (٦٨٨) هەر هیچ نەبوایە چەند هەنگاوێکی دیکە «دەچووە پێشترەوە».

## ستراتیژیەتێکی نیشتمانیی

جەنگی دەساڵەی دوو ڕژێمە دکتاتۆرەکەی عێراق و ئێران، کوودەتا خوێناوییەکەی دەوڵەتی تورکیای ساڵی (١٩٨٠)، هەروەها کارەساتە هەژێنەکانی ئەم دواییەش، ئەمڕۆ بە تەواوی ئەو پێشبینییە ساویلکانە و فریودەرەی لەلامان بەدرۆخستەوە کە عێراق یان ئێران یان تورکیا یان سووریا، بە ڕاستی وڵاتی ئێمە، وڵاتی (کورد) بن! ئەو دەوڵەتانە، ئەمڕۆ مافی نەتەوایەتی (جنسیەیان) لە سەرجەمی نەسڵێک سەندۆتەوە: ئەو نەسڵە ئاوارەیە، ئەمڕۆ لە دوورەوڵاتی و دەربەدەریدا ژیان بەسەر دەبات، هەروەها مافی مانەوەی تەنانەت نیوەی زیاتری گەلەکەشمانیان- لە عێراق قەدەغە کردووە!

ئومێدی ئەوە دەخوازین کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و نیوە سیاسییە کوردستانییەکان دەنگ و توانا و ئەقڵی خۆیان یەکانگیری یەکتر بکەنەوە، لە ئاکامیشدا بەری دار و بەرهەمیان،

بوونیان لە مەیدانی تێکۆشاندا (لە شێوەی ستراتیژیەتێکی کوردستانیی سەربەخۆدا) ببێتە قورساییەک و تەرازووی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بێنێتە خوارەوە.

ئەمڕۆ، لەم ئاستانە تازەیەدا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بە ڕاستی هەنگاوی پراتیکانە بنرێت بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتێکی هاوبەشی نیشتمانیی. کە دەڵێین «نیشتمان»، بە واتای «کوردستان»، نەک بە واتای دیسانەوە خۆبەستنەوە بە «یەکێتی عێراق» و «ئاڵای پیرۆزی عێراقەوە».

نیشتمان بوونی عێراق، تەنیا لەبیری ئەو نەسلە پیر و پەککەوتەیەدا بوونی هەیە کە لە ساڵانی ژەنگاویی بیست و سییەکاندا لەدایک بوون و (بە بینین و سیاسەتی تەقلیدیانەی ساڵانی (٥٨) پەروەردەکروان.) نەسلی تازەی ئەمڕۆ، نەسلێکی بێ وڵات و ئاوارەیە: وەک نەتەوەکەی خۆی (سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیشیدا دەژی)...!

پاریس
١٩٩١/٤/٩ - ١٩٩١/٧/١١

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

1- Le Mond, Merdî, 9 avril - 1991, P. 2.

2- Le Quetidien de Paris, Vendredî, 5 avril - 1991, (Kurdes: Le Naufage).

3- Liberation, Journal, 8 avril - 1991, P. 2.

4- Le Quetidien de Paris, 5 avril - 1991. (paris: Le Devoir d Ingerence), P. 15.

5- Le Figaro, 8 avril - 1991, P.4 - (L aide aux Kurdes tombe du ciel).

6- Le Monde, Mard. 9 avril - 1991, P. 1 et 4.

لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی پاریسیدا ئاماژەی ئەوە کراوە کە ئەمریکا و تورکیا، پێکەوە ئەم پرۆژەیە جێ بەجێدەکەن.

7- Serge July: Le Deoit de Regard, in (Liberation), Journal, 8 avril 1991, P. 3.

٨- ئەم ڕووداوە لە یەکێک لە کۆنفرانسە عێراقییەکاندا لە شاری بەیروت ڕووی دابوو. یەکێک لە سەرکردە کوردەکان، ئەم ڕووداوەی، لە مانگی ئەپریلی ١٩٩١دا، لە کۆنفرانسێکی کوردان لە شاری پاریس گێڕایەوە.

9- Liberation, Vendr. 5 avril - 1991, PP. 4-5

١٠- هەمان سەرچاوەی ژمارەی (٧)، هەمان لاپەرە.

١١- کاریکاتۆری یەکەم لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Journal du Dimanche, 7 avril- 1991.

# دوازده نەفرەتی کۆلۆنییالیزم لە کوردستاندا

کەمال میراودەلی

ئەم باسەی خوارەوە لە ئەسڵدا بە زمانی ئینگلیزی نووسیومە و لە کۆنفرانسی لۆزان سەبارەت بە کوردستان لە رۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٩٠دا پێشکەش کراوە. دیارە بە پلەی یەکەم بۆ خەڵکێکی بێگانە نووسراوە.

گەلی کورد کۆمەڵەیەکی نژادیی پێکەوە گونجاوە و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر گۆتی و میدی و کاردۆخییەکان.. لە کاتی بەرێ- وە لە خاکی خۆیان (کوردستان) لە رۆژهەڵاتی نێوەندا ژیاون. کوردستان مانای وڵاتی کوردە. ئەم کوردستانە بێشکەی یەکەمین شارستانییەتی مرۆڤایەتی بووە. یەکەمین شۆرشی کشتوکاڵی (گواستنەوە لە قۆناغی راوەوە بۆ قۆناغی جێ نیشتەبوونی گوندی) لەم ناوچەیەدا روویداوە. هەروەها شاری (هەولێر)ی کورد بە کۆنترین شاری دنیا دەژمێردرێ کە هەمیشە بە ئاوەدانی ماوەتەوە.

کورد بەوە ناسراوە زۆر هۆگری خاک و نیشتمانەکەیتی، پێوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بەهێز لەنێوانیان دا هەیە. ئەوان حەز ناکەن گەر بۆ ماوەیەکی زۆر کەمیش بێت زێد و هەواری خۆیان بەجێ بهێڵن ئەگەرچی تەمایەکی زۆریشیان بخرێتە بەردەم. بەڵام بەداخەوە، واقیعی سیاسەتی جیهانی لەم دەیەیەی دوایی دا بارێکی تازەی هێنایە پێشەوە و وای کرد پەرەوازە (دایسپۆرا)یەکی کوردی بێ وێنە روویدا، کە مێژووی کورد پێشتر بە خۆیەوە نەدیوە. ئێستا نزیکەی ٢٥٠ هەزار کوردی خوارووی کوردستان لە ئاوارەییدا لە ئێران و تورکیا و پاکستان و ئەوروپا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤی و ئەمریکا و کەنەدادا دەژین. نزیکەی نیو ملیۆن کوردی سەرووی کوردستانیش بە دوای کارو ژیاندا بۆ ئەورووپا کۆچیان کردوە و بەشی هەرە زۆریان لە ئەڵمانیادا جێ نیشتەبوون.

تا جەنگی یەکەمی جیهان کوردستان لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلیدا دابەش بوو. ئەوسا کورد میرنشینی نیمچە سەربەخۆ، ئابوورییەکی بەشی خۆدابینکەر و کۆمەڵگای مالأت بەخێوکەر و زرعاتکار و میراتێکی کولتووری دەوڵەمەنی هەبوون.. بزوتنەوەی کورد بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووی ئازاد لە سەدەی نۆزدەدا لەتەک بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی تر دەستی پێکرد.

دوای شەری یەکەمی جیهان بەریتانیا و فەرەنسا ناوچەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانلیبیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و ژمارەیەک دەوڵەتی نەتەوەییان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دروست کرد

بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی و ستراتیژی درێژ خایەنی خۆیان. گەلی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی کە پەیماننارەکان لە پەیمانی سیڤەری ۱۹۲۰ و بەریتانیا لە ساڵی ۱۹۲۲دا بەڵێنیان پێ دابوو بێ بەش کران. بەم جۆرە ناوچە کورد نشینەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بێگانەوە و نەتەوەی کورد بە چەند سنوورێکی زۆرەملێ کە نە نەژادین نە مێژوویی و سروشتین، پارچە پارچە کران. لە ساڵی ۱۹۱۹ تا ساڵی ۱۹٤٦ بەریتانیا راستەوخۆ بەشداری دەکرد لە دامرکاندنەوەی راپەرینەکانی گەلی کورد دژی حوکمی زۆربەی عەرەب و بە زۆربەستنەوەی بە عێراقەوە. حکومەتی کوردی شێخ مەحموود لەنێو بردرا، خوارووی کوردستان بە زۆر بە عێراقەوە لکێندرا. دەوڵەتی شۆڤێنیزمی تورک بە یارمەتی رۆژئاوا سەرووی کوردستانی داگیر کرد، بەشێکی کوردستان خرایە سەر سوریا و بەشێکیش بە داگیرکراوی لەنێو ئێراندا مایەوە. بەم جۆرە نەتەوەی کورد بوو بە نەتەوەی پارچەپارچەکراوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڤێنیزمی سێ نەتەوەی زۆربەوە. لەگەڵ ئەم داگیرکردن و دابەشکردنەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد لە دەرفەتی پەرەسندن و پێشکەوتن کە خاکە بە نەوت دەوڵەمەندەکەی بۆی فەراهەم کردبوو، بێ بەری کرا. گەلی کورد لە خاکە شاخاوییەکەی خۆیدا بە نیمچە خودموختاری مایەوە و توانی بەرەنگاری هەموو سیاسەتێکی ژێر دەستەکردن و توانەوە و کۆلۆنیالی کرد بیبێتەوە، هەویەتی مێژوویی و کولتووری لە مێژینە و جیاوازی کورد. سەختی شاخەکانییان و ترادیسیۆنی بەرگری چەکداری زۆر کۆن و رقبوونەوە لە دەسەڵاتی بێگانە و جەنگاوەری و هەستێکی بەهێزی ئازادی پەرستی: هێزێکی خۆیی مەزنیان بە کورد بەخشی و بۆیان لواند وەک گروپەیەکی نەتەوەیی کولتووری پێکەوەگونجاو بمێننەوە وبەرهەڵستی شاڵاوی کۆلۆنیالیانەی هێزە دوورو نزیکەکان بکات.

بەڵام هێزی کولتووری و مێژوویی و بەهرەو رەوشی جەنگاوەرێتی ناتوانێ ببێتە هاوشانی چەکی وێرانکەری ئەم سەردەمە و هێزی پێکەوە هاوکاری چوار دەوڵەتەکە کە ئەوانیش لە رێی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیەوە هاوپەیمانییەتیان لەگەڵ زلهێزەکان و زۆربەی وڵاتانی دنیادا هەیە. ئەمە وای کردووە نەتەوەی کورد لە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جەربەزە و رەنجدەری بەهێزەوە، کە بە شوناسنامەی کولتووری کۆن و میواندارێتی ناسراون، ببن بە نەتەوەیەکی ژێردەست و دابەشکراو و بێ هێز و بێ دۆست و پشتیوان. هەر بەم چەشنە مێژووی کوردیش وای بۆ بردرا ببێ بە مێژووی زنجیرەی نەپساوی تراژیدیای وێرانکردن و قەلاچۆکردن.

کەوایە: خاڵی سەرەتا بۆ تێگەیشتنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوە مێژووییەکە و دوورییە جیۆپۆلیتیکییەکەی دا: دابەشکردنی ناڕەوای کوردستانە دوای شەری یەکەمی جیهان. ئەم دابەشکردنە بوو کە (مەسەلەی کورد)ی لە خۆرهەڵاتی نێوەندا تراژیدیای کوردی دروست کرد. تراژیدیایەک کە بەشێوەیەکی جوغزی رێک هەمیشە دووبارە دەبێتەوە، هەمیشە لە خەراپەوە بۆ خەراپتر دەروا و بەبێ چارەسەری ماوەتەوە.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا فەسڵێکی دیکەی ئەم تراژیدیایەمان بینی: جینۆساید لە کوردستاندا و ئاوارەکردن و دەربەدەرکردنی کورد. بۆیە گرنگە لێرەدا مەودای ئەوە نەدەین مەسەلەی پەنابەرانی کورد لە مەسەلەی کورد جیا بکرێتەوە.

لەم باسەدا مەبستم نییە بچمە ناو درشت و وردی لێکدانەوە مێژووییەکانەوە. تەنیا مەبەستمە قورسایی بخەمە سەر ئەو نەفرەت و زیانە مێژوویە جیۆپۆلیتیکییە گەورانە کە دابەشکردنی

ئیمپریالیانەی کوردەستان، تووشی گەلی کوردی کردن. ئەگەر تەبیعەتی سەخت و تووشی چیاکانی کوردستان نەبایە، گەلی کورد نەیدەتوانی بەرەنگاری ئاکامە جوگرافی و کولتووری و سەربازی و سیاسییەکانی ئەو لێکداپڕینە بێ.

لە خوارەوەدا هەوڵ دەدەم ئەو زیان و نەفرەتە مێژووییانە لە دوازدە خاڵدا کۆبکەمەوە.

یەکەم: بە هۆی دابەشکردن و کۆلۆنیالیکردنی کوردستانەوە نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی بێ بەشکرا و مافی بڕیاردانی چارەنووسی لێ زەوتکرا.

دووەم: یەکێتی جوگرافی کوردستان بە شێوەیەکی ناسروشتی و ئالۆزیکی تێکدرا، سنووری دەستکرد سەپێندرا، نەشونماکردنی یەک بازاری نەتەوەیی کورد ڕێی لێگیرا و سەرکوت کرا. پرۆسەی پەرەسەندن وگەشەکردنی ئابووری وکولتووری وەستێندرا وهۆیەکانی هاندانی قەدەغە کران.

سێیەم: نەتەوەی هاونەژاد و زمان و هاوکولتوور و هاونیشتمانی کورد، بەزۆر دابەشکرا و کرایە گرۆی کەمینی لەچوار وڵاتدا. کە زۆربەی نەتەوەی ناحەز بە کورد حوکمی دەکا. لەبەر ئەوە تەنانەت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتی ناکوردیشدا، دەرفەتی کورد بۆ بەشداری لە پرۆسەی فراوانی سیاسی دا تەسک کرایەوە. ئەم تەسکبوونەوەیە بە هۆی سیاسەت و ئایدیولۆژی ڕەگەزپەرستانەوە زیاتر و زیاتر کرا.

چوارەم: دروست بوون و پتەوکردنی حکومەتی نەتەوەکانی سەردەست لە لایەن و بە پاڵپشتی ئیمپریالیستی ڕۆژئاواییەوە ئەنجام دران. بەم جۆرە سەرەتایەکی مێژوویی و هەلومەرجی جیوستراتیژی بۆ پاراستن و بەهێزکردنی هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتە شۆڤینیستەکان و دەوڵەتانی خۆرئاوا فەرراهەم بوون. زۆر پەیمان وەک:(سەعدئاباد و سەنتۆ) و ڕێککەوتنی دووقۆڵی بازرگانی و سیاسی و ئابووری و سەربازی ئیمزا کراون کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دژی بزوتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد بوون.

پێنجەم: لەگەڵ پەیدابوونی بۆرژوایەکی نەتەوەیی مشەخۆر بە هاوپەیمانیەتی و پشتبەستن بەسەرمایەدارێتی خۆرئاوا، نەتەوەی زۆربەی سەردەست، زیاتر و زیاتر سیاسەتی کۆلۆنیالیستانە و ڕەگەز ناحەزانەی دژی گەلی کورد بەکار برد. سامانی کوردستانی، بە تایبەتی داهاتی سەرچاوە نەوتییە دەوڵەمەندەکان، بۆ ئەم مەبەستە بەکارخران. سوپای مۆدێرن و چەکدار و ڕاهێنراو دروستکران. کوشندەترین چەکی نوێ بۆ سەرکوتکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و کزیلەکردنی گەلی کورد بەکارهێندراون و دەهێندرێن. سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە بۆ توانەوەی گەلی کورد و گۆڕینی باری نەژادی کوردستان لە ڕێگای چۆڵکردن و گواستنەوەی بەزۆر و قەڵاچۆکردن، بێ سڵکردنەوە خراونە کار.

شەشەم: وێناندن و ناساندنی گەلی کورد بە جەماوەرانی گەلانی سەردەست وەک دوژمنێکی ناوخۆیی خەتەرناک کە دەبێ لەناوببردرێ، یان وەک چەند تیرەو خێڵێکی دواکەوتوو کە دەبێ بتوێندرێنەوە، بۆتە مەبەستێکی ئایدیۆلۆژی سەرەکی کە حوکمڕانە دیکتاتۆرییەکان بۆ بەکارخستنی سیاسەتی جیاوازینانەوە و حوکمکردن بەکاری دەهێنن.

شۆڤینیستە حکوم بەدەستەکان تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە ئەقلیەتی خۆ بەزلزانین لای نەتەوەی زۆربە و نەهێشتنی بوونی هیچ جۆرە سۆز و هاودەنگییەک لەگەڵ گەلی کورد ئەنجام بدەن. ئەوان ڕێگەی ئەوەیان نەداوەو نادەن کە منداڵانی عەرەب، تورک یان فارس ئەوە بزانن کە نەتەوەیەکی

تر لەگەڵیاندا دەژی، کە کورد خاوەنی زمان و مێژووی خۆیەتی... هتد. تەنانەت هیچ باسێکی دەوری کورد لە مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناخوێندرێ. بە پێچەوانەی ئەمەوە، زمان و کولتووری کورد لەژێر هێرشی بەردەوامی داپلۆسین و تواندنەوە دایە.هەوڵ و تەقەلای کورد خۆشی بۆژیاندنەوە وگەشەپێکردنی کولتوور وهەویەتی نەتەوەی خۆی بەرەنگاری دەکرێ وسزادەدرێ.

تەنانەت مارکسیست و گروپە (چەپڕەوکانیش) نەیانتوانیوە دان بە مافی نەتەوەی کورددا بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی کۆلۆنیالی بنێن. خۆدپەسەندی و خۆ بە زلزانین و ئامۆژگاری کردنی مامۆستایانە و نەزانین و گەوجێتیی و خۆگێلکردن دەربارەی ڕەوایی و هەقانیەتی مەسەلەی ڕزگاریخوازی کورد، هەڵوێستی نموونەیی ئەو جۆرە چەپخوازانەیە. هەموو ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی بەهێزکردنی دەور و دەسەڵاتی بۆرژوازیەتی نەتەوەیی و شۆڤێنی و باوبوون و خۆسەپاندنی بیروبۆچوون و بایەخەکانی لەناو تەواوی کۆمەڵگادا. لەبەر ئەوە خەباتی دیموکراتی لەسەر بنچینەی هاو پەیمانی چینایەتی، بێ بەرچاوگرتنی جیاوازیبەتی باری کورد و مافی نەتەوەیی بڕیاردانی چارەنووس، بە شێوەیەکی تراژیدیانە فەشەلی هێناوە و ئەو (چەپانە) زۆرجار خۆیان بوونەتە ئامرازی بورژوازیەتی شۆڤێنی بۆ داپلۆسینی گەلی کورد و تەنانەت خۆشیان بوونەتە قوربانی ئەو سیاسەتە ناشی و چەوت و کوێرانەی خۆیان (نموونەی نزیکی ئەمە سیاسەتی حیزبی شیوعی عێراق و تودەی ئێرانە).

حەوتەم: مادام چەوساندنەوەی گەلی کورد و تێبەرکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی سیاسەتی سەرەکی و هاوبەشی هەموو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە و دیکتاتۆریەکانی دەوڵەتەکانی زۆربەیە، مادام هەموویان لە بەرژەوەندی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستاندا بەشدارن، شتێکی لۆژیکی و سروشتییە کە لەم چوارچێوەیەدا ستراتیژیەتێکی هاوکاری و پیلان نانەوە دژی کورد بەیەکەوە ڕێک بخەن و پیادە بکەن. بۆیە هەر کاتێ بزوتنەوەی کورد نشونەمای کردبێ یان مەترسی بۆ هەر یەک لەو ڕژێمانە نابێتەوە، هاوکاری ئاشکرا یان بەدزی لە نێوان ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا بۆ بەرگریی خەباتی کورد پیادە کراوە.

هەشتەم: دابەشکردنی کوردستان گەلی کوردی وەک نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو و حوکمکراو و دەوردراو بە ڕژێمی داگیرکەر خستە گێژێ. لە لایەکی دیکەشەوە، کوردستان بێ دەروازە بۆ دەریا مایەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕووی جیوپۆلیتیکییەوە، بوو بە کارێکی زۆر دژوار بۆ بزوتنەوەی کورد کە خەباتی خۆی درێژە پێ بدا بەبێ ئەوەی هەر نەبێ یەکێ لەو ڕژێمە کۆلۆنیالیانە (محاید) بکا. بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەکی بە دنیای دەرەوە هەبێ و هەر نەبێ لەکاتی تەنگانەدا یارمەتی ئینسانی پێ بگا. ئەم حاڵەش وایکرد لە سەرکردایەتیەکانی بزوتنەوەی کورد کە (ستراتیژیەتێک) بەکار بهێنن بریتی بێ لە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان ڕژێمە داگیرکەرەکان و پشت بە لایەکیان دژی لایەکی تر ببەستن. ئەم حاڵەتە لەساڵی ڕابردوودا لە واقیعی پشتبەستنی بزوتنەوەی کورد لە خوارووی کوردستاندا بە ئێران و پشتبەستنی نزیکتری هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕژێمی بەعسی عێراقی خۆی دەرخست. بەڵام ئەم ستراتیژیەتە لە حاڵەتی یەکەمدا تەنیا کارەسات و تراژیدیای زیاتری بەسەر گەلەکەماندا هێنا و لە هەردوو حاڵەتدا هەڵەیەکی کوشندەیە و جێگەی شەرمەزاری و ڕیسواییە و لە پاکانەی ئەخلاقی و ئەقڵی بێ بەشە.

دووەم: هەر لەو کاتدا کە ڕژێمە داگیرکەرەکان بەرووبووم و داهاتی کوردستان بۆ بەهێزکردنی سوپای داگیرکردن و دامەزراوە و پرۆژە کۆلۆنیالییەکانیان بەکار دەهێنن، هەر جۆرە دەرفەتێکی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵیی و کولتوورییان لەگەڵی کورد بڕیوە و لە حاڵەتی داچووندا (داچوون وەک دژی هەڵچوون، واتە پەرەسەندن) هێشتوویانەتەوە... ئەنجامی مێژوویی بەسەریەکدا کەوتووی ئەم بارە ئەوەیە کوردستان بەشی زۆری لە بارێکی کۆمەڵایەتی نیمچە سەرەتایی- نیمچە دەرەبەگی دا بمێنێتەوە کە زیاتر لە کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە نزیکە لەوەی لە فیودالیزمەوە. دەشێ ئەم بارە بە (فیودالیزمی میللی) ناوبەرین... داچوون «ناپەرەسەندن» نەشونماکردنی چینی نێوەندی کوردی وەستاندووە. لەو شوێنانەدا کە چەند ڕەگەزێکی ئەم چینە هەن، لە زۆر حاڵەتدا مشەخۆرن و هەمیشە ئامادەی سازش و موساوەمە و تەنانەت خۆ تواندنەوەشن. هەر بۆیە گەرچی چەند ڕەگەزێکی ئەم چینە سەری بەرز کردبێتەوە و دەوری سەرکردایەتیشی لە بزوتنەوەدا دەبیی، نەیتوانیوە دروشمی ڕاستەقینە و مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان واتە (ئازادی نەتەوەیی) بەرز بکاتەوە و لە پاڵ دروشمی (ئۆتۆنۆمیدا) سەدان سەروجەمسەری سەوداو سازشی بۆخۆی هێشتۆتەوە.

ئەم حاڵەتە ئەنجامی خراپی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبووە. سەرکردایەتی نیمچە خێلەکی- نیمچە شاری نەیتوانیوە دەوری پێشڕەو بۆ جەماوەری جووتیار و گوندی و خوێندەواری شار بینێ، بەڵکو هەمیشە دوای جەماوەر کەوتووە... کە جەماوەریش تووشی تەنگاو و تراژیدیایەکی مێژوویی بووە، لە بەدواکەوتنیش وازی هێناوە و خۆی کشاندۆتەوە بۆ هەلێکی تر تا جەماوەر خۆی ئەو هەلەی (سەرکردایەتی- بە- دواکەوتنی) پێشکەش دەکاتەوە!!

بۆیە جوغزی دواکەوتنی کۆلۆنیالی (ئابووری- کۆمەلایەتی- کولتووری) هەر لەو کاتدا بۆتە جوغزی دواکەوتنی فیکری جەماوەری کورد و بزوتنەوە و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردیش... جوغزێکی بۆش کە دەرچوون لێی کارێکی یەکجار ئەستەمە و تەنها بەوە دەبێ لە دژ هەر دوو حاڵەتەکە (داگیر کردن و ئەنجامەکانی و دواکەوتنی کۆمەڵیی و ڕۆشنبیری خۆمان) لەیەک کاتدا بجەنگین.

بزوتنەوەی کورد لەگەڵ تاقیکردنەوەی مێژووی زەبەند و دەوڵەمەندیشیدا نەیتوانیوە بەشێوە و ڕێگای خەباتی خۆیدا بچێتەوە، نەیتوانیوە خۆی مۆدێرن بکا و دەستەیەکی ڕووناکبیری هەڵبژاردە بەرهەم بێنێ کە وێنەیەکی زیرەک و قەناعەت پێکەرانەی ئەو سەرکردایەتییە پێشکەش بە جیهانی دەرەوە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، بەکارهێنانی شەڕی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە، لەماوەیەکی زۆر کورتدا، بزوتنەوەی کوردی لە پێگە گوندییەکەی بێ بەش کرد و خستییە سەر چەند- ڕێیانێکی مێژوویی نادیار...

تەنیا ئالۆگۆڕی جیهانی دەتوانێ ئەم وەزعە بگۆڕێ و دەرفەتێکی دی پێشکەش بزوتنەوەی کورد بکاتەوە.

دەیەم: لە بەرامبەر هێرشی سەخت تر بووی داگیرکەرانی کوردستان، تۆپۆگرافی کوردستان (واتە تەبیعەتی شاخ و داخی ناوچەکە) یەکێک بووە لەهەرە هۆکارە بەهێزەکانی بەردەوامکردن و سەرخستنی موقاوەمەی کورد بەرامبەر ژێردەستکردنی کۆلۆنیالی و تواندنەوەی کولتووری.

بەڵام بەکارهێنانی چەکی نوێی ڕەشبکوژ (بەتایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمبایی لەلایەن

عێراقەوە) وای کردووە خەڵکی کورد تەنانەت لە پاراستنی دۆست و پشتیوانە دێرینەکەشیان واتە شاخەکانیان، بێبەش بن.

یازدە: ئەنجامێکی دیکەی تاڵ و بێ هومێدکەرانەی حاڵەتی دابەشکردن و کۆلۆنیال کردنی کوردستان نەبوونی هیچ جۆرە پاڵپشت و هاودەنگییە کە لەگەڵ گەلی کورد لەلایەن دنیاوە: واتە حکومەتەکانی دنیا، کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ئینسانییە جیهانییەکان و رای گشتی جیهانی و میدیای جیهانیی. لە کاتێکدا دابەشکردنی کوردستان بووە هۆی دروستبوونی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەسەڵاتدار و خاوەن شوێن و پایە لەنێو دەوڵەتانی دنیادا، نەتەوەی کوردی لە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی هەرێمایەتی ناوخۆیی بێ بەری کرد و لە ئەنجامدا کوردستان و مەسەلەی کورد (ئۆکسجین) راگەیاندنی جیهانیی-یان لێ بڕدرا. عێراق، بۆ نموونە، دەوڵەتێکە لە نێوان (٢٢) دەوڵەتی عەرەبیدا. تەنیا هێزی دیپلۆماسی عەرەبی بەو بلیۆنەها دۆلارە مفتەی نەوت و ئەو زەغتە دیپلۆماسییەی هەیەتی دەتوانێ بە ئاسانی گەلی کورد عەزل بکا و (هەروەکو چۆن توانی، بۆ نموونە، دوای بەکارهێنانی گازی کیمیایی لەلایەن عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەم کارە ئەنجام بدا) هەر جۆرە راگەیاندن و دەنگ و قاوێک دەربارەی (مافی مرۆڤ) لە کوردستاندا بکاتە وەرەقەیەکی تری یاری لە بازاری سەودای بەرژەوەندییەکانی جیهانیدا. لەبەر ئەم هۆیە بوو کە رۆژاوا نەیویست پاڵ بە داواکاری پشکنینی تاوانەکانی جینۆسایدی عێراق دژی گەلی کوردەوە بنێ. تەنانەت کۆنفرانسی پاریسیش کە لە ئەسڵدا بۆ باسکردنی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە داوای بەستنی کرا، تەنانەت نەیتوانی ئیدانەی تاوانەکەی عێراق دژی مرۆڤایەتی لە هەڵەبجە بکا. هەر لەو کاتیشدا ئەوەی پێی دەوترێ دنیای ئیسلامەتی و جیهانی سێ قرەقیپیان لێ کردوو چاوی خۆیان کوێر کرد. یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە (سۆسیالیستەکان)، کە لە مێژە کورد بە دۆستی خۆی داناون، هەر باس و خواسی تاوانەکانیشیان بڵاونەکردەوە. ئەوەی راستی بێ، رۆژنامەی پراڤدا پشتگیری تاوانی کیمیایی عێراقی کرد بە بڵاوکردنەوەی لێدوانێک لەلایەن پەیامنێرەکەی لە واشنتگتۆن کە تێیدا تاوانبارکردنی عێراقی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە درۆ و پڕۆپاگەندەی ئیمپریالیستی لە قەڵەم داوە!!

بەم چەشنە دەبینین کە جیۆپۆلیتیکی کوردستانی دابەشکراو بۆتەیەکی تراژیدی وای بۆ گەلی کورد دروست کردووە کە تەنانەت تاوانی جینۆسایدیش لە دژی نەتەوەکەمان پشتگوێ دەخرێ و بە درۆ و بوختان دەدرێتە قەڵەم!!

دوازدە: دوا سەرنجم سەبارەت بە مەسەلەی دیموکراسییە لەو وڵاتانەی کوردیان پێوە بەستراوە و کورد بۆتە کەمینەی تێیاندا... لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە مانای دیموکراسی بزانین. دیموکراسی: دروشم نییە... نە رێککەوتنێکی رەسمییە لە نێوان چەند حیزبێکدا. نەئیمزاکردنی بەیاننامەی هاوبەشی و هاوپەیمانی و دروستکردنی حکومەتی ئیئتیلافی و بەرەی نیشتمانییە!! دیموکراسی لەسەرەوەڕا ناسەپێندرێ.

دیموکراسی شێوەیەکی تایبەتی بیرکردنەوە و رەوشت و هەڵسوکەوتەکە بە درێژایی سەدان ساڵ پێگەیشتووە و ئەو شێوە تایبەتییە لە بوون و کار و چالاکی هەزاران رێکخراوی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵی و پیشەیی جیاواز و ئازاددا چەسپێندراوە و بەر جەستەکراوە... بۆیە دیموکراسی بەبێ ئازادی رێکخستن و دروستکردنی رێکخراو بۆ هەر ئامانجێک بێ و بە هەر

شێوەیەک بێ و بەبێ ئازادی بیر و نووسین و دەربڕین و بڵاوکردنەوە مەحاڵە بتوانێ بە شێوەیەکی سەرەتایش هەبێ و کاریگەر بێ.

دیموکراسی لەسەرەتا و لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بە تۆلێرانس (تسامح) و قبوولکردنی بیروڕای جیاواز و ئاخافتنی ئازاد و دان نان بە بوونی ڕێکخراو و دەزگای هەمە جۆر هەیە.

پلۆرالیزم و جۆراوجۆری و جیاوازی بنچینەی دیموکراسین.

ئایا ئەمە لە کوردستاندا مومکینە؟!

بە داخەوە، ئەو ڕژێم و کولتوور و دەزگا و دامەزراوانەی کوردستانیان کۆلۆنی کردووە، خۆیان لەهەرە ڕژێم و دامەزراوە دواکەوتوو و داپلۆسەرەکانی دنیان.

تورکیا و عێراق و ئێران هێشتا مەڵبەندی مێژوویی ستەمگەریی ڕۆژهەڵاتین (الاستبداد الشرقي). سەدەکانی ستەمگەری و بێدادی و فەساد و داچوونی کولتووری لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا بە دەرکەوتنی قۆناغێکی مێژوویی نوێ و کۆمەڵگای نوێ دوایان نەهات. هاتن و دەست تێوەردانی ئیمپریالیزمی خۆراوایی لەسەدەی نۆزدەدا ڕێگەی لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان عەرەب و کورد و ئازەربایجانی و ئەرمەنی... هتد گرت یان شێواندنی.

لەجیاتی ئەوەی ئێمە لە خۆرهەڵاتی نێوەندا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی درێژخایەن ببینن کە توانستی ئەوەیان هەبێ ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵی و کولتووری و ئایدیۆلۆژی لە ستراکتور و بنکەکانی کۆمەڵدا بەرپا بکەن. خۆرهەڵاتی نێوەند دروستکردنی سنووری دەسکرد و دەوڵەتی دەسکردی سەر بە ئیمپریالیزمی بە خۆیەوە بینی.

بەم جۆرە، بە پێنچەوانەی ئەورووپا، ئەفریقیا، ئەمریکای لاتین، چین و هیندستان، هیچ بزوتنەوەیەکی چاککردن (اصلاح) و تازەکردنەوە و بە سنعەتکردن، هیچ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی ڕاستەقینە، هیچ شۆڕشێکی کولتووری و هیچ ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتی ئاشتیخوازانە لە خۆرهەڵاتی نێوەندا ڕوویان نەداوە و کولتووری و دینی وخێڵەکی و نەتەوەیی- شۆڤێنی کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرست ماوەتەوە.

گەرچی تورکیا هەندێ تاقیکردنەوەی بە سنووری لە دیموکراسی پەرلەمانی و بە ئەورووپایی بوون دا هەیە، بەڵام دەزگای عەسکەریی تورکی هەمیشە لە نزیکەوە چاوەدێری ئەم تاقیکردنەوەی کردووە و هەر کاتێ هەڕەشەی ئەوە دروست بووبێ کە کولتووری بەربەریەت درزبەرێ و داوەشێ، شاڵاوی بردۆتە سەر ئەو تاقیکردنەوەیەوە و خستوویەتیە ژێر پۆستاڵی هێز و تاوانەوە.

گەلی کورد کە شادبوونی بە مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی کولەکەی دیموکراسی لە تورکیا دا پێنکدێنێ، ڕێی ئەوەی لێگیراوە بەشداری لەهیچ پرۆسەیەکی دیموکراسیدا بکا.

لە عێراقدا، دوای زیاتر لە شەست ساڵ بوون بە دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات و زیاتر لە سی ساڵ بوون بە جمهوری، هێشتا دەستورێکی هەمیشەیی نییە. هیچ جۆرە دەزگا و ڕێکخراو و دامەرزاوەیەکی دیموکراسی نین. کولتووری بەدەوی عەشیرەتگەری و بیری «حاکم- خوا» لە عەقلیەتی خەڵکدا جێگر بوون.

هەرە سادەترین شێوەی مافی مرۆڤ هەمیشە ژێر پێندراوە. عێراق دەوڵەتێکە خێڵ و خوێن حوکمی دەکا. تارمایی مەرگ، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان لە هەموو ماڵێکدا و لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا ئامادەیە.

لە ئێراندا، شێوەیەکی چەرخەکانی نێوەندی کولتووری تایەفەگەری ئیسلام ژێندراوەتەوە و کراوە بە یاسای ژیان و کۆمەڵ و دەوڵەت. هەمرو خەڵک بەپێی یاسای ئەم کولتوورە کراون بە دوو بەشەوە: یادەبێ شەهیدبێ یان (سەریە) شەیتان بێ. خۆت لەهەر بەرەیەکدا ببینیبیەوە، چار نیبە دەبیتە قوربانی کولتوورێکی ستەمگەرانە و زۆرداریبەکی بێ ئامان.

جا لە چوارچێوەی ئەم جۆرە کولتوور و نیزامانەدا، چۆن نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراو و بێ دۆست و پەنای وەک کورد کە خاوەنی کولتوورێکی شێوە ژیانێکی زۆر جیاوازە، دەشێ بە تەمای ئەوەبێ لە دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بێ و چارەسەرییەکی دادپەروەرانە بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە؟!

گەلی کورد هیچ ئیختیارێکی لەبەردەمدا نەماوەتەوە ئەوە نەبێ کە پەنا بەرێتە بەر خەباتی چەکداری بۆ دیفاعکردن لە بوون و کەرامەتی خۆی، گەرچی ئەم ئیختیارە ناچارییە تووشی زۆر تراژیدیا و مەترسی زیاتری کردووە. ئەوەی تراژیدیایەکەی قووڵتر و مەسەلەکەی خراپتر ئاڵۆزکردووە، ئەو پشتگیرییە فراوانەیە کە زلهێزەکان و دەوڵەتە سنعەتیەکانی خۆراوا پێشکەش ئەو رژێمە دیکتاتۆرییانەی دەکەن... لەمەشدا هیچ ئیعتبارێکی ئینسانی لێک نادەنەوە و تەنیا خەم و خولیایەکیان چەک فرۆشتن و قازانج کردنە.

ئێمە دەشێ جەوهەری ئەو ئاخافتنانەی سەرەوە لەیەک ئێزدا کۆبکەینەوە:

«کورد دەوڵەتی نەتەوەییان نییە لەبەر ئەمە مافی مرۆڤییان نییە.

ئەم موعادەلەیە دڵرەقانەیە، نائینسانی و نائەخلاقییە... بەڵام، بەداخەوەی دروستە. واقیع و راستیەکە و لەزۆر ئاست و زۆر کاتدا لەکار دایە.

موعادەلەی فەلسەفی ئەم سەردەمەمان ئەوە نییە کە:

من بیر دەکەمەوە، کەوایە من هەم.

بەڵکو ئەوەیە:

من دەسەڵاتم هەیە، کەوایە من هەم.

من پارەم هەیە، کەوایە من هەم.

من دەتوانم بکوژم و ببرم، کەوایە من هەم.»

بۆیە ئێستا سەدام هەیە، ماوە، بەڵام قوربانییەکانی سەدام نین و لەناوچوون.

بۆیە هیچ دەوڵەتێک ئامادە نییە بەرژەوەندییە خۆپەرستیەکانی خۆی واز لێ بهێنێ و پشتگیری کورد بکا.

بۆیە تەنانەت وەک ئاوارە و پەنابەریش کورد هیچ مافێکی مرۆڤانەیان نییە.

ئەو رێکخراوانەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی دنیا دروست بوون و کار دەکەن، لە ئاست هاوار و داوای پەنابەرانی کورد گوێی خۆیان هاخنیوە.

بۆچی؟!

چونکە ئەو رێکخراوانەش (وەک خاچی سوور و کۆمیشنەری بەرزی پەنابەران UNHCR) لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کۆنترۆڵ کراون کە هێز و پارەیان هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، تەنیا لەگەڵ ئەو نەتەوە و گروپانە مامەڵە دەکەن کە خاوەن دەوڵەتن. بۆیە ئەگەر ئەو رێکخراوانە بشیانەوێ یارمەتی کورد بدەن، ئەوا دەبێ لەرێگای دوژمنەکانییەوە، واتە ئەو حکومەتانەی کورد

دەچەوسێننەوە وەک ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا، ئەم کارە بکەن.

ئایا گورگ دەیەوێ نێچیرەکانی رزگار بکات؟!

بەم جۆرە نزیکەی ملیۆن و نیوێک کورد لە ئۆردوگاکانی زۆرەملیدا لەناو کوردستان و عێراق، زیاتر لە ٢٠٠/٠٠٠ کوردی ئاوارە لە ئێران و ٥٠٠/٠٠٠ لە تورکیا و هەزار لە پاکستان.. هتد بەبێ هیوا، یارمەتی پاشەرۆژ، پشتگوێ خراون.

وەزعەکە تابڵێی تاریک و ناهومێدانەیە.

ئەستەمە لەم سەردەمەدا تۆ کورد بی و بڕوات بە مرۆڤایەتی بمێنێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی کورد پێویستە ڕێگا نەدەین ڕەشبینی ئارەزووی ژیان و کڵپەی حەزی ئازادیمان دامرکێنێتەوە.

بای گۆڕان، ئەمڕۆ لە سەرانسەری دنیادا هەڵی کردووە... بە هێواشی، هێمنی بەڵام بە بەردەوامی و بێ وەستان.

گەرچی لایەن و دوورییەکانی گۆڕانەکانی دنیا هێشتا ئاشکرانین، گومانی نییە ئەنجامی ئیجابی ئەو گۆڕانکارییە زیاترن و جێگیرتر دەبن. گەلانی جیهان سێش هەتا هەتایە لەژێر باری قەرز و ستەمدا نابن. ئاخافتن، دیموکراتی کردن، وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانە بۆ مەسەلەی نەتەوەی و ناوچەییەکان پێویستە ببێتە عورف و ڕێبازی قبووڵ کراو ئەگەر مرۆڤایەتی بیەوێ وەک گرۆیەکی شارستانی بمێنێتەوە.

بای گۆڕان بە دنیادا هەڵدەکا و... بای مەرگیش لە کوردستاندا دەرنگ یان زوو دەبێ بوەستێ. نەتەوەی کورد بەری زۆر ئیمپریالیزم و داگیرکەری گرتووە: تاوانەکانی عێراق نەشایانی لەبیرچوونەوەن، نەقەت لێخۆشبوونیان دەکرێ. خۆرهەڵاتی نێوەند ناشێ ئاشتی و ئاسایش و دیموکراتی ببوون بەخۆیەوە ببینێ گەر مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانە لەسەر بناغەی بڕیاردانی مافی چارەنووس چارەسەر نەکرێ.

تورکیا ناتوانێ لەپرۆسەی هێواشی دیموکراتی کردندا بەردەوام بێ و هیوای ئەوەی هەبێ ببێتە ئەندامی کۆمەڵگای ئەورووپی ئەگەر تۆماری بەدی خۆی لە مافی مرۆڤدا باش نەکا و ڕێگا بۆ بەشداری نەتەوەی کورد لە پرۆسەی دیموکراتیدا، بە دان نان بە مافی جیاوازی نەتەوایەتی کورد، خۆش نەکات.

دیکتاتۆرەکەی عێراقیش ناتوانێ هەتا هەتایە لەسەر تەختی خوێن و کەللەسەر دابنیشێ. دەبێ زۆری تر نەخایەنێ و بڕوا. ئێرانیش ناتوانێ لەو شێتخانەیەدا بەردەوام بێ. چار نییە دەبێ کۆمەڵگا بێ سەروبەرەکەی عەقڵانی بکا و ئاسایش و دیموکراسی ڕەچاو بکات.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لەهەر دەرفەتێکی ئاوا کەدێتە پێش کەڵک وەربگرێ پێویستە خۆشی زۆر وریا و زیت و چاوکراوەبێ، پێویستە باش خۆی ڕێکخسبێ و هەمیشە ئامادەبێ. دەبێ هیچ دەرفەتێک بۆ بەرەوپێش بردنی مەسەلەکەی لەدەست نەدات.

سەرنج: ئەم باسە یەکەمجار بە زمانی ئینگلیزی لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن لە ١٤/مارتی/١٩٨٩ دا پێشکەش کراوە و دوای ئەوە لەگۆڤاری (Kurdish Culture Buletin)دا هەر بە ئینگلیزی لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتەوە.

# مێژووی ناوچەگەری
# یان
# مێژووی سەرانسەریی؟

ڕەفیق سابیر

ئێمە وەک نەتەوە بە درێژایی مێژوو ئیرادەی ئینسانی و نەتەوەییمان لێزەوت کراوە، خۆمان خودانی خاک و سەروەری نەتەوەیی و مێژووەکەمان نەبووین. مێژووی ئێمە، بە مێژووی فیکری و کولتووریشمانەوە، وەک وڵاتەکەمان داگیرکراوە.بۆیە ئێمە بە سەرجەمی مێژووەکەمان نامۆکراوین. لام وایە تراژیدیای داگیرکردن و کۆیلایەتی نەتەوەیی لێرەوە دەست پێدەکات.

ئەگەر بەشێکی ئەم بە مێژوو نامۆبوونە لەوەدابێ کە خۆمان خودانی مێژووی خۆمان نەبووین و پرۆسەی گەشەکردنی مێژووەکەمان شێوەیەکی سروشتیی، یان نیمچە سروشتیی بە خۆیەوە نەگرتبێ و چەندان بەش و قۆناغی گەشەداری کوێرکرابنەوە، ئەوا بەشەکەی دیکەی ئەم نامۆییە لەوەدایە کە پرۆسەی کارلێککردن و تەفاعولی نێوان قۆناغە مێژووییە گرنگەکانی کوردستان و، پەیوەندی ژیانی مادی و ڕۆحیی نێوان بەشە لێکدابڕاوەکانی نەتەوەکەمان تا ئیمڕۆ سست و لاوازن.

مێژووی ئێمە لە زۆر ڕووەوە وەک کۆمەڵە ڕووداوێکی لێکدابڕاو نەک پێکەوە گرێدراو، وەک کۆمەڵە ئامانج و ئایدیالێکی لێک جیاواز نەک هاوبەش دێتە پێشچاو. بە واتایەکی تر مێژووی سەرانسەی نەتەوەکەمان لە زنجیرە ڕووداو و دیاردەیەکی پێکەوە لکاوی کوردستانی ناچێ کە یەک ئامانج و ئایدیالی هاوبەش پێکەوەی گرێدابن و، هەریەکەیان ئەوی تریانی تەواوکردبێ. یان هەریەکەیان زەمینەی بابەتی بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دوای خۆی خۆشکردبێ تا درێژەپێدەری سروشتیی هەمان پەیامی سیاسیی و، فیکری و ڕۆحیی دیاردەکەی پێش خۆی بێت.

ئەگەر مێژووی گرنگترین سەردەمەکانی هەریەش و هەرێمێکی کوردستان، بە مێژووی فیکری و کولتووریشەوە وەربگرین دەبینین تارادەیەکی زۆر لە مێژووی سەردەمەکەی پێش خۆی، یان لە مێژووی هەمان سەردەمی ناوچەیەکی دیکەی کوردستان جیاوازە. هەر سەردەمێکی مێژوویی کاتێ کۆتایی پێهێندراوە لەگەڵ خۆیدا دیاردە فیکریی و، سیاسیی و کولتوورییەکانی خۆی بێچارەتەوە و ئیتر سەردەمێکی دی، لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا دەستی پێکردووە بێ ئەوەی پەیوەندییەکی تەواوکارانەی بە ژیانی ڕوحیی و مادیی سەردەمەکەی پێش خۆیەوە هەبێ.

ئەم دیاردە ناسرووشتییە بۆتە هۆی ئەوەی هێزی هەر ڕووداو و دیاردەیەکی مادیی و ڕۆحیی کۆمەڵگای کوردستان زیاتر تا سنوورێکی جوگرافی تەسک و تاکاتێکی دیاریکراو بڕ بکەن و، کاری خۆیان لە بەشێکی کەمی نەتەوەکەمان بکەن. لێرەوە بەرای من پرۆسەی تەفاعولی نێوان

مێژووی ئێمە و نێوان بەشەکانی نەتەوەکەمان پرۆسەیەکی بەش- بەش و قۆناخ- بە قۆناخ و هەرێمییە نەک سەرتاسەری. بە واتایەکی تر مێژووی ئێمە وەک یەک بابەتی یەکگرتوو... وەک یەک شێوە ژیان... وەک یەک زنجیرە خەبات و راپەڕین... وەک یەک ئامانج و ئایدیالی‌یەک نەتەوەکاری خۆی نەکردۆتە سەرنەوەیەک لە دوای‌یەکەکانی. ڕەنگە لەبەر ئەم هۆکارە بێ خەلکی هەربەش و هەرێمێکی کوردستان زیاتر بەرهەمی مێژووی تایبەتی بەش و هەرێمەکەی خۆیان بن، نەک بەرهەمی مێژووی سەرتاسەری نەتەوەکەمان، زیاتر هەست بە ئینتیمایی هەرێم یان بەشە کوردستانەکەی خۆیان دەکەن نەک بە ئینتیمای سەرانسەی کوردستانی.

بۆ نموونە:

وەک دەزانین لە ناوەراستی سەدەی شانزەیەم را کوردستانی باکوور، لە سایەی هەندێ لە میرنشینە کوردەکاندا (میرنشینی بەتلیس، هەکاری و جزیرە و...هتد) سەرەتای بوژاندنەوەیەکی ئابووریی و، سیاسیی و کولتووری فراوانی بە خۆیەوەبینی. بە پشتبەستن بە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی و سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی و مەم و زینی خانی، ژیانی شارستانیی ئەو سەردەمانەی کوردستانی باکوور لە ئاستێکی بەرچاو و پێشکەوتووی سەردەمەکەی خۆیدابووە. دەشێ دروستبوونی شێوە زمانی ئەدەبی کرمانجی سەروو، دەرکەوتنی مەلای جزیری، عەلی هەریری، فەقێ تەیران و خانی مەزن بە نیشانە و بەرهەمی ئەو شارستانییە دابندرێن. د. عیزەدین رەسوڵ دەڵێ: (دەرکەوتنی قوتابخانەیەکی نوێی شیعری لە «جزیرە و بۆتان» بەڵگەیەکی تری ئەو رابوونە سیاسی و ئابووری و شارستانییەیە کە ئەم ناوچە کوردییە لە سەدەکانی شانزەیەم و هەڤدەیەمدا بە خۆیەوە دیوە)(١)

بەڵام کاتێک تورکەکان کوردستانی سەروویان بە تەواوی داگیرکرد و ژیانی کولتووری، ئابووریی و شارستانیی نەتەوەکەمانیان ویران کرد، دوای ئەوە نزیکەی دوو سەدەیەک کوردستانی باکوور وەک ولاتێکی ویرانەی دوور لە دیاردەی بەرچاوی کولتووری و شارستانیی ماوەتەوە. ئایا بە ئەقڵدا دەچێ ئەو نەتەوەیەی پلیمەتانی وەک مەلای جزیری، خانی، شەرەفخانی بدلیسی، عەلی هەریری و فەقێ تەیرانی بووبێ، کەچی لە ماوەی دووسەدەیەکدا پلیمەتانی تری لێهەڵنەکەوتبێ؟

گەریدەی تورک ئەولیا چەلەبی، لە ساڵی ١٦٧٦ی زایینی لە کاتی داگیرکردن و ویرانکردنی شاری بدلیسدا لەگەڵ لێژنەی تاڵان نووسدا بووە تەنیا لەم شارەدا، وەک دەنووسی:( حەوت باری حوشتر کتێبی بوون. کتێبخانەی تایبەتی میر پتر لە چوار هەزار دەستنووسی زۆر نایاب و بە هاداری تێدا هەبوو کە هەموو دەبەرگ گیراو و نەخشێنراوبوون: لەمەر ئایین و تاریخ و زمان و جانەوەر و گیا و گژ و پزیشکی و (تشریح) و پێوەدانی شیعر و قافیە بوون و دیوانە شیعریش گەلێک بوون. زۆریش وێنە و نەخشە و تابلۆی نایابی هەبوو. هەر میر بۆخۆی ٧٦ کتێب و ١٠٥ نامیلکەی بە فارسی و عەرەبی دانابوون)(٢)

کاتێ کوردستانی سەروو ویرانکرا پێدەچێ هێشتا تیشکی کولتوور و شارستانیەکەی بەر بەشەکانی تری کوردستان نەکەوتبێ، بە پێی ئاگاردی من بەڵگەیەکی مێژوویمان لەبەردەستدا نییە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بسەلمێنێ.

هەر لەو سەردەمانە و دواتریشدا لە سایەی میرنشینی ئەردەڵاندا بەشێکی کوردستانی خواروو و رۆژهەڵات گەشانەوەیەکی بەرچاوی ئابووریی، کولتووری و شارستانییانەی بەخۆیەوە دیوە.

دیالێکتی گۆران وەک زمانی ئەدەبی و زمانی رەسمی ئەم میرنشینە چەسپاوە. ( دەسەڵاتی سیاسی و هێزی ئەم ئەمارەتەش ئەدەبی بە دیالێکتی گۆرانی پێشخست و گەیاندییە لووتکەی داهێنان و گەشەسەندن)(٣)

دەرکەوتنی شاعیران سەیدی هەورامی، بێسارانی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، خانای قوبادی، وەلی دێوانە و مەولەوی لوتکە نیشانە و بەرهەمی شارستانیی گەشەداری ئەو سەردەمەن. ئەمین زەکی لایەنێکی ئەم ژیانە شارستانییە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمانوڵلاخان (١٧٩٨-١٨٢٤) باس دەکات و دەڵێ: (ئەم ئەمیرە زۆر زانست و زانایانی خۆش ویستووە و گیانی زانست و ئەدەب پەروەری و شارستانیەت و ئاوەدانیی بە وڵاتدا بڵاوکردۆتەوە شاری سنە راپەرینێکی گەورەی ئاوەدانیی و ئەدەبیی بە خۆیەوە دیوە، کۆشک و دەربارەکەی بۆتە کەعبەی شاعیران و ئەدیبان و زانایانی کوردستان و ئێرانیش)

ئەم دیاردە شارستانییە لە هەمان دیاردەکەی پێشتری کوردستانی سەروو دەچێ، بێ ئەوەی بەرای من کارتێکردنی ئەوی پێوە دیاربێ، یان درێژەپێدان (امتداد)ی راستەوخۆی هەمان دیاردە شارستانییەکەی کوردستانی باکوور بێ.

هەروا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، بەشێکی تری کوردستانی خواروو، لە سایەی میرنشینی باباندا، رووی لە گەشانەوەیەکی ئابووریی، سیاسیی و کولتووری کرد، کە لە زۆر رووەوە لە دیاردەکەی کوردستانی سەروو، یان دیاردەکەی سەردەمی ئەردەڵانەکان دەچێ، بێ ئەوەی کارتێکردنی ئەوانی پێوە دیاربێ. لەو سەردەمەدا بلیمەتانی وەک نالی، شێخ مارفی نۆدێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، کوردی و سالم دەرکەوتن کە لووتکەی ژیانی ئەدەبی و فیکریی و رۆحیی ئەو سەردەمەی نەتەوەکەمانن. هەروا شێوە زمانی ئەدەبی کرمانجیی خواروو دروست بوو، کە ئێمڕۆ لە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتدا، زمانی خوێندن و نووسینە.(٥)

بەڵام ناتوانین ئەم پرۆسە مێژووییە، بە هەموولایەن و شەقڵە شارستانیەکانیەوە، بە درێژەپێدەری پرۆسە مێژووییەکەی کوردستانی سەروو، یان کوردستانی ئەردەڵان دابنێین. ناتوانین نالی، کوردی و سالم بە درێژەپێدەری سەیدی هەورامی، بێسارانی و خانای قوبادی و...هتد دابنێین. ناتوانین شاعیران و بیرکارانی سەردەمی ئەردەڵانەکان و بابانەکان بە درێژەپێدەری مەلای جزیری، خانی، عەلی هەریری و فەقێ تەیران ناوبەرین. چونکە هیچ کامییان نەیانتوانی ببنە ناوەندێکی سەرەکی بۆ بەش و ناوچەکانی تری کوردستان.

لێرەوە لام وایە دەشێ سەربەخۆ لە زۆر قۆناخی مێژوویی و کولتووری نەتەوەکەمان بکۆڵینەوە، بێ ئەوەی بە جۆرێکی حەتمی بە قۆناخێکی ترەوە ببەستینەوە- دەتوانین بە جیا باسی ژیانی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، فیکریی و ئەدەبی سەردەمی ئەردەڵانەکان و بابانەکان بکەین بێ ئەوەی بە ئەڵقەیەکی تەواوکارانەی سەردەمی میرنشینی بدلیس و جزیرە و هەکاری دابنێین. دەشێ لە راپەڕینی شێخ عوبێدوڵلای نەهری و لە بزوتنەوەی رۆشنگەریی (التنویر)ی و سیاسی سەرەتای ئەم سەدەیەی کوردستانی باکوور، کە رواڵەتەکانی لە دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) و دامەزراندنی چەند رێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرکەوتن، بکۆڵینەوە بێ ئەوەی بە بزوتنەوەی سیاسی و کولتووری سەردەمی بابانەکان، یان ئەردەڵانەکانی ببەستینەوە. دەتوانین لە

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محەمەد بکۆڵینەوە بێ ئەوەی بەم بزوتنەوە سیاسیی و رۆشنگەریی و کولتوورییانە و، تەنانەت بە شۆرشەکەی شێخ مەحموودی نەمری ببەستینەوە!. لەوەش کارەسات تر ئەوەیە ئەم دیاردەیە تائێستا هەر بەردەوامە!!

ئایا کوردێکی کوردستانی باکوور چی دەربارەی ژیانی فیکریی، کولتووری، سیاسیی و خەباتی چەندان سەدەی نەتەوەکەی لە کوردستانی خواروو و رۆژهەلاتدا دەزانێ؟! تا چەند لەژێر کارتێکردنییان دایە؟ یان خەڵکی کوردستانی رۆژهەلات و خواروو چی دەربارەی میراتی فیکریی، کولتووری و خەباتی چەند سەدەی نەتەوەکەیان لە کوردستانی باکووردا دەزانن؟ ئەم میراتە چ رۆڵێکی لە دروستبوونی کەسایەتی ئەم خەڵکەدا گێراوە؟ ئایا ناکرێ ئەم نامۆبوونە کولتووری و مێژوویی و سیاسییەمان بە هۆکارێکی سەرەکی بە خۆنامۆبوونی نەتەوەیی و داتەپینی هۆشیاری نەتەوەییمان دابنێین؟!

ئایا لێکدابرانی نەتەوەیی و کار لە یەکتری نەکردنی ئەم دیاردە مێژوویی و سیاسیی و فیکریی و کولتوورییانە تەنیا بۆ شالاوی داگیرکەران و لە بارچوواندن و جوانەمەرگ کردنی خودی ئەم دیاردانە دەگەرێتەوە؟... یان بۆ لێکدابرانی جوگرافیی کوردستان؟... یان بۆ وێرانکردنی ژیانی ئابووری و رێنەدان بە گەشەکردنی پەیوەندی نوێی ئابووری- کۆمەلایەتی...؟ یان بۆ هێز و وزەی سیستمی فیودالی و عەشیرەتگەری؟... یان بۆ نەبوونی یەک ئامانج و ئایدیالی هاوبەش و نەبوونی یەکێتی ژیانی رۆحی نەتەوەی کورد؟!.

ئایا دەتوانین باسی کام ئامانج و ئایدیالی نەتەوەیی هاوبەش و کام ژیانی رۆحی هاوبەشی نێوان (وەک نموونە) میرنشینەکانی بابان و ئەردەلان بکەین لە کاتێکدا بە درێژایی دەیان سال سەرقالی پەلاماردان و پێکدادانی یەکتری بوون؟ ئایا لەم بارودۆخەدا دەشێ چ ئالوگۆر و (تفاعلیک)ی کولتووری لە نێوان ئەم دوو میرنشینەدا روو بدات؟ دەتوانین باسی کام هەستی نەتەوەیی هاوبەش و کام ئامانجی نەتەوەیی هاوبەشی میرنشینی سۆران بکەین لە کاتێکدا میری سۆران قەتلوعامی بە کۆمەلی یەزیدییە (کافرەکانی!) دەکرد؟. کامەیە ئایدیال و ئامانجی نەتەوەیی هاوبەشی خودی بابانەکان لە کاتێکدا زۆربەی میرەکانی لەبەر خۆپەرستی و دەسەلاتپەروەری، شەرمهێنەرانە لەشکری داگیرکەرانیان دوای خۆیان دەخست و کوردستانیان پێ کاول دەکردن.

مێژوونووسی کورد عەبدولقادری رۆستەمی بابان کە لەنێو رووداوەکانی سەردەمی بابانەکان و ئەردەلانەکاندا ژیاوە هەندێ رووداوی سەیرمان سەبارەت بە خۆخۆری هەندێ لە میرانی بابان بۆ دەگێرێتەوە، کە چۆن هەندێکیان بە مەبەستی دەسەلات زەوت کردن لە مام و براکانیان، لە بەغداوە لەشکری عوسمانییان دوای خۆیان خستووە تا دەست بەسەر سلێمانیدا بگرن. هەندێکی دیکەیان، بۆ هەمان مەبەست، لەشکری ئێرانیان تاسلێمانی دوای خۆیان داوە. ئەم تراژیدیا-کۆمیدیایە لە سەردەمی جووتەبرا سلێمان پاشا و مەحموود پاشادا گەیشتۆتە لووتکە، کاتێ وەک نووسەر دەلێ: (ئەم جووتە برایە لە ماوەی چوار سالدا، یەکیان بە یارمەتی لەشکری عوسمانی و ئەویتریان بە یارمەتی لەشکری ئێرانی، شەش جار بەنۆرە بەسەر ولاتی باباندا زال بوون و، ولات لە دەستدرێژی ئەوان تووشی وێرانی و چارەرەشی بوو)(٦)

پیرەمێرد لە یاداشتەکانیدا بە ئاهەنگ نەینووسیوە کە (سلێمانی لە ئێپتیدای تەشکیلییەوە

هەرچی ئەبوو بە حوکمدار برابچوکەکەی دەری ئەپەڕاند)(٧)

لێکدابڕانی نەتەوەکەمان، لەبەر هەر هۆکارێکی خۆیی و بابەتی، نێوخۆیی و دەرەکی بێ، تائیمڕۆ گیروگرفتی گەورەیان لەبەردەم سەرجەمی ژیانی مادیی و ڕۆحیی نەتەوەکەمان، بە تایبەتی بۆ بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی دروست کردووە. بەڕای من ناشکرێ لێکدابڕانی کولتووری و نەتەوەیی ئیمڕۆی بەشەکانی کوردستان و پرش و بڵاوی نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی کورد تەنیا بە ئەنجامی دابەشکردنی نوێی کوردستان (واتا دوای جەنگی یەکەمی جیهان) دابندرێ، بەڵکو مێژووەکەی زۆر لەوە کۆنترە. دەشێ خودی ئەم لێکدابڕانە مێژوویە یاریدەدەرێکی دابەشکردنی نوێی کوردستان بووبێ کە ئیمپریالیستەکان توانییان بە سووک و ئاسانی گەمە بەچارەنووسی سەرجەمی نەتەوەکەمان بکەن و وڵاتەکەمان بەسەر خەڵکی تردا بیەشنەوە، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی کوردستانی، یان یەکگرتوانەی فراوان ببنەوە.

لام وایە مێژوویی ئێمە وەک یەک بابەتی یەکگرتوو، وەک یەک شێوە ژیان و یەک چارەنووسی هاوبەش... وەک یەک زنجیرە خەبات... وەک یەک هێزی هاوبەشی مادیی و ڕۆحیی وەک ئامانج و ئایدیاڵی هاوبەشی یەک نەتەوە، هێشتا کاری خۆی نەکردۆتە سەر ئێمە... مێژووی ئێمە، بە مێژووی فیکریی و کولتووریشمانەوە، هێشتا کەرەسەیەکی خاوە و نەکراوەتە.

هۆکارێکی پەروەردەکردنی مرۆڤەکانی کوردستان، نەکراوەتە ئەو میرات و سامانە نەتەوەییە هاوبەشەی هەر مرۆڤێکی کورد لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێ پێی شارەزابێ و شانازی بەلایەنە گەشەدار و شۆڕشگێڕ و دیموکراتخوازەکانیەوە بکات. بۆیە ئێمە زیاتر بەرهەمی بەشێکی مێژووی نەتەوەکەمانین نەک بەرهەمی سەرجەمی مێژووەکەمان... خەڵکی هەر پارچە و هەرێمێکی کوردستان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی مێژووی هەرێمەکەی خۆیان نەک مێژووی هەموو کوردستان... هەر بەشەمان سەرقاڵی گیروگرفت و بەرژەوەندییەکانی بەشەکەی خۆمانین نەک بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکەمان... تۆبڵێی لە ئەنجامی ئەم دیاردەیەدا نەبێ کە ئیمڕۆ لەگەڵ ئەوەی گەلەکەمان ڕووبەڕووی مەترسی لەناوبردنی فیزیکی و ڕۆحی بۆتەوە، کەچی تائێستا بیری سیاسی کوردستانی... بیری یەکێتی خەباتی کوردستانی... دەرککردن بە یەکێتی چارەنووس و ئایدیاڵ و ئامانجی کوردستانی بە رادەیەک لە نێو ئێمەدا لاوازە کە لایەنەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان ناتوانن لەسەر سادەترین بەرنامەی هاوبەشی کوردستانی ڕێک بکەون. یان کاتێ بەشێکی نەتەوەکەمان لەناو دەبرێ کەچی هێزە سیاسییەکانی بەشێکی دیکەی نەتەوەکەمان بێدەنگ دەبن لە لاشیان شەرم نییە کە تەنانەت هێندەی خەڵکی نەناس و بیانی لەسەر نەتەوەکەی خۆیان بە دەنگ نایەن.

لێرەوە پێشنیار دەکەم لەسەرەتادا بۆ مێژووی نەتەوەکەمان بگەڕێینەوە، تابتوانین سەرجەمی ئەم مێژووە، وەک یەک بابەتی پێکەوە گرێدراو بکەینە هێزێکی نوێی مادی و ڕۆحی نەتەوەکەمان. تائێمە و نەوەکانی ئایندەمان، بە پێچەوانەی باپیرانمان. ببینە بەرهەمی مێژووی سەرانسەری نەتەوەکەمان نەک مێژووی هەرێمەکەمان... ببینە هەڵگری ئامانج و ئایدیاڵی هاوبەشی نەتەوەکەمان نەک تەنیا ئایدیاڵ و ئامانجی تەسکی ناوچەکەمان. تابتوانین کوردستانیانە، نەک هەرێمچیانە بیر بکەینەوە و کار و کۆشش بۆ ئایندەی هاوبەشیمان بکەین.

ئەگەر فیکر و (هوشیاریی) نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیمان ڕەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەیی و

کۆمەڵایەتیمان بێت، ئەوا گۆڕینی ئەم واقیعە سەپاوەی کوردستان پێویستی بەداهێنانی فیکر و هۆشیارییەکی نوێی نەتەوەیی هەیە کە ببێتە هێزێکی مادی نەتەوەکەمان.

سەرچاوە و پەراوێزەکان


١- الدكتور عزالدين مصطفى رسول، احمدي خاني شاعرا ومفكرا، كليه الآداب، جامعه بغداد- ١٩٧٩ ل٨٩.

٢- شەرەفنامەی شەرفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی- چاپی دووەم تاران- ١٩٨١. پەراوێزی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی ل٧٨٧- ٧٨٨- هەروا بڕوانە: محمد امین زکی- خلاصه تاریخ الکرد وکردستان. الجزء الاول- ترجمه محمد علي عوني- الطبعه الثانيه- پەراوێزی ل٦٠٢.

٣- ئەنوەر قادر محەمەد- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ستۆکهۆلم ١٩٩٠ ل٣٩.

٤- هەمان سەرچاوە ل٣٩.

٥- بۆ زیاتر لەم ڕووەوە بڕوانە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ. چەند سەرنجی دەربارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بەغدا ١٩٧١. هەروا بڕوانە رەفیق سابیر، سەرەتایەکی مێژوویی دەربارەی سەرهەڵدانی هۆشیاری خۆیی نەتەوەیی لە کوردستاندا، گۆڤاری (ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٨٧.

٦- بڕوانە: عبدالقادر ابن رستم باباني، تاريخ وجغرافياي كردستان موسوم به سير الاكراد، بكوشش محمد رئوف توكلي. چاپخانەی أرژنگ ١٣٦٦- ئەم کتێبە لەلایەن مامۆستا کەریمی حیسامی-یەوە کراوە بە کوردی.

٧- یادداشتەکانی پیرەمێرد، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا. ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، بەغدا ژمارە (٤٨) ڕۆژی ١٩٩٠/٦/٢٣.




# دۆزی کورد لە ئاستانەیێکی وێڵدا

کرمانج گوندی

دۆزی کورد، لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی بیستەمدا، بە دابەشکردنەوەی کوردستان بۆ پێنج پارچە کەوتە قۆناغێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، و ئەم ناوچەیەش بووە داغترین نوختەی جیهان!

ئەستوور بوونی هەستی «کوردیزم» لە ئەنجامی ئەو سیستەمە ناعادڵەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندرا، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لە دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە کوردستاندا. ئەمەش، هۆکارێکی دیکە بوو کە دۆزی کورد لە پێوەندەکانی جیهانییدا سیمایەکی دیکە بە خۆوە بگرێ، و لە قۆناغە رامیارییەکانی دنێدا پتر وەدەرکەوێ. بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی، هەتا ئێستاش، مەسەلەی کورد، لە پێوەندەکانی هێزەکانی جیهانیدا لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەلاتی ناڤێندا، هەمیشە وەکی مەسەلەیێکی «دەستەی دووەم» یان «ژووەکی» مامڵەی لەگەڵدا کراوە. بەلاّم، خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی تەسکەرەی نەتەوایەتی، وای کرد کە هێزەکانی جیهانیی نەتوانن حاشای لێبکەن.

جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهەرحاڵ، گۆڕانێکی بنچینەیی لە دۆخە مێژوویییەکەی ناوچەدا درووست کرد. ئەم هەقیقەتە مێژوویییە نوێیە، ئەوەی سەلماند کە مەسەلەی نەتەوایەتی، وەکو شتێکی یەقین، دەبێ چارەسەرێکی دادپەروەرانەی بۆ پەیدا بکرێ. ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆی گۆرانکاریی لە ناوچەکەدا ئەمانە بوون:

١- بلندبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە نێو تورک، عارەب، فارس، و کورداندا، و خەباتی هەریەکێکیان بۆ دامەزراندن، یان پارستنی دەوڵەتی ناسیونالیی خۆی.

٢- مەزیەتە ١٤ خاڵییەکەی پرێزدنت وێلسن، کە لە بەندی ١٢مدا، دان بە مافی چارەنووسی گەلە ناتورکەکانی نێو ئیمپراتۆرێتیی عوسمانیدا دەنێ.

٣- دامەزراندنی «کۆمەڵی نەتەوەکان» لە شێوەی رێکخراوێکی جیهانیی، وەکو هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بۆ پێشڤەبردنی پێوەندی نێوان نەتەوەکان.

٤- کەوتن و دابەشبوونی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی.

٥- دەنگدانەوەی شۆرشی بۆڵشەفیک لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، لە روسیادا، کە لە دەمکاتی خۆیدا کەم و زۆر هێزکاری لەسەر گەلە ئارەزوومەندەکاندا هەبووە.

ئەنجا پەیمانی «سیڤەر» لە ١٠ی ئۆگێستی ١٩٢٠دا، ئومێدی کوردستانێکی سەربەخۆی لە بەشێکی گچکەی کوردستانی بندەستی تورکیادا بە کوردان‌دا، و بڕیار درا کە پاشان لەگەڵ ئەو پارچەیەی کە بە تازەیی بە ئیراقەوە لکێندرابوو، ئەگەر پێکەوە قایل بن، دەتوانن خۆیان لێک

بەندەوە. ئەمەش یەکەمین سەرنجی دیپلۆماسییانە بوو کە لەلایەن هێزە تەبەکانی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بڕیاری لەسەر درا.

پاشان، لە ژوولای ١٩٢٣دا، ئەم پەیمانە بە پەیمانی «لۆزان» جێگەی گۆڕدرایەوە. ئیدی لەوێ بە دواوە، دۆزی کورد خرایە ژێر لێوانەوە.

لە ١٩ی دیسێمبەری ١٩٦٦دا، شوڕای گشتی نەتەوەیەککرتووەکان، دوو پەیمانی نوێی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤدا بەست، کە یەکەمیان پێوەندی بە مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی، و کولتوورییەکانەوە هەبوو. دووەمیان، پێوەندی بە مافە سیڤیلی، و رامیارییەکانەوە هەبوو. لە بەندی یەکەمی پەرەگرافی یەکەم، لە هەرتک پەیماندا هاتووە- (هەموو گەلان، مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەیە. بەپێی ئەم مافە گەلان دەتوانن ئازادانە بڕیار لە چلۆنایەتی پێشڤەبردنی بوارەکانی رامیاریی، کۆمەڵایەتی، و کولتووری خۆیان بدەن.)

لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠دا، نەتەوەیەککرتووەکان، لەسەر بنەماگەی مرۆڤایەتییدا بڕیارێکی دیکەی سەبارەت بە یەکسانی نەتەوەکان دەرکرد، کە تێیدا گوترا بوو (بنەماگەی مافی چارەنووس، مەرجی سەرەکییە بۆ یەکسانی لە نێوان نەتەوەکاندا.)

بە گوێرەی ئەم بڕیارانە، ماف بە گەلانی چەوساوە و بندەست درا کە هەموو رێگەیەک، بە خەباتی چەکداریشەوە، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیاندا بەکاربهێنن.

جێگەی سەرنجە، ئەگەر تەماشای بنەماگەی ئەو بڕیارانە بکەین، داخوا چۆن لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بەکارهێنراون؟ داخوا نەتەوەی کوردی بندەست و بەشخوراویش شانسی ئەوەی پێدراوە تاکو لە ژێر رۆشنایی ئەم بڕیارانە وەکو نەتەوەیەک بناسرێ، کە لە پێناوی مافە نەتەوایەتی و دیموکراتیکەکانیدا خەبات دەکا!

بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتی کوردان لەگەڵ بزاڤە ئازادیخوازەکانی دیکەی جیهانی سێیەمدا بەراورد بکەین. لەو حاڵەتەدا، دەبینین کە زۆر لە بزاڤە ئازادیخوازەکان لە پێوەندەکانی جیهانییدا، سەرنجی پێویست و کورسیی چاودێریان لە نەتەوەیەکگرتووەکان، و بواری بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسە جیهانییەکاندا پێدراوە.

رێکخراوەکانی (SWAPO, POLISARIO, PLO) لەبن رۆشنایی بڕیارنامەی VXI/ ١٥١٤ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٦٠دا، مافی رەوایێتییان پێدرا کە نوێنەرایەتی دۆزەکانی خۆیان بکەن.

PLO، بەپێی بڕیارنامەی ٢٥٣٥، لە ١٠ی دیسێمبەری ١٩٦٩دا، لەلایەن شوڕای گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناسرا، و لەوێ بە دواوە دۆزی فەلەستینییەکان، وەکو گەلێک کە بە دوای سەربەخۆییدا وێڵە تەماشا کرا.

POLISARIO، بە بڕیارنامەی ٣٤٥٨، لە ٦ی دیسێمبەری ١٩٧٥دا، وەکو نوێنەری متمانەپێکراوی گەلی سەحرای رۆژاوا لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە رەوایێتیی وەرگرت.

SWAPO، بە گوێرەی بڕیارنامە (رێزە لوسیۆن)ی ٣١١١ی نەتەوەیەکگرتووەکان، وەکو نوێنەری بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی نامیبیا قەبووڵ کرا.

بەڵام، کە بەری خۆ دەدەینە بزاڤی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان، دەبینین، وەکو ئەو بزاڤانەی لێیان دواین، سەرنج و یارمەتی جیهانیی بەخۆوە نەدیوە، و لەلایەن

نەتەوەیەکگرتووەکانیش، یەکسان وەکو بزاڤەکانی دیکە حسێبی بۆ نەکراوە. ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردان مۆتیڤی ئەوەی نەبووبێ، یان پێنەدرابێ کە وەکی بزاڤە تێوبراوەکان سوود لە بڕیارنامە (ڕێزە لوسیۆن)ی ١٥١٤دا، وەرگرێ.

بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردان، بە هەرچۆنێک بێ، ناتوانێ پێش ئەوەی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، وەکی نەتەوەیێکی بەشخوراو قەبوڵ بکرێ، تەسکەرەی ولاتێکی کۆلۆنیالیزەکراو وەربگرێ. کەواتە، لێرەکانە، ئەرکی سەرشانی بزاڤی ئازادیخوازانەی کوردان گرانتر دەبێ و، گەرەکە سەختتر و جیددیتر کاربکا بۆ ئەوەی لەکن نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕەوانیێتیی دۆزی نەتەوەیێکی بندەستی پێبدرێ. وەکو دەبینین، هەتا ئێستا، هیچ بڕیارنامەیێک لەمەڕ دۆزی کوردان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە نەنووسراوەتەوە کە کورد وەکو نەتەوەیێکی دابەشکراو تەماشا بکا. دۆزی کورد، هەمیشە وەکو مەسەلەیێکی ژوورەکیی ئەو ولاتانەی کوردستانیان لەنێوخۆیاندا دابەشکردووە حسێبی بۆ دەکرێ.

لە تەنیشت خۆگێلکردنی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دۆزی کورددا لایەنێکی دیکەش کە دەیتوانی مەسەلەی کورد لە ناوچەکەدا بخاتە پێشچاو، پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچە بوون. دووی پارتە کۆمۆنیستەکانی ناوچە، سەبارەت بە دۆزی کورد سیمایێکی نەرێنی هەبووە، و وێکرا لەگەڵ جیلدی نەبوونی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەمەڕ دوا ئامانجی خەڵکی کوردستاندا بوونەتە هۆی ئەوەی، ئەو نەتەوانەی کە نەتەوەی کورد لەگەڵیاندا دەژی، وەکو فارس، عارەب وتورک، لە ڕەوانیێتیی دۆزەکە و هەقیقەتی مێژوویی نەتەوەی کورد نەگەن، و وەها بیرنەکەنەوە کە گوایە کوردەکان، پێ لە بەڕی خۆیان درێژ و زێدە داواکاریی دەکەن، و سەرێشە بۆ ئەم نەتەوانە درووست دەکەن، و دەبنە هۆی پاشخستنی پرۆژەکانی پێشکەوتنی ئەم ولاتانە. پارتە کۆمۆنیستەکان، بەوە سەربەخۆیی کوردستانیان ڕەد دەکردەوە، گوایە پرۆلیتاریای ئەم ولاتە لەت و کەرت دەکا، و زەرە بە بزاڤی کۆمۆنیستی ناوچەکە دەگەیەنێ. لەلایەکی دیکە، بە هەڵکێش و تێکێشی ئایدیۆلۆژیی، و تەرازووکردنی دۆزی کورد بە بنەماگەکانی ستالین، کە مافەکانی نەتەوە لە کورد دەستێننەوە، مەسەلەی کوردیان دەقەبلاند!

ئەم سیاسەتەی کۆمۆنیستەکان، و زەبروزەنگی داگیرکەران، و چاوچڵێسی سەرپێرپاوەرەکان و بروا بەخۆ نەبوونی سەرانی کورد لەبەرامبەر داخوازییە نەتەوایەتییەکاندا، بوونە فاکتەری ئەوەی کە دۆزی کورد بکەوێتە حاڵەتی ترس و پاڕایی و خۆ بە کەمگریی!

مەسەلەی کورد، بە هۆی چەند ڕیفۆرمێکی ساختە و قسەی سەوز و سوور لەچواچێوەی مافی کولتووری، یان لامەرکەزیی، یان ئۆتۆنۆمی، و پاشانیش ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە لە قالبێکی گچکەدا ئاخنراوە.

لە هەمووی دژوارتر، خۆبەستنەوەی ڕێکخراوە رامیارییەکانی کوردستان بە درووشمی ئۆتۆنۆمییە. ئەم سیاسەتە، وای کردووە کە دۆزی کورد، وەکو مەسەلەیێکی ژوورەکیی حسێبی بۆ بکرێ. هەر ئەمەش، ڕەوانیێتیی بە دەسەڵاتدارانی داگیرکەرانی کوردستان داوە کە بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی ولات و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکەونە ویزەی کورد، و هەموو تاوان و درۆ و دەلەسەیێک بۆ سەرکوتکردنی کوردان بکەن، و کەسیش مافی ئەوەی نەبێ دەنگێکی خێرخوازیی لێوەبێت و لەسەر کوردان بکاتەوە. بۆچی؟ چونکە مەسەلەکە نێوخۆییە.

دۆزی کورد، جەوهەرەکەی رزگارکردنی خاک و نەتەوەیە و پێوەندی بە مافی چارەنووس و بە سەربەخۆییەوە هەیە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە، وەکی مەسەلەیێکی مێژوویی و نەژادیی بخرابایە قاڵب و بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی، نەک بۆ (پێکەوە گوزەراندن) لەگەڵ نەتەوە دەسەڵاتدارەکاندا خەباتی بکردایە، ئەورۆ نەفسییەتی داگیرکەرانی کوردستان بە جۆرێک رادەهات کە لە روانگەی مەسەلەیێکی سەربەخۆ، و جیاواز مامڵە لەگەڵ دۆزەکە بکەن، و جیهانیش بە چاوێکی واقعیینانەتر بنوارێتە داخوازی کوردان.

■ ئەم باسە، لە پێشەکی سیمینارێکدا بە ناوی (دۆزی کورد لە سیاسەتی ئەمریکادا) لە رۆژی ١٩٩١/٦/١٥، لە شاری ئاهوس، لە دانمارکدا خوێندراوەتەوە.



# بەرەو ئازادی

*حوسێن محەمەد عەزیز*

دەیان ساڵە نەتەوەی کورد، لە کوردستانی دابەشکراویدا خەبات دەکا و خوێن دەڕێژێ و قوربانی دەدات، لە پێناوی ڕزگاری خاکی داگیرکراویدا، بەڵام بە داخەوە، ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانە بە فیڕۆ چووە و خوێنی گەشی هەزاران لاوی کورد، (هەرچەندە بە ناهەق نەڕژاوە) بێ ئەنجام و بێ بەربووە.

ئەمڕۆش لە هەموو ڕۆژێ زیاتر، نەتەوەی کورد ئامادەیە بۆ قوربانی دان و سوورە لەسەر تێکۆشانی، جا ئەو تێکۆشانە بە هەر شێوازێک بێت گرنگ نییە، ئەگەر سەرکردە و پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان چەواشەی نەکەن و دەستی خۆ بە دەستەوەدانی پێ هەڵنەبڕن.

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی تێکشکان و هەرەسهێنانی هەموو شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد، لە کوردستانی مەزندا هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش، نەبوونی سەربەستی ڕادەربڕین بووە، خۆ سەپاندن و دیکتاتۆری بووە، کە لەمڕۆشدا و بگرە تا ئاسۆیەکی دوورتریش تروسکایی ئەو دیموکراتییە لە گۆڕەپانی ڕامیاری کوردیدا و لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەدی ناکرێ، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا مایەی ماڵ وێرانی و مەترسی زۆر شتی گەورەی لێدەکرێ و لە خەراپترین شێوەیدا درووست بوونی دووبەرەکی و نوێ بوونەوەی شەڕی کورد کوژی و تا دەگاتە خۆبەدەستەوەدان و هەرەسهێنانە، بەڵگەی قسەشمان ئەو دووبەرەکی و شەڕی براکوژییە بوو کە لە ساڵانی شەستەوە لە ریزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە تاکو شۆڕشی نوێی ئەمجارەمان دەستی پێکردبوو، کە بووە هۆی گەلێک کارەساتی دڵتەزێن و جەرگبڕ و سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە و خەنی بوونی داگیرکەران، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە دیکتاتۆرێکی وەک (سەدام) لەم ڕووەوە ئامۆژگاری ڕێکخراو وپارتە ڕامیارییەکانی خوارووی کوردستان بکات و پلاریان تێ بگرێ.

هەر بە هۆی نەبوونی دیموکراسییە کە ئەو زەبر و زەنگ و خۆسەپاندن و توندوتیژی و هەڕەشەکردن و جنێودان و سووکایەتی بەیەک کردنە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری و لەنێو ڕۆشنبیرەکانماندا زۆر بە زەقی لە مامەڵە کردن لەگەڵ یەکتری و لە نووسین و گفتوگۆ و لێکۆلینەوەکانماندا، ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەوە نیشانەی دیکتاتۆری و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە ئازادی و سەربەستییەکە و لە پلە و پایەی مرۆڤ دێنێتە خوارەوە و لەگەڵ گیانی سەردەم و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و ڕەوتی پێشکەوتندا ناگونجێ و، هەندێ جار دەبێتە مایەی شەڕ و لێکدابڕان و ئازاردانی یەکتر.

ئەگەر بەراوردێکی بچووک لەنێوان کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دیموکرات و کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئێمە چەند دواکەوتووین و هێشتا چەندمان

ماوە نەک هەر بەوان بگەین، بەڵکو لەیەکتری بگەین و ڕێزی یەکتر بگرین.

دیموکراسی ئەمڕۆ بووەتە مایە و سەرچاوەی پێشکەوتن بۆ میللەتانی سەر ڕووی زەوی، ئەوانەی هەفتا، هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەو هەلەیان لەکیسچوو، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دروست بکەن، ئەوانە ئەمڕۆ بە هەموو بڕوایەکەوە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و هەوڵ دەدەن کاروبارەکانیان ڕاست بکەنەوە و دان بە هەڵەکانی ڕابردوویاندا دەنێن و بەردەوام لە تێکۆشان دان بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراتی لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆیاندا.

باری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە ڕووەکانی ڕامیاری و ئابووری کۆمەڵایەتی و، دواکەوتنی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی شارستانی جیهان و بە جێمانی لە نەتەوەکانی تر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەپاندنی واقیعی داگیرکردن و دابەشکردن و لێکداپچڕاندن و لەبەرڕۆچونی فاکتەری ئابووری و چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانییەوە، لەلایەن داگیرکەرانەوە، هەرچەندە ئەو نەتەوە سەردەستانەش، ئەوەندە پێشکەوتوو نین بەڵکو ئەوانیش بەدەم دەردی دواکەوتوویی و نەبوونی سەربەستی و ئازادی و خۆسەپاندنی دەستەیەک بەسەریاندا دەناڵێنن. لە ئەنجامی ئەو دیکتاتۆری و بارە هەموارەی کە نەتەوەکانی سەردەستیشی تێکەوتووە، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەو بارودۆخە هەر کار دەکاتە سەر ئاستی پێشکەوتن یان دوا کەوتنی نەتەوەی کورد، بۆ نموونە، خۆ سەپاندنی هەر کۆمەڵێکی سەربازی یان دەستەیەکی دیکتاتۆر و ڕەفتار فاشی لە پایتەختەکانی ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشقدا، لەژێر هەر ناو و پەردەیەکدا بێ، ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر پارچە جیاجیاکانی کوردستان و لە نێونەتەوەی کوردیشدا هاوەڵ و هاوڕێیان بۆ پەیدا دەکات. ئەگەر ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستان وریانەبن و ڕەگی قوڵیان لەسەر زەمینەی دیموکراتی دانەکوتابێ و پشت بەستوونەبن بە گەل.

بۆیە دەبێ خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی نەتەوەی کورد، چەند دژی داگیرکەران و چەوسێنەرانی نێونەتەوە سەردەستەکانن، ئەوەندە و بگرە زیاتریش دژی دیکتاتۆری و خۆسەپاندن و ئازاردان و ڕاونانی تێکۆشەران و شەڕی براکوژی و ئایدیولۆژی و ڕەفتار فاشییەکان بوەستنەوە لە پێناوی بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاد و دیموکراتدا.

نەتەوەی کورد، زیاد لە هەموو نەتەوەکانی تری ئەم جیهانە و زیاد لە هەمووشت لەنێوخۆدا پێویستی بە دیموکراسی هەیە، دەبێ هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە هەوڵبدات بۆ پیادەکردنی دیموکراسی و سەرەتا لە خۆیەوە دەست پێبکات و لەگەڵ هاوەڵ و دەورو بەرەکەیدا دیموکراتی بێت، پاشان هەوڵی دیموکراتیزەکردنی دەورووپشت و کۆمەڵگەی کوردەواری بدات، پێویستە و زۆریش پێویستە کە لە بیروبۆچوونەکانمان و ڕا دەربڕینمان و مامەڵەکردنمان لەگەڵ یەکتریدا، زۆر دیموکرات بین و بەگیانێکی پاکی مرۆڤ پەروەرانە و بە ڕەوشتێکی بەرزی کوردانەوە خۆمان پەروەردە بکەین و ڕاست گۆبین لەگەڵ یەکتریدا و ڕێزی بەرامبەری لەنێوانماندا بکەینە دروشمی ڕۆژانەمان و پەنجەی ڕەتکردنەوە ئاراستەی هەموو جۆرە دیکتاتۆری و جەور و ستەمێک بکەین و پشتگیری هەق و دادپەروەری بکەین و هەموو ڕەفتار فاشییەکان، (لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بن) ڕیسوا بکەین و ئەوەی بە خۆمانی ڕەوا دەبینین، بە خەڵک و هاوەڵەکانمانیشی ڕەوا ببینین. هیچ نەنگیش نییە، ئەگەر چاو لە خەڵکی پێشکەوتووخواز و دیموکراتخواز بکەین و شتە چاکەکانیان لێوەفێر بین.

شاراوەش نییە، کە مەبەستمان لە دیموکراسی، بەرەڵایی و لیبراڵی نییە، پێویستە هەموو شتێکیش لەچوارچێوە و لە سنوری دیاریکراوی خۆیدا بێ و وەک دەڵێن، هەموو شتێ بە خۆی و خۆێنش بە مانا. هەر بۆ نموونە، گەر هەوڵی دیموکراتیزەکردنی ڕادەربڕین و نووسین و ئازادی چاپەمەنی و پەخش و بڵاوکردنەوە بدەین، مانای ئەوە نییە کە هەر کەس نوکی خامەکەی خۆی لێ تیژ بکاتەوە و بە ئارەزووی دڵی خۆی قسەی سەرجادە ریز بکا و هەست و هۆشی خەڵکی دی بریندار بکا و سوکایەتی بە یەکدی بکەن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئایا کوردی پەڕیدەی هەندەران، پێویستی بەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەیە هەیە کە ڕۆشنبیرەکانمان دەری دەکەن؟ هەر چوار کەس کۆدەبنەوە و بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێک دەدەن، ئەمە بۆ؟ ئەوە جگە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردستانییەکان، کە بە ڕاستی مرۆڤ فریای خوێندنەوەی هەر هەموویان ناکەوێ. دیارە چاکتر وابوو، کە ئەو هەموو هێز و توانا و خامەڕەنگینانە، یەکیان بگرتایە و گۆڤارێکی مانگانەی ڕێک و بەناوەرۆک دەوڵەمەندییان دەربکردایە کە شێوەی زانستی لە نووسیندا ڕەچاو بکردایە، بەڵام لەوانەیە هەندێ لە برایانی خۆشەویست بپرسن، کە بۆچی ئەمە ئازادی قەدەغەکردن نییە؟ ئەی دیموکراسی بەلای تۆوە چییە؟ من لەوەڵامدا دەڵێم: ئەوە بە هۆی دیموکراسییەوە نییە، بەڵکو هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ئایدیولۆژی و نەگونجان و قینەبەرایەتی یەکتری و، تا دەگاتە دوژمنایەتییەکی خەستیش، لەژێر ناوی دیموکراسیدا، ئەگینا، با گۆڤارێک یان دوان هەبێ، بۆ هەموو کەسێکیش هەبێ، بە شێوەیەکی دیموکراتی، بەبێ جیاوازی ئایدیولۆژی، نووسینی بە کەڵکی تیا بڵاو بکاتەوە. کەچی هەندێ لەو گۆڤارانە و هەندی لە نووسین و بابەتی نێو گۆڤارەکان، گەلێک کاڵ و کرچن و بە ئاشکرا بۆنی ناکۆکی و پلارهاوێشتن و پێکەوە هەڵنەکردنیان لێدێت.

سەیریش ئەوەیە، ئەو برا ڕۆشنبیرانە، کە لە کاتی گفتوگۆدا داوا دەکەن هەموو ڕێکخراو و پارتە ڕامیارییەکانی کوردستان ببنە یەک، کەچی بە هیچ جۆرێک باسی ئەو هەموو گۆڤارانە ناکەن کە دەردەچن! کە لە ڕاستیدا هەر خۆشیان بوونەتە هۆی دورکەوتنەوە لە یەکتری و دەرکردنی ئەو هەموو گۆڤارانە و کەسیشیان ئامادە نین نەک تەنیا یەک بگرن و بە هەموو لا گۆڤارێکی مانگانەی ڕێکوپێکی خنجیلانە دەربکەن، بەڵکو تەنانەت هەر بیر لەو کارەش بکەنەوە.

زۆر جێگەی خۆیەتی و کاتی ئەوەش هاتووە، نموونەیەکی دی بخەینە بەرچاوی خوێنەوارانی هێژا، ئەرێ براینە کەسێک لە خۆی پرسی، کە ئەو هەموو ڕێکخراو و پارت و دامودەزگا ڕامیاریانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن، گشتیان پێویستن؟

ئایا نەتەوەی کورد توانای هەڵگرتن/هەرەسکردنی ئەو هەموو ڕێکخراوە کوردی و کوردستانییانەی هەیە؟ ئایا زۆربەی زۆری پەیڕەو و پرۆگرام و نووسین و بۆچوونەکانی ئەو پارتانە لێک ناچن و نزیک نین لە یەکدییەوە؟ ئایا هەر هەموویان ڕێک نین لەسەر دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)؟ ئایا هەر هەموویان بڕوایان بە گفتوگۆ نییە لەگەڵ داگیرکەرەکەدا؟ ئایا هەر هەموویان بڕوایان بە کردنەوەی بەرەیەکی عێراقی نییە و لە بەرەیەکی کوردستانی- عێراقیدا کۆنەبوونەتەوە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەو سەرکردانە چاوێک بە بەرنامە و نووسین و

کردارەکانیاندا بخشێننەوە و بڕیاری یەکگرتن و یەکبوونەوە بدەن؟ ئایا ناتوانرێ لە بری ئەوەی (۲۰-۳۰) پارتی کوردی و کوردستانی لە کوردستانی گەورەدا هەبێ، چەند دامودەزگایەکی ڕامیاری لەسەر بناغەیەکی ئایدیولۆژی دروست بکرێت؟ دەبا ئەو سەرکردانە کەمێ لێبووردنیان هەبێ و بەرژەوەندی بڵندی بزوتنەوەی کوردایەتی پێش هەموو لێکدانەوەیەکیان بخەن و چی دی لەوە زیاتر یاری بە پاشەرۆژ و چارەنووسی ئەو نەتەوە بێ کەسە نەکەن.

من پێم وایە، ئەو کەسەی بە توانا و لێهاتوو دڵسۆزیی بۆ نەتەوەکەی (گەر کێشەکە، کێشەی سەرکردایەتی بێ) ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ، لەهەر ڕێکخراوێکی ڕامیاریدا کار بکات، هەرپێش بکەوێ و جێگەی خۆی لە کۆمیتە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوەدا بکاتەوە و نەخشە و پلان و بۆچوونە ڕامیارییەکانی بە شێوەیەکی دیموکراتی لە نێو ریزی ئەو ڕێکخراوەدا، بچەسپێنێ، ئەگینا کەی ڕەوایە زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکانی کوردستان، دەم لە مارکسییەتەوە دەدەن، کەچی ئامادەی ئەوەیان تیا نییە کە بینە یەک و، یەک ڕێکخراوی مارکسی کوردستانی سەرتاسەری دروست بکەن! ئایا ئەوەش بەڵگە و بەهانەی دیموکراتییە؟ یان بوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە نیشانەی زیندووی نەتەوەی کوردە؟ نەخێر، من پێم وایە هۆکەی ئەوەیە کە ئەو کەسانە، کەم و زۆر پێکەوە هەڵناکەن کە کاری ڕامیاری لەگەڵ یەکدا بکەن و گیروگرفتی کورسی و دەسەڵاتداریتی و نەخۆشی سەرکردایەتییان هەیە، کە ئەوە گەلی جار لەسەر جەماوەرانی نەتەوەکە زۆر دەکەوێ.

ئەز لە بڕوای تەواومەوە بە دیموکراسی، پێم وایە لاوانی نەتەوەی کورد ئەو ڕۆڵە دڵسۆزە خەباتکەرانەی کە دەیانەوێ بەکەمترین زیان و بە کورترین ماوە و بە نزیکترین ڕێگا، نەتەوەکەیان بگەیەننە کەناری دەریای ئازادی، پێویستە زۆر بە ئازادی و سەربەستی ڕێگا و ڕێبازی ڕامیاری و بیر و بۆچوونی ئایدیولۆژی خۆیان هەڵبژێرن و ڕێکخراوەکانی خۆیان لەسەر بنچینەیەکی ئایدیولۆژی پێک بنێن. نەک هەر دوو کەس پێکەوە نەگونجان، هەریەکەی دوکانێکی تایبەتی، لە بازاری ڕامیاری کوردیدا قوت بکاتەوە، دەبێ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوایەتیمان، لەپێش هەموو شتێکەوە تێ بخوێندرێتەوە، ئەگینا گەر وابێ، هەرگیز جوڵەیەکی کۆمەڵایەتی پێک نایەت.

ئەز پێم وایە و پێشنیاز دەکەم، ئەگەر ڕێکخراوەکان لەسەر بناغەی کوردستانی و ئایدلۆژی دروست بکرێن. نەتەوەی کورد ئەورۆ، پێویستی بەم چەند چەشنە ڕێکخراوە ڕامیارییانە هەیە:

۱- ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سەرتاسەری کوردستانی، کە هەموو گروپ و دەستە و تاقم و پارتە ڕامیارییەکانی کوردستانی گەورە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و یەک ڕێکخراوی ڕامیاری یەکگرتووی بەهێز بێتە گۆڕێ، ئەویش بە یەکگرتن و خۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەولاو گروپە نەتەوەییانەی کە ڕێکخراو و پارتەکانیان بە ئامراز و هۆ دەزانن لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بە ڕاستی ئەم کارە، کارێکی گرانە و لەخۆبووردنی دەوێ، کارێکی پیرۆزە و پێویستە هەموو کوردێکی دڵسۆز بە (جدی) بیری لێ بکاتەوە و هەوڵی بۆ بدات. ئەورۆش کۆمیتەیەکی کاتی بە نێوی (کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی)یەوە بۆ ئەو مەبەستە، هاتۆتە کایەوە.

۲- ڕێکخراوێکی مارکسی کوردستانی، بۆ هەموو ئەو کەس و دەستە و تاقم و پارتانەی کوردستانی گەورە، کە بڕوایان بە بیری کۆمۆنیستی هەیە، ئەویش، دیسانەوە بە یەکگرتن و

خۆهەڵوەشاندنەوەی گشت لاو ڕێکخراوەکان دەبێ، کە تاکو ئێستا هەوڵێکی زۆر (جدی) لەم بوارەدا نەدراوە.

٣- ڕێکخراوێکی ئیسلامی کوردستانی، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێیان وایە لە ڕێگەی بیروباوەڕی ئایینییەوە، خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن، بە مەرجێ وابەستەی هیچ دام و دەزگایەکی نێودەوڵەتی نەبێ و پەیوەندی بە هیچ دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانەوە نەبێ. لەوانەیە هەندێ ڕۆشنبیر، ئەم بۆچوونەیان بەلاوە چەوت بێ و هاتنە گۆڕێی ڕێکخراوێکی ئیسلامی بە دواکەوتوویی بزانن، بەڵام ئێمە گەر بڕوای تەواومان بە دیموکراسی هەبێ و ڕێزی خەڵکی و بیروبۆچوونەکانیان بگرین، ئەوا ئەمڕۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە و هەنگاویشی بۆ نراوە و دەنرێ. جا چۆن دەبێ دژایەتی ئەو ڕێبازە بکەین؟

ئەوە جگە لەوەی لە ئەورووپا و وڵاتانی تری جیهاندا بە دەیان ڕێکخراوی ئیسلامی و دیانی هەیە و لە هەندێ وڵاتیشدا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەشداری لە دەسەڵاتی دەوڵەتیشدا دەکەن.

٤- ڕێکخراوێکی تایبەتمەند لەژێر هەر ناوێک دابێ، بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێ خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن، بەڵام ناتوانن لە یەکێک لەو خانە ئایدیولۆژییانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، خۆیان بگرنەوە.

لە ئەنجامی ئاقیکردنەوەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، ئەز بێم وانییە (وەک هەندێ کەس پێیان وایە)، کە کورد پێویستی بە یەک پارتە، (چ لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا، یان لە کوردستانی گەورەدا)، و تا هەموو جۆرە بیروباوەڕێک لە چوارچێوەی ئەو پارتەدا کۆ بکرێتەوە، چونکە ئەوە هەر لە سەرەتاوە دیارە کە ئەو پارتە، تا سەر ناتوانێ بەبێ گیروگرفتی ئایدیولۆژی و ڕێکخستن، پەرە بە کاری ڕامیاری خۆی بدات و هەر لە ڕۆژی دروست بوونی ئەو ڕێکخراوە تێکەڵاوەوە، گەرای دووبەرەکی و چەند بەرەکی لەگەڵ خۆیدا دەخات و دادەنێ، جا ئەو دووبەرەکی و ئاکۆکییە لەژێر ناوی کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازی دابێ، یان بە بڕوبیانووی چەپڕەوی و ڕاستڕەوییەوە بێ، یان بە بەهانەی نەتەوەی و مارکسییەوە بێ...... هتد. ئاقیکردنەوەی تاڵی (پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق) مان لەبەرچاوە، کە لە یەکگرتنی چەند ڕێکخراوێک بێ گوێدانە جیاکردنەوەی ئایدیولۆژی و بیروبۆچوونی ڕامیاری دروست بوو، لە ئەنجامدا چەند جارێک دووبەرەکێ و ئاکۆکی بیروڕا بووە هۆی تەقینەوەی گیروگرفت لە ڕیزەکانیدا و تا گەیشتە شەڕی براکوژی دواتریش دروست بوونی چەند ڕێکخراوێکی دی بە تایبەتی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر دار و پەردووی پارتی.

هاتنە گۆڕێ ئەو ڕێکخراوە ئایدیولۆژییە جیاوازانەش مانای ئەوە نییە کە ئیتر هەر ڕێکخراوەی بۆ خۆی بە تەنیا کار بکات و دوورە پەرێز لە یەکترییەوە بوەستن، بەڵکو بۆ هەڵکردن و گونجان و پێکەوە ژیانی ڕامیاری ئەو ڕێکخراوەنەی کە پێشنیار کراوون بۆ کۆکردنەوە و بەگەڕخستنی هەموو هێز و وزە و توانایەکی دڵسۆزی تاکی کورد و ڕێکخراوەکان بۆ تێکۆشان دژی داگیرکەران و دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و جێ بەجێکردنی بەرنامە و تاکتیک و ستراتیژی ئەو ڕێکخراوانە پێشنیار دەکەین کە بەرەیەکی کوردستانی سەرتاسەری لەسەر بناغەی مانی چارەنووس و ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی

دەوڵەتی ناسیونالیستی کوردی لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەدا پێک بێت بە مەرجێ بەرنامە و بۆچوونەکانی خۆی بە ڕوونی بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات و دۆست و دوژمنانی بزوتنەوەکە دەستنیشان بکات و دیموکراسی بکاتە سەرمەشقی کاروبار و تێکۆشانی ڕۆژانەی خۆی.

ئێمە وەک نەتەوەیەک دەبێ ناکۆکییەکان دەستنیشان بکەین و، خۆمان بە شەڕی لاوەکییەوە سەرقاڵ نەکەین و، بە ڕوونی دوژمنی سەرەکی گەلەکەمان بناسین، کە ئەویش داگیرکەرانن، تا ڕۆژی زووتر لە داگیرکردن و دابەشکردن و چەوساندنەوە ڕزگامان بێت و، نەتەوەکەمان وەک تەواوی نەتەوەکانی تری ئەم جیهانە، لەسەر خاکی نیشتمانەکەیدا بە ئازادی و سەربەخۆیی بگات و، لە بنیاتنانی شارەستانیەتی مرۆڤایەتیدا شوێنی شایستەی خۆی بگرێتەوە.

## کوردستان کۆلۆنیایەکی نێو دەوڵەتییە

بە نیازین ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤارەکەمان بۆ مەسەلەی کۆلۆنیالکردنی کوردستان تەرخان بکەین. ئێمە بە پێویستی دەزانین لەم ڕووانەوە ئەو مەسەلەیە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

- لایەنی سیاسی داگیرکردن و کۆلۆنیالکردنی کوردستان.
- لایەنی ئابووری کۆلۆنیالکردنی کوردستان.
- کۆلۆنیالکردنی کوردستان لە ڕووی یاسایی و، بە تایبەتی لە ڕوانگەی یاسای نێو دەوڵەتان و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.
- کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردستان.
- ڕەنگدانەوەی کۆلۆنیالکردنی کوردستان لە کەسایەتی و سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورددا.
- ئێمە هەوڵدەدەین بەپێی توانا بیروڕای کۆمەڵێک کوردناس و ڕۆژهەلاتناسی بێگانە سەربارەت بەم مەسەلانە بخەینە ڕوو. هەروا ئومێدەوارین لە ئامادەکردنی ئەم ژمارە تایبەتییەدا پسپۆران و بیرکاران و نووسەران و سیاسەتمدارانی کوردیش هاریکاری و کۆمەکمان بکەن. بۆ ئەوەی بە کۆششی هەموو لایەک بتوانین بۆ یەکەمین جار، بە جۆرێکی زانستییانە و هەمەلایەنە و، بە کۆمەڵ هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە بدەین.

# کۆماری دیموکراتی کوردستان
# کرۆنۆلۆجی ڕووداوەکان

# پێشەوا لە سەردەمی سەرۆک کۆماردا

● مەحمود مەلا عزەت

بەشی یەکەم

*ڕەسەنترین سەرچاوە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە مێژووی کۆماری دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆمار و نامە و دۆکۆمێنتە جۆربەجۆرەکان و بیرەوەری و یادداشتی هاوەڵەش و هاوژینی کۆمار و نووسینی ڕۆژنامە و گۆڤار و وتاری ڕادیۆیی وڵاتانی ناوچەکەن لەو سەردەمەدا...*

لەناو ئەوانەدا ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تر و ئەو بەڵگەنامانەی مارن و پارێزراون، نرخێکی مێژوویی بێ هاوتایان هەیە، بە تایبەتی تائێستا بەشێکی زۆری نەکەوتوونەتە بەردەست. ئەو ژمارەکەمەش لە نووسەران کە بە دوایاندا دەگەڕێن، بۆ گەلێ بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕوخستنی زۆر لە ڕاستی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار بێ وێنەن و هێندە پڕ بایەخن کە فەوتاندنیان مانای ونکردنی چەند ئەڵقەیەکی گرنگ و بنچینەیی مێژوویی ئەو سەردەمەیە. هەوڵدان بۆ بەردەستخستنی ئەوانەی مارن و بڵاوکردنەوەیان و لەسەر نووسینیان گەلێ لە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەخەنە ڕوو و دەبنە بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسەن بۆ نووسین و توێژینەوە دەربارەی ئەو لایەنە گرنگانەی کە تائێستا لەسەریان نەنووسراوە یان شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەگوتراوە، بەتایبەتی بۆ ئەم باسانەی خوارەوە:

– یاسا و بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگا جۆربەجۆرەکان و شێوەی پێکهاتنیان، سەرچاوەی یاسا و بڕیار و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەیوەندییان لەگەڵ تاران... ناوەندێتی دەسەڵات و جۆری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن لەگەڵ سەربازیدا... سیستمی بەڕێوەبردن و شێوەی پەیوەندی دامودەزگاکان، سیستمی مرچەی مانگانە و جۆری دابەشکردنی و... هتد.

– گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی تاران، هۆی گفتوگۆ و هەلومەرجەکان، ڕێککەوتن و بەندەکانی، ڕێڕەو و وتووێژ و دەقی نووسراوەی دانیشتنەکان، هەڵوێستی ڕاستەقینەی لێپرسراوانی ئێران و

ئەفسەرانی ئەرتەش، هۆی سەرنەگرتنی کۆبوونەوەکان زیان و دەستکەوتەکان.

– ئابووری کۆمار وژیانی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و کەسابەت، گوزەرانی جەماوەر و سەرچاوەی کار و دەرامەت، سەرچاوەی داهات و بودجەی وزارەت و داهاتی نەتەوەیی، ئابووری سەربازی، جۆری دابینکردنی پێویستەکانی دەوڵەت و بە پیرەوەچوونی داواکانی خەڵک...

– لایەنی کۆمەڵایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵیان لە بەڕێوەبردن و بەرگریدا، پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتیە هەمە جۆرەکان، سیستەم و رۆڵی عەشایری، گوزەرانی خەڵکی لادێکان...

– ئەدەب و هونەر، شیعر و شاعیران، نووسەر و چیرۆکنووس و هونەرمەندان. ژیانی رۆژنامەگەری و چاپکردن، ژیانی رۆشنبیری و قوتابخانە و خوێندن و یاساکانی، زمان و رێزمان و نووسین و ئاستی گەشەکردنیان.

– لایەنی سیاسی و دیپلۆماسی، ئاستی هوشیاریی سیاسی و مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەخۆ و دەرەوەدا، ئازادی رادەربڕین، ئازادی کار و هاتوچۆ. رەنگدانەوەی لایەنی سیاسی و سەربازی لەسەر گفتوگۆ و هەڵوێست وەرگرتن.

– لایەنی سەربازی، لەشکر و پێشمەرگە و چۆنیەتی پێکهاتنی هێزە چەکدارەکان، ئابووری عەسکەری و ئاستی دابینکردنی پێداویستییەکانی سەربازی و چەک و تەقەمەنی، ئاستی هێز و خورتی سوپا و ئامادەبوونی بۆ جەنگ و داکۆکی، بوونی دەوڵەتان و هێزەکانیان لە ئێراندا، ئامانجی ئەو هێزانە، هەلومەرجی کۆمار لە ڕووی ململانێ و ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتانە.

بابەتێکی گرنگی ئەو مەیدانانەی نووسین و لێکۆڵینەوە، سەردەمی کۆمار و دیاردە و کرۆنۆلۆجیتی رووداوەکانە: کە دەست پێوەگرتنیان، بووژاندنەوە و پاراستنی سامانە مێژووییەکەمانە و دەبنە سەرچاوەیەکی رەسەن بۆ هەر نووسین و لێکۆڵینەوەیەک. جگە لەمەش زەمین خۆشکردنیشە بۆ چوونە ناو قوڵایی رووداوەکان و توانا زیاد کردنە بۆ نووسەران کە بچنە نێو نهێنی و راستی ململانێ و هۆی جوڵێنەری روداوەکان، دەستنیشانکردنی هەڵە و چەوتییەکان بۆ سوود وەرگرتن لە دەرس و پەندەکانی ئەو رووداوە مێژووییە.

زانیاری لەسەر پێشەوا قازی محەممەد لە شێوەی وتار و لە هەندێ بەرهەمیشدا نووسراوە، بەڵام تائێستا کارێکی وانەکراوە کە مێژووی ژیانی ئەو سەرکردە مەزنە مافی خۆی بدرێتێ.

ئەم کرۆنۆلۆجیەی کار و کردار و چالاکی پێشەوا لەسەردەمی سەرۆک کۆماریدا چەند ئەلقەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی دەردەخات، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا پەنجە دەخرێتە سەر زۆر لە وتار و دیدەنی رۆژنامە و قسەکانی، کە بەگشتی دید و بۆچوون و بیر و هەڵوێست و کەرەکتاری پێشەوا دەردەخەن. ئێمەش بە ناچاری دەبێ لە نووسینێکی وادا کورت و پوخت چڕیان بکەینەوە، بە جۆرێک کە هەم خوێنەر و هەم نووسەر سوودی لێوەربگرن و ببنە سەرچاوە یا رێنمای سەرچاوە. داخیشم ناچێت کە دەیان ژمارەی رۆژنامەی کوردستان و گەلێ بڵاوکراوە و گۆڤار، کە لەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە، ونبوونە و نەکەوتوونەتە بەردەست، هەروەک ئەو هەموو نامە و دوکۆمێنت و سجل و فایل و دەفتەری دامودەزگاکان و لێپرسراوان، فەوتان یان ونبوون و روناکی نابینن.*

ئەم زنجیرەیەی کار و کردار و چالاکی پێشەوا بەپێی مێژووی روودانیان رێکخراون و وەک

خزیان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ڕێنووسی ئیمڕۆ بەکار هێنراوە تا هەموو خوێنەران سوودی لێوەربگرن. هێندێ سەرباس و بابەت و نووسین وەک خزیان دەنووسرێنەوە. ئەگەر ڕوداو و باسی تر هەبن و لێرەدا نەبینرێن هۆکەی وەکو وتم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەیان ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارە لەبەر دەستدانین یاخود لەبەر دەستدان و خراپ کۆپیکراون، بۆیە ناخوێندرێنەوە. بۆ تەواوکردنی ئەم جۆرە کارانە دەبێ تێکرایان فەرهەنگیلە بکرێن و گرتە و نووسینەکانیش نۆرمالیسە بکرێن. خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو ژمارانەی تر و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بکەونە بەردەست دەتوانرێ ئەو بۆشاییانە پڕ بکرێنەوە و بەرهەمێکی فراوان ئەنجام بدرێ. هەر چۆنێک بێ، بابچینەوە ناو تابلۆی ژیانی پێشەوا لەناو زنجیرە ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار و ڕۆلی سەرۆکایەتی لەو ماوە کورتەدا.

* ڕۆژی ١٩٤٦/١/١١ پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران.[١]

هێندێ لە مۆدێراتی جەرائیدی تاران: ئاغای تەفەزولی خاوەنی ڕۆژنامەی (ئێرانی ما) ئاغای عەبباس شاهندە خاوەنی (فەرمان) ئاغایانی برزگ عەلەوی و هورمز نووسەرانی دوو ڕۆژنامەی (ڕەهبەرو ئیرانی ما) بۆ ئاگاداری لە وەزعی کوردستانی خودموختار هاتنە مەهاباد و لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕەهبەری میللەتی کورد یەکتریان دیت و گفتوگۆیان کرد بۆ ئاگاداری خوێندەوارە بەرزەکان یەک یەک پرسیاری ئەوان و وەرامی جەنابی قازی دەنووسرێ.. هتد.

* (١١-١) پێشەوا فەرمان دەدات کە خوێندن بکرێ بە زمانی کوردی [٢] لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لەمەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا (١٠) ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتزای خوێندن بکا دەبێ بنێرنە مەدرەسە ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجارات تەمبێ دەکرێ.

* (١١-١) پێشەوا فەرمان دەردەکات کە ناوی مەدرەسەی پەهلەوی بگۆردرێ[٣] بەپێی دەستووری پێشەوا و ڕەئیس جەمهوری کوردستان لە ٢٠-١٠-١٣٢٤دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆبوونەوە، پەسندکرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بە ناوی مەکتەبی کرمانجی کوردستان ناودار بێ خواهیش دەکەین لەو تاریخەوە بە ناوێکی کە پەسندکراوە (مەکتەبی کرمانج) بناسن.

* (١٩-١) جەژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان[٤]

*دەروشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان*

ڕۆژی ٢٨ی مانگی بەفرانبار (دیاە)ی ساڵی ١٣٢٤ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەموو لکەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالیک و غەیرە مالیک هەر یەک لەچەند فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانوونی ئیحساساتی میللی خزیان و قینەی ئەرەزوو و کینەری ئافکاری هەمراهی خزیان (شاری پڕ لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد) وەکو بلبل بۆلای گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەورەی چرا هاتن و کۆبوونەوە......

..............................

..............................

لە دوایدا ئاغای خەسرەوی بەرنامەی........ بە ئیتیلاعی حازران گەیاند:-
١- دوعای جەنابی مەلا حسەین مەجدی.
٢- نوتقی جەنابی پێشەوا و رەئیسی جەمهوری کوردستان.
٣- نوتقی جەنابی حاجی بابە شێخ.
٤- نوتقی ئاغای محەممەد حسەین خانی سەیفی قازی.
٥- ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی.
٦- ئەشعاری ئاغای هێمن شاعیری میللی.
٧- خوتبەی ئاغای سەید محەممەدی شەهزادە.
..........................
..........................

دوای دوعای جەنابی مامۆستا مەلاحسەین مەجدی نوتقی جەنابی پێشەوا و رەئیسی جمهوری بەرزی کوردستان:

کوردستان مەوقیعیەتی جوغرافیاییەکی مەخصوصی هەیە کەبێ پانەوە... و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێواندا فاسڵ و لێکیان بپچڕێنەوە کورد بەسەریەکەوە و پێکەوە سکونیەتیان تێدا هەیە و دارای مالیکیەتی میللێن دەوێدا. بەسەرهاتوو سەوابیقی تەئریخیان یەکە و عومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئادابو عاداتو رسومی میللیەکی وان کە هیچ جۆرە صەدەمە و حەوادیسێک نەیتوانیوە سیستیەک لە بناغەی میللیەتی ئەواندا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیدا ........... هتد.

* (٢٢-١) قەرارێک کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ لەلایەن بیست هەزار نەفەر نماینداتی تەواوی طەبەقاتی ئەهالی کوردستانی شیمالی لە میتینگی شاری مەهابادیدا قەبوڵ کراوە(٥)
..........................
..........................

ئێمە دەزانین و باوەڕمان هەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە موقەددەسەی خۆیان بە موەفەقیەت دەبەنەسەری. ئێمە نماینداتی تەواوی طەبەقات و کوردانی شیمالی کوردستان لە میتینگ کە لە شاری (مەهاباد)دا سازمان کردووە و ژمارەمان بیست هەزار نەفەرە، ئەورۆ ئارەزووی عومومی خۆمان ئیزهار دەکەین و لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین و ئیختیاری دەدەینێ:

١- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگا.
٢- ئینتخاباتی مەجلیس شورا دەست پێبکەن.
٣- حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن.
٤- هێزی موسەللەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.
٥- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتسادی بەرقەرار بکەن.
٦- لەگەڵ برا ئازربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن.

پایەداربێ کوردستانی ئازاد
بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بژی ڕەهبەری خەڵکی کوردستان
جەنابی قازی محەممەد

* (٢٣-١) پێشەوا لەنار هێزی پێشمەرگە و جەماوەردا (٦) پێشمەرگە خۆشەویستەکان لە بەیانی ڕۆژی ٣-١١-١٣٢٤.

بەیانی ڕۆژی ٣-١١-٢٤ هەموو سەریان لە خەوی مەستی هەڵێنا و گشت خوماری شەرابی سەربەخۆیی بوون، کە ڕۆژی پێشوو دەرخواردیان درابوو و ئەوەش پێویستی شکاندنەوە بوو، لەناکاو ساتی ٨ی بەیانی دەنگی «شەیپوری حازر بە» لە کانگای پێشمەرگەکان بڵند بوو لە ماوەی چەند دەقیقەدا تەواوی پێشمەرگەکانی کورد، لیزگە، قوڵ، دەستە، چل، لیک، پۆل خولاسە تەواوی هێزی کوردستان لە کاتێکدا بە تەجهیزاتی جەنگی ڕازابوونەوە سوارە و پیادە بە جوێ و بەشی موسەلسەل و تۆپخانە بە تەنێ، بە نیهایەتی شادامانی و ڕوخۆشی ........ لە کانگا کۆبوونەوە و هەموو فەرماندەرەکان لە قزلیەکەوە بگرە تا سەرقوڵ و لەسەر دەستی یەکەوە تا سەرکردە و لەناوداریەکەوە تا سەرلک و لەسەر پۆلەوە تاسەرهێز هەر یەک لەجێ خۆی دامەزرا... حەرەکەتیان کرد و هاتن تا واریدی شەقامی وەفایی بوون و فەرمانی ڕاوەستان درا.......... لەم کاتەدا ڕەئیسی جەمهوری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لەسەر شەقامی وەفاییدا دابەزی و ڕۆژباشی لە هەموان فەرموو وەلەلایەن پێشمەرگەکان بە زیاتر «فیداکارم» جوابی عەرز کرایەوە ئەمجا ڕیاسەتی جەمهور یەکە یەکە نێوچاوانی ماچ دەکردن و ئەوانیش بەیعەتیان دەکرد، تەولی فیداکارییان تازە دەکردەوە، لەنێو جەرگەی سوپادا سەیدێکی پەنجا ساڵەیە و ڕدێن دارە، بێ‌وچان دەستی فەرماندەتی خۆشەویستی ماچ کرد و وتی: حازرم ئەو ڕدێنەم لە ڕێی دیفاع لە نیشتمان لە خوێندا شەتڵ بکەم. فەرماندەی خۆشەویست ئەوەن ڕدێنی ماچکرد و ئافەرینی لێکرد... هتد.

* (٢٣-١) مەراسیمی سوێندخواردن لەلایەن پێشەواوە (٧)

.............................

لەم کاتەدا ڕەئیسی جەمهوری بەرز بە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی فەرمو کە قورئانی موقەددەس و نەقشە و ئاڵای کوردستان حازر بکرێت بێ وچان هەیئەت کۆبوونەوە و دوو بە دوو لەپشت‌سەری یەک کەوتنە ڕێی و چون لە کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان قورئانی موقەددەسیان دەگەڵ ئاڵا و نەقشەی کوردستان دەگەڵ ئیحترامێکی فەوقەلعادە لەسەردەستی مەلا حسەین شکاک دانا و هەیئەت بە تەرتیبی عەوەڵ لەپشت سەری وی گەڕانەوە تاگەیشتنەوە حوزووری پێشەوا: پێشەوا بەدەستی خۆی سەرپۆشی لەسەر قورئانی موقەددەس و نەقشە و ئاڵای بەرزی کوردستان لابرد و مەراسیمی سوێندی: ئەمن بەخوا، بە کەلامی عەزیمی خودا بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللەتی کورد، بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێکۆشم و نیسبەت بە ڕەئیسی جەمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موطیع و وەفادارم، خوێندەوە و هەموو پێشمەرگەکان و نوێنەران و حازران

بەو سوێندە سوێندیان خوارد و قەولی وەفادارییان دا، پاش (٥) دەقیقە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی تەواوبوونی میتینگی ئیعلام کرد لە پێشدا پێشمەرگەکان مرەخەسی بوون و جەنابی ریاسەتی جەمهور تەشریفی چوو بۆ کانگای حیزبی دیموکرات و لە سالۆنی ئەنجوومەنی فەرهەنگیدا قەراری گرت و دەستە دەستە نوێنەرانی طەوایف و قەبایل و لکەکانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی شار و دێهات دەچوونە حوزووری پێشەوا و بەیعەتیان بەجێ دەهێنا. قەولی فیداکاری و وەفادارییان دەدا......

* (٢٤-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جەمهوری کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دیموکراتی کوردستان [٨]

شەوی ٢٤-١١-١٣٢٤ شەوێکی سەراسەر خۆشبەختی بۆ تەواوی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان بوو چون لەو شەوەدا پێشمەرگەخانە غەرقی نووری شادی بوو، تەواوی وەتاغەکانی بە جۆرێکی موجەللەل رازابوونەوە. (٢٠) ئەفەر کێشکچی تەشریفاتی کە هەموو ئەفسەربوون لەپێش دەرکی پێشمەرگەخانە بۆ تەشریفهێنانی حەزرەتی سەرۆکی جەمهور دامەزرابوو، هەموو جۆرە شیرینی و شەربەت بۆ پەزیرائی میهمانانی خۆشەویست لەسەرمێز دانرابوو دەستەی مۆزیک لە حاڵی تەرەنومدا بوو دەهۆڵ و زوڕنا لەپێش دەرکی پێشمەرگەخانی لێدەدرا و هەزاران برای بە ئیحساسات لەپێش دەرکی شادی و هەڵپەڕیندا بوون بەپێی کارتی رەسمی کە بۆ میهمانان ناردرابوو، میهمانانی خۆشەویست دەستە دەستە دەهاتن و ٦ وەتاغی تایبەتی پڕ لە میهمان بوون لەو ئانەدا ئۆتۆمبیلی حەزرەتی سەرۆکی جەمهوری دیاری دا و لەلایەنی فەرماندەی هێزی دیموکراتی کوردستان، فەرمانی ئیحترام درا مۆزیک و کێشکی تەشریفاتی ئیحترامیان بەجێهێنا حەزرەتی سەرۆکی جەمهور نیسبەت بە کێشکی تەشریفاتی ئیبرازی مەرحەمەتی فەرموو لە پاشان لەنێو چەپڵەرێزان و هوورادا لەوەتاغی تایبەتی نزولی ئیجلالی فەرموو، هوورا و چەپڵەرێزان ساتێک ئیدامەی هەبوو پاشان لەلایەن محەممەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان لە عموم مەراسیمی بە خێرهاتن بە عەمەل هات بەپێی بەرنامە لەپاش وەرگرتنی ئیجازە وتاری ژێرەوەی بە عەرزی مێوانەکان گەیاند .........

لەدواییدا ئاغایانی نێوبراوی ژێرەوە هەرکەس بەیانێکی کرد و مەبلەغێکیان پوڵ پێشکەشی هێزی کوردستان کرد .........

لەدواییدا حەزرەتی سەرۆکی جەمهوری کوردستان لەپشت مێزی خیتابەوە راوەستا لە هەوەڵدا لە ئیحساساتی ئەو برایانە تەقدیری فەرموو و لە خصوصی بە ئارەزووگەیشتنی میللەتی کورد لە دەرگای خودای بێ هاوتا شوکری بەجێهێنا و بۆ یەکێتی و پێشکەوتنی میللەت نەصائیحێکی زۆری فەرموو و مەرحەمەتێکی زۆری نیسبەت بە فەرماندەی هێزی نواند پاشان لەنێو هوورا و چەپڵەرێزاندا ساتی ٥ی شەو حەرەکەتی فەرموو لەنێو گاردی ئیحترامدا رابورد و مەجلیسی شادمانی لە ساتی ٨ی شەو تەواو بوو.

* (٢٥-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆک جەمهوری کوردستان لە چاپخانە و ئیدارەی رۆژنامە و «گۆواری کوردستان»[٩]

رۆژی ٥-١١-١٣٢٤ بە موناسەبەتی سەربەخۆیی و گۆواری کوردستان جەژنێکی موجەللەل گێرا لە ساتی دیاریدا بانگ کراوەکان کە عیبارەتبوون لە ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی و هەیئەتی

ڕەئیسەی میللی و کارگەرانی حیزبی دیموکرات ..................

جەنابی سەرۆک جەمهوریش لە ساتی (٥) لە کاتێکدا کە گاردی تایبەتی مەراسیمی ئیحترامیان بەجێ دێنا سروود و مۆزیکی میللی کوردستان دەخوێندراوە و لێدەدرا تەشریفی وارید بوو وەلەسەر جێگەی تایبەتی خۆی نزولی ئیجلالی فەرموو وەیەک دەورەشەربەت و چای بە میوانەکان پێشکەشکرا.

پاش صەرفی چایی و شەربەت ئاغای عەلی خەسرەوی مدیری داخیلی چاپخانە جێژنی ئیفتتاح کرد و ........ بەرنامەی بە عەرزی حازران گەیاند .......... و ئەم وتارەی خوێندە ..............

* (٢٦-١) جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لەلایەن کۆمەڵی یەهودی مەهاباد.(١٠)

ڕۆژی ٦-١١-١٣٢٦ لەلایەن کۆمەڵی یەهودی مەهاباد بە شادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێکی زۆر جوان گێرا چەند مغازە لە خیابانی قازیدا بە ئەنواعی پارچە ڕازابوونەوە و بەپێی بانگهێشتنێ کە لە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستان و نوێنەری حیزبی دیموکرات و سەراتی تەواوی قەبایل کرابوو دەستە دەستە ........

..............

ئەم جەژنە ٤٨ سات دەوامی کرد و ئەم دوو وتارەش کە لەژێرەوە دەبیندرێن لەو جێژنەدا خوێندرانەوە: .................. هتد.

* (٢٦-١) پێشەوا هاوبەشی جەژنی سەربەخۆیی دەکات(١١)

ڕۆژی ٦-١١-١٣٢٤ لەلایەن ئاغایان شێرزاد و محەممەد حسەین خانی ئەمیری بەبۆنەی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوای موعەزەم، جەژنێکی زۆر جوان گێرا. لەم جەژنەدا ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و...... حازربوون و لەساتی ٤ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستانیش تەشریفی حازر بوو و لەلایەن عەدەیەک لە نووسەران نوتقوخیتابە خوێندرایەوە و هێمنی شاعیری میللی ئەم شیعرانەی بە عەرزی حازرین گەیاند .........

* (٢٨-١) دیسان ڕۆژی ٨-١-١٣٢٤ لەلایەن تاجران و محتەرەمینی مەهاباد...... جەژنێکی بەشەوکەت گێڕا ئاغای عەلی خوسرەوی ئەم وتارەی خوێندەوە: پاش عەرزی شادباش بە مەقامی پێشەوای موعەززەمی کوردستان وتی: ......................

* ١-٢-١٩٤٦ پێشەوا هاوبەشی جەژنی سەربەخۆیی دەکات(١٢)

ساتی ٣ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی هەینی و ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە هۆی بانگهێشتنێک کە لەلایەن ئاغای جەعفەر کەریمی بە ئیفتخاری ئازادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان جێژنێک لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی کرا جەنابی حاجی سەید بابە شێخ سیادەت و جەنابی شێخ محەممەد مەعصوم...... و ژمارەیەکی زۆر لە عامەی ...... و ئاغایانی عەشایر و توجار و موحتەرەمین لە سالۆنی نێوبراو و حوزوریان بوو ساتی ٣/٣٠ پاش نیوەڕۆ زاتی موعەززەم پێشەوا لە نێو هورا و چەپلەڕێزاندا و شادی تەماشاچیان پەیدا بوو......

ئاغای جەعفەر کەریمی و ژمارەیەکی زۆر لە بانگکراوان خیتابە و ئەشعاری زۆر بەتین و نیشتمان پەرستانەیان خوێندەوە و کە لەژێرەوە دەهێنرێتە پێش چاو..............

* ٣-٢ پێشەوا سەر لە چاپخانە و ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەدات(١٣)

ڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٤ کاتی ڕۆژئاوا ریاسەتی جەمهوری کوردستان بۆ نیگاهی چاپخانە و ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان تەشریفیان هێنا لەپاش پێڕاگەیشتن و تەشویق و پرسیار لە حالی کارگەران و ئومێدەوارکردنی هەموان تەشریفیان گەڕایەوە:

* ٦-٢ پێشەوا بڕیار دەدا کتێبخانەیەک دابمەزرێ(١٤)

بە ئەمری ریاسەتی بەرزی جەمهوری کوردستان کتێبخانەیەک بۆ ئیستفادەی هەموو بە تایبەتی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان لە ئیدارەی ڕۆژنامەدا دابمەزرێنن.....

* ٦-٢ پێشەوا چەند هەیئەتێک دادەمەزرێنێ (١٥)

لەم ڕۆژانەدا بە ئەمری پێشەوای بەرزی کوردستان بۆ پێراگەیشتن بەکارەکانی فەرهەنگ، ئەوقاف، داناتی دانشکدەی مەعقول و مەنقول و... چەند هەیئەتێک دیاری کراون ڕەجا دەکەین ئەو هەیئەتە موحتەرەمانە نەتیجەی ئیقداماتی خۆیان بۆ ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان بنێرن تا بە پێش چاوی هەموو کەس بگا...

* ١١-٢ پێشەوا باربووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکات. بارباووکردنی پێشەوای موعەززەم بە حیزبی دیموکراتی کوردستان (١٦)

لە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵام دراوە:

کەلەم دواییانەدا جەنابی پێشەوا و ڕەئیسی جەمهوری بەرزی کوردستان یازدە هەزار تمەنی باربووی حیزبی دیموکرات کردووە هۆزی حیزب بە دڵێکی پاک و خوێنێکی گەرم بە مەقامی ریاسەتی جەمهور سوپاس عەرز دەکا و پایەداری و مووەفەقییەتی وی لە دەرگای خودا دەخوازین.

* ١١-٢ خەڵک ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ پێشەوادا دەکەن

عینوانی نوسراو بۆ ریاسەتی جەمهوری (١٧)

بەپێی دەستووری ژمارە ١١٥٩، ٢٢-١١-١٣٢٤ کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی، لە کاتێکدا میللەت بیەوێ دەردی دڵی خۆیان یا ئیحساساتێک بە نووسین پێشکەش ڕەئیسی جەمهوری کوردستان بکەن، عینوانی نوسراو تەنیا دەبێ: (ڕەئیسی جەمهوری کوردستان) بێت.

* ١٥-٢ جێگری پێشەوا و سەلامی ڕەسمی لە جێژنی مەولودا

سەلامی ڕەسمی بە موناسەبەتی جێژنی مەولود (١٨)

ڕۆژی ٢٦-١١-١٣٢٢، ١٢ ڕەبیع ئەلئەول ١٣٦٥ بە موناسەبەتی جێژنی تەوەللودی حەزرەتی ڕەسول سەلامی ڕەسمی بەجێهات.

هێزی کوردستان کە لە سەرتاسەری خیابانی قازیدا ڕاوەستابوون و سەرکردان ئامادەی سەلام بوون لە ساتی ١٠ی بەیانیدا جەنابی حاجی سەید بابە شێخ ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسە لە کانگای حیزبی دیموکرات وە دەرکەوتن جەنابی حاجی سەید بابە شێخ (بەجێی جەنابی پێشەوا کە تەشریفی دەوروژەدا لە ماڵ نەبوو)........

* ١٦-٢ پێشەوا فەرمانی دامەزراندنی کۆمیسۆنی ماڵیات دەدات(١٩)

لەسەر فەرمانی حەزرەتی رەئیسی جەمهور بۆ وسولکردنی مالییاتی دوو ساڵە بەقەورییەت کۆمسیونی ماڵیاتی تەشکیل دراو بە دوو دەستە دانران یەک تێکەڵ لە چەندین ئەشخاسی راستەوپاک و هەر یەکەی لە سنفێک هەڵبژێردران بۆ مەرکەزی شاری مەهاباد یەک یەک پێشنیهادیان بە حوزووری رەئیسی جەمهور عەرزکرد......

کۆمیسونی دووەمی ماڵییاتی تەشکیل درا هەریەک لە عەشایر نماینەی خۆیان بە کۆمسیۆنی ناساند......

* ١٦-٢ هەدیەی قورئان بە جەنابی پێشەوا (٢٠)

..................

لەبەر ئەوە لەسەر قەراری هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەسویب کرا دیارییەکی تایبەتی کەوەسیلەی گەیاندنی عەقاید و ئیحساساتی دەروونی کوردان بە پێشەوای بەرز و رەئیسی جەمهوری کوردستان پێشکەش بکەن. زۆریان بیر دەکردەوە و تێفکرین ........... بەباش زانرا یەک جلد قورئانی مەجیدی ئەعلا ............. دەگەڵ دوو دانە بەرماڵ ........ هەدیە و خەڵات بکرێ ......

ئاغای حەیدەری دەگەڵ ئیحترامێکی زۆر کەلامولڵای عەزیمی و دوو بەرماڵەکە لەسەر مێزی پێشەوا دانا و گوتی:

(لەخودا دەخوازم ئەم قورئانە یارویاوەری دنیا ویت بێ) پێشەوا بە نیهایەتی تەعزیم کەلامی عەزیمی هەڵگرت و فەرمووی ئەوڕۆ بۆ نەتەوەی کورد لە قورئان عەزیز و گەورەتر نییە، ئەوا قورئانی عەزیم قەبول کرد و دوو بەرماڵەکەشم هەدیە کرد بە حیزب ...... پاشان ئاغای غەنی خوسرەوی گوتی: قوربان ئەمە شتێکمان لە قورئان گەورەتر نەبوو کە بە پێشەوای بەرزی هەدیە بکەین ئەوا قورئانمان هەدیە کردی و حازرین گیان و ماڵی خۆمان لە پێناوی جەنابتان بەخت بکەین و پێشەوای بەرز لە ئیحساساتی کۆمیتەی مەرکەزی ئیزهاری خۆشوەختی و بەزل و لوتف و مەرحەمەتی فەرموو......

*بۆ ژمارەی داهاتوو*

سەرچاوە و تێبینییەکان

١- *رۆژنامەی کوردستان ١ رۆژی ١١-١-١٩٤٦ ل١ و ٤ و پاشماوەکەی لە ژمارە (٢)دا بڵاوکراوەتەوە. لەم دوو ژمارەیەدا دەقی پرسیار و وەڵامەکان بڵاوکراونەتەوە.

* وەک بە مێژووی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەدا دەردەکەوێ...... ئەو دیدەنییەش لە پێش رۆژی بڵاوکردنەوە دامەزراندنی کۆماردا کراوە. لەبەر بایەخی دیدەنییەکە بە باشم زانی کە پەنجەی بۆ رابکێشری.

* سەرباری گفتوگۆ بەم جۆرەیە: گفتوگۆی جەنابی قازی محمەد.

* ئەم دیدە نییە و گفتوگۆی پێشەوا لەگەڵ سەرجەم دیدەنی وتارەکانی تێیدا زیرەکی و دیپلۆماسییەتی ئەو پێشەوایەی کورد دەردەخەن.

* لەو بۆشاییەنەدا کە دوو سێ نوختە دانراوە زیاتر مەبەست لێی وشەیەکە کە نەخوێندراوەتەوە.

٢-* هەمان رۆژنامە و هەمان ژمارە ل٤...

* ئەو بڕیارە لەژێر ئەم سەرباسەدا بڵاوکراوەتەوە: ئاگاداری بەم جۆرە دەستپێدەکات:
بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی (سابلاغ) رادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوای ...... هتد
هەروا بە ئیمزای کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان

معاونی حیزب تەهازادە
کۆتایی دێت.

* تێبینی: تەهازادە: سەید محەمەد تەهازادە-یە کە هەندێ جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و گێڕانی جەژندا. نوێنەرایەتی پێشەوا قازی محەممەدیشی کردووە.

٣- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ٤-٢-١٩٤٦، ئەو بڕیارە لەژێر سەرباسی ئاگاداری- دا بڵاوکراوەتەوە.

٤-* ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ٢٤-٢-١٩٤٦ ل١و٣.

* پێشەکی وتارەکە درێژترە لەوەی نووسراوە.

* ژمارەی ئەوانەی وتاریان خوێندۆتەوە ٢٣ کەسە لە ڕۆژنامەکەدا دەرخراون.

* درێژەی وتارەکەی پێشەوا لەو ژمارەیە و لە ژمارە ١١دا هەیە.

دیسان وتارەکانی ئەو ٢٢ کەسەی تر لە ژمارەیەک لە دوای یەکەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.

٥- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ٢٨-١-١٩٤٦ ل١و٣.

* لەپێش ئەمەدا پێشەکییەکی دووروودرێژ نووسراوە.

* سەبارەت بەوە کە ئەم بڕیارانەی کۆبوونەوە (٢٠) هەزار کەسییەکە زۆر گرنگ و مێژوویین و هەر ئەم ڕۆژەش ناسرا بە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بۆیە کرا بە ئەڵقەیەکی زنجیرەی کرۆنۆلۆجیی.

٦- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل١و٤.

٧- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل١.

٨- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ١٦، ١٧ (١٦و١٨و ٢٠/٢-١٩٤٦)، ل١و٤، ١و٤و١

لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە محەممەدی نانەوازادە کە وتارێکی باشی خوێندەوە، هێمنی شاعیر پارچە هۆنراوەیەکی خوێندەوە، دوای ئەو وتاری ئیسماعیل ئیلخانی زادە، برایم ئیلخانی زادە وتاریان خوێندەوە... دوای ئەمە لەبەر خراپ کۆپی کردن نووسینەکان نەخوێندرانەوە... لە دواییدا ١٣ کەس بۆ یارمەتی هێزی کوردستان هەریەکە بڕێک پارە لە (١٠) هەزار تا (٥٠) هەزار ڕیاڵیان پێشکەش کرد.

* چەندین کەس لەم کۆبوونەوەیەدا وتار و شیعریان خوێندۆتەوە و لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە.

٩- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧، ٢٠-٢-١٩٤٦ ل١.

ژمارە ١٨، ٢٣-٢-١٩٤٦ ل١و٤.

* لەم کۆبوونەوەیەدا عەلی خوسرەوی مودیری داخیلی چاپخانەی کوردستان، قادر مودەڕیسی سەرۆکی بنکەی چاپخانەی کوردستان و سەید موحەممەد حەمیدی مدیر و سەردەبیری ڕۆژنامە و گۆواری کوردستان سەروتاری ڕێکوپێکیان خوێندەوە.

١٠- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٢، ٤-٣-١٩٤٦ ل١.

و لە ژمارە ٢٣ ل٣دا تەواو کراوە.

* یەکەم وتاری ئاغای محەممەدی قادری و دووەم هی ئاغای خضر داودزادە خوێندراوەتەوە...

١١- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، ١٧-٣-١٩٤٦ ل١.

* هەر لەم ژمارەیەدا لەلاپەرەی یەکەم لەگەڵ وێنەیەکی پێشەوا وتارێک نووسراوە لەسەر مێژووی ژیانی پێشەوا دەرخراوە کە لە ١١ی ڕانەمەری ساڵی ١٢٧٩ هـ - شەمسی بەرانبەر بە ٢ی موحەڕەمی ساڵی ١٣١٨ هیجری - قەمەری لە شاری مەهاباد لە دایک بووە...... هتد درێژەی لە لاپەرە چواری ئەم ژمارەیەدا هەیە.

١-١١ ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان ژمارە، ل١.

١٢- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٠، ١٢ خاکەلێوە- ١٣٢٥.

* جەعفەر کەریمی، مایور، معاوینی حەربی وەزارەتی هێزی کوردستان بوو.

تێبینی: * لە ژمارە ٣١-٤٢ بەردەستم نەکەوتوون.

* لە ژمارە ٤٣ یشدا بە هۆی چل وشەشەمین ساڵەی لە دایکبوونی پێشەوا و ڕێککەوتنی ئەو بیرەوەرییە لەگەڵ جەژنی یەکی ئایاردا شیعر و وتار نووسراوە.

١٣-* ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، ٦-٢-١٩٤٦ ل٣.

* ئەو هەواڵە لەژێر سەرباس (پڕاگەیشتن - دا) بڵاوکراونەتەوە.

١٤- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١١، ٦-٢-١٩٤٦ ل٣.

* ئەوە لەژێر سەرباسی (ئاگاداری) بڵاوکراوەتەوە.
وەسەبارەت بەوە کە مێژووی دەرکردنی بڕیارکە دانەتراوە. بۆیە هەر بە چاکتر زانرا کە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەو ژمارەیەدا دانرێ.
١٥- * ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان ژمارە ل٣.
* ئەو هەواڵە لەژێر سەرباسی (بۆ خوێندنەوە)-دا بڵاوکراوەتەوە.
* دیسان ئەم بڕیارەش بێ مێژووە، بۆیە هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی بۆ دانراوە.
١٦- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٣، ١١-٢-١٩٤٦ ل٣.
* مێژووی ئەو باربوکردنە نەنوسراوە، بۆیە هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەکەدا بە پەسند زانرا.
١٧- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل٣.
١٨- * ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢١، ٢-٣-١٩٤٦ ل٤.
* بڕیارەکە لەژێر سەرباسی (ئەخباری نێو خۆمان)دا بڵاوکراوەتەوە.
وە بە درێژیی لەسەر چۆنیەتی گێرانی جەژنەکە دەنووسێ و لە سەعات ١ی پاش نیوەڕۆ دوایی دێت.
١٩- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٥، ١٦-٢-١٩٤٦ ل٢.
هەر بەو جێگەیەدا کە لەژێر سەرباسی (مالیات)دا بڵاوکراوەتەوە بە درێژی جۆر و چۆنیەتی خڕکردنەوەی مالیات و هەڵەکانی سەردەمی پێشوو لە وەرگرتنی بەرتیل و زوڵم کردن دەردەخات.
* مێژووی بڕیارەکە نەنووسراوە، بۆیە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکەدا دانراوە.
٢٠- * ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٤، ١٣-٢-١٩٤٦ ل٣.
* دیسان هەر مێژووی بڵاوکردنەوەی بۆ دانراوە سەبارەت بەوە کە مێژووی ڕووداوەکە نەنووسراوە.
* هەر لەو ژمارەیەدا بە درێژی لەسەر ئەو مرتاسەبەتە نووسراوە.



# دەقی یادداشتنامەکەی شەریف پاشا
# لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس (١٩١٩)

## یادداشتنامە
## لەبارەی داخوازییەکانی گەلی کورد

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیرباڵ (١)

**MEMORANDUM**

**SUR**

**LES REVENDICATIONS**

**DU PEUPLE KURDE**

ÉCOLE NATIONALE ...

بەرگی یادداشتنامەکەی ژەنراڵ شەریف پاشا،
کە لە ساڵی ١٩١٩دا لە پاریس،
بە شێوەی کتێبێکیش چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

IMPRIMERIE A.-G. L'HOIR
[illegible]
PARIS
—
1919

دوابەدوای بەزینی ئەڵمانیا و ئیمپراتۆری عوسمانی لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا، لە ساڵی ١٩١٩ کۆنفرانسێکی جیهانی بە ناوی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس بەسترا، کە مەسەلەی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئیمپراتۆری عوسمانی (کورد، عەرەب، ئەرمەن...) گرنگترینی بابەتەکانی کۆنفرانسەکە بوون. وەفدی گەلی کوردان لەو کۆنفرانسەدا بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا بوو، کە بە زمانی فەرەنسی ئەم یادداشتنامە بەنرخە مێژووییەی لە بارەی داخوازەییەکانی گەلی کورد پێشکەش کرد، کە بەرزترین ئاستی هۆشیاری سیاسی و نیشتمانی ئەو سەردەمە دەردەخات.

وا دوای (٧٢) ساڵ بۆ یەکەم جار دەقی یادداشتنامەکە راستەوخۆ لە زمانی فەرەنسییەوە بکرێت بە کوردی و بڵاوبکرێتەوە، کە شاعیری نوێخواز کاکە فەرهاد پیرباڵ ئەم دەستپێشخەرییەی کردووە و، وەک دیارییەکی بەنرخ (رابوون)ی پێڕازاندۆتەوە.

رابوون

## یادداشتنامە: لە بارەی داخوازییەکانی گەلی کورد

داخوازییەکانی ئەرمەنییەکان، سەرەڕای ناواخنی ئیمپریالیستانە، مادام ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕەسمی دانیان پێدانراوە، کەواتە منیش واتێدەگەم لە توانامدا هەبێ، بە تایبەتیش لێرە- لە بەردەم کۆنفرانسی ئاشتیدا، کە داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد ڕابگەیەنم.(٢)

کەوشەنەکانی کوردستانی تورکیا، لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە، بەم شێوەیە دەست پێدەکەن: لە باکووردا شاری Ziven، وێڕاوێڕای سەرسنووری وڵاتی قەوقاز، کە درێژدەبێتەوە بەرەو ڕۆژئاوا، تادەگاتە ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، Kemah، ئەرەبگیر، Behismi، Divick؛ لە باشووردا Haran، تەپۆلکەکانی سنجار (ژەنگار)، تەلەعفەر، ئەربیل، کەرکوک، سلێمانی، Akk- el- man، سنە؛ لە ڕۆژهەڵاتیشدا بە ڕەواندوز دەست پێدەکا، باشقەڵا، وەزیرقەڵا، واتە وێڕاوێڕای سنووری وڵاتی فارس، تا دەگاتە چیای ئارارات.

کوردەکان، لە ڕۆژگارە هەرە دێرینەکانەوە، بە ناوی جیاجیا؛ لە سێزدە سەدە لەمەوبەریشەوە بە ناوی (کورد) لەم مەڵبەندانەدا گیرساونەتەوە و بنەگیربوونە.(٣)

تا ئەو ڕۆژەی بە خواستی خۆیان چوونەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارێتیی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە، وڵاتەکەیان (کوردستان) لە چل و دوو میرنشینی سەربەخۆ پێکهاتبوو. دیاربەکر، دینساوەر، Ardial, Ler, Charry Soul، هەکاری، ئامێدی، Kurkel، Fink، حەسەن کێف، Tchemuche، Guezek، میرداسی، Kilis, Hezan, Sassour, Ekil، شێروان، Derzini, Terquel, Hak, Erdikan, Derzini، سلێمانی، سەحران، Daoud, Kalai, Terkour، پلینگان، بەتلیس، گارزان، بۆتان... هتد. هەموو ئەم شارانە لەژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردە سەربەخۆکاندا بوونە.

مۆمسن Mommsen، لە کتێبەکەی خۆیدا لە بارەی مێژووی ڕۆمانییەکان، وڵاتی ئەرمینیای خستۆتە نێوان سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە- فورات و ڕووباری کوور Kur.

ئینسیکلۆپیدیای ئینگلیزی Nuttals مەسەلەکەمان لەوە باشتریش بۆ ڕوون دەکاتەوە، وا لێرەدا دەقاودەق قسەکانی دەگوازینەوە: «ئەرمینیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیادا، کەوتۆتە ڕۆژئاوای دەریاری قەزوینەوە، لە باکووری چیاکانی کوردستاندا، دابەشکراوەتە سەر تورکیا و ڕووسیا و وڵاتی فارس؛ دەشتێکی شەقار شەقار پێکدەهێنێ و ئەملا و ئەولای چەند دۆڵێکی بە پیت و پاراون کە لووتکەکانیان لە چیای ئاراراتدا قووت دەبنەوە».

ئەم ڕاستییە، بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرمەنییەکان لە حاڵەتی دەسەڵاتراخستنی خۆیاندا،

پێویسته ڕوو له وڵاتەکەی خۆیان بکەن، ئەوەک بێن بە شێوەیەکی ئاڕەوا مرخ لە مەرز و بوومی کوردان خۆش بکەن.(٤)

لەمەڕ ئەو بەشی کوردستانەی کە دەکەوێتە ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە، ئێمە دەتوانین پشت بە بەڵگەی جوگرافیاناسی مەزن (ئێلیزێ ڕێکلووس) Elisee Reclus ببەستین، کە لە کتێبە گەورەکەی خۆیدا، سنووره گشتییەکانی هەندێ لە هەرێمەکانی ئاسیای دیاریکردووە؛ کە ئەم سنوورانەش، بە بۆچوونی ئەو، کوردستانێکی ڕەوایان Legitime لێوە پێکدێت، ئەمەش سەبارەت بە زۆریی ژمارەی کورد لەو هەرێمەدا و هەروەها سەبارەت بە سنوورەکانیان.(٥)

ئێمە بە ئەرکی خۆمان، ناتوانین خۆمان لە بەڵگەکانی ئەم جوگرافیاناسە گەورەیە بدزینەوە، ئەمەش لەپێناو بنیاتنانی بناخەکانی پەیامی مرۆڤایەتی، لەپێناو پیادەکردنی پرنسیپی نەتەوەکان Le principe des Nationalites لە بواری ئەو گۆڕانەی داهاتوو کە بەسەر نەخشەی جیهاندا دێت.(٦)

«لەنێو ئەو دەشت و دۆڵانەی، بە تایبەت دەوروبەری زابی گەورەدا، کۆمەڵە خەڵکێک لەشێوەی چەند خێڵ و عەشیرەتێکی یەکانگیردا، نەتەوەیەکی خاوەن هێزی هێندە گەورە پێکدەهێنن، کە بەڕاستی بتوانن لە هەمبەر تورک و فارسەکاندا کەڵکەڵەی سازکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت».

فەرموون ئەوەتا، یەکێک لە گەورەترین جوگرافیاناسەکان، لە ساڵی ١٨٨٤دا ئەمەی نووسیوە؛

بە شێوەیەکی سروشتی، چەند خەسڵەتێکی دانسقەی دیکەش هەن کە بتوانن لەم کۆنفرانسەدا وەدیار بکەون.

هیوادارین ڕێگامان بدرێتێ پەنجەنرمای ئەوەش بکەین، کە لە حاڵەتێکدا ئەگەر مەڵبەندە کورد نشینەکانیش هەر بخرێنە پاڵ ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی کە خەریکە دروست دەبێ، ئەوا خەڵکی کورد، سەبارەت بەوەی کە خەڵکێکی جەنگاوەرن و هەمیشە حەز لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان دەکەن، ئەوا ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی داهاتوو، قەتاوقەت، لە پشێوی و لە قەیرانێکی بەردەوام زیاتر، هیچی تر بە چاوی خۆیەوە نابینێ: تەنیا مەگەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە خۆیان و بە لەشکرێکی گەورەوە بێن هێزەکانی خۆیان لەوێ ڕابخەن، کە لەو کاتەشدا، ئەوانیش هەر دەکەونەوە بەر شاڵاوی جەنگێکی بێ ئامانەوە.

ئەرمەنییەکان بە گەزافەگۆیی کەوتوون و گەورەترین ئەرمەنستانییان دەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لە سەردەمی تیگران Tigran دا، پەنجا ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، دەوڵەتێک بەناوی ئەرمینیاوە هەبووە، کەچی بە ئانقەست ئەو ڕاستییە لەبیرەخۆیان دەبەنەوە، کە مەرزوبوومی وڵاتەکەیان (خۆ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەندی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەکانیش بوو) لە هەمان سەردەمی تیگران دا، لەلایەن Pompee دا سەرلەنوێ داگیرکرایەوە.

ئەم سەرنجە، ئیدی چیتر ئەوە بە شتێکی سروشتی نازانێ؛ کە ئەرمەنییەکان ڕێ بدەنە خۆیان «ئەرمینیای گەورە» بە بێشکەی شارستانیەت و نەژادی خۆیان لەقەڵەم بدەن.

ئەرمەنییەکان، وەک ئەوانەی داکۆکییان لێدەکەن، دەیانەوێ داخوازییەکانیان بەردوا بسەلمێنن، بۆ ئەمەش دێن پشت بەو دیاردەیە دەبەستن کە گوایە چەند هەزار ئەرمەنییەک ئەمڕۆ لە کوردستان دا دەژین.

بۆ وڵامدانەوەی ئەم لاف و گەزافانە، ئێمە دیسانەوە پشت بە بەڵگە و قسەکانی Nuttals دەبەستینەوە، کە دەڵێ: «ئەرمەنییەکان لە ڕۆژگارە هەرە دێرینەکانەوە، هەمیشە ڕەویان کردۆتە وڵاتەکانی دەوروبەری خۆیان، وەکو جوولەکەکان هەمیشە عەودالی پەزۆە و کاروباری بازرگانین، بەشی هەرە زۆریشیان پوولدار و خاوەن سەرمایەن. کوردەکان هەرگیز ئەوەیان لەخۆ نەکردۆتە غەم کە ئەو ئەرمەنییانەی، ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەژین و هەمیشە مێملی بازرگانین، قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر خاکی وڵاتەکەی ئەوان ئەنجام دەدەن. ئیدی ئەرمەنییەکان، بەم شێوەیە، بە نیازی ڕووتاندنەوە و بەکارهێنانی کوردەکان، وایان بەباش زانیوە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕوو بکەنە کوردستان».

ئیدی کەواتە هەر سەبارەت بە هەمان کەڵکەڵەیە، کە هەمیشە واشیان بە باشتر زانیوە کە بێن لە شارەکاندا بژین و، تەنانەت هەر بە تەواوەتیش کارکردنی مەزرا و کشتوکاڵ بە یەکجاری فەرامۆش بکەن.

بۆ سەلماندنی کەمایەتی بوونی ئەم ئەرمەنییانە لە کوردستاندا، دەتوانین پشت بەو گەواهییە ئۆفیساڵە هەرە تازانە ببەستین کە لەلایەن تورکیا و دەوڵەتە ئەورووپییەکانەوە دەرچوون. یەکسەر لە دوای (پەیمانی بەرلین)، وەفدێک لەژێر سەرپەرشتیی ژەنەراڵی ئینگلیز بێکر پاشا و سەعید پاشای سەرۆک ئەنجوومەنی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها لەژێر سەرپەرشتیی یەکێک لە پیاوماقووڵە ناودارە ئەرمەنییەکان، میناسە فەندی، بە نیازی سەرژمێرکردنی دانیشتووان نێردرایە کوردستان. (٧)

لەو سەرژمێرییەدا، هێندە بەسە کە تەنیا ئەوەی دیاریەکر بە نموونە بهێنینەوە، چونکە ئەنجامەکەی: لەناو (٨٤./...) دانیشتواندا، (٦٠./...) موسڵمان دەرچوو بوون، (٢٤./...) یش مەسیحی، یان جوولەکە.

لە ساڵی ١٨٩٥دا، میر لۆبانۆف Lobanoff، وەزیری کاروباری بێگانان لە ڕووسیا، کە هەڵبەتا زۆر دوورە لەوەی دۆستی کوردان بێت، ساغی کردەوە کە ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تەنیا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بچووک پێکدەهێنن.

لە ڕۆژی ٣ی نۆڤەمبەری ١٨٩٦دا (بڕوانە ڕۆژنامەی Journal officiel، ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ١٨٩٦، ل ١٣٥٧- ١٣٥٨)، وەزیری کاروباری بێگانان لە گفتوگۆیەکدا لە بارەی مەسەلەی ئەرمینیا، کەلەو ماوەیەدا لە خانەی وەزیرانی فەرەنسادا سازکرابوو، ئەم بانگەوازەی ڕاگەیاند: (لە شارەکانی تورکیادا، کە ئەمڕۆ تاقە گیروگرفتێکن لە تورکیا مشتومڕیان لە سەردەکرێ؛ بەپێی سەرژمێرییەکانی بە دەستمان گەیشتوون، گەلی ئەرمەن ژمارەیان هەرچەندێک بێت لە کەرتێکی زیاتر لە ١٣٪ی دانیشتووانی تورکیا تێپەڕناکا. لەلایەکی دیکەشەوە، مەرزوبوومەکانیان لە ویلایەتەکانی ئاسیادا زۆر ناهاوسانە: لە هەندێ شوێندا ژمارەیان زۆرە و لە هەندێ شوێنیشدا هەتا بڵێی پرژوبڵاون. بە کورتی، ئێمە هیچ هەرێمێک لە شارەکانی تورکیادا بەدی ناکەین کە ئەم میللەتە بەدبەختە بەڕاستی بەشی هەرەزۆری دانیشتووان پێک بهێنێت، یان توانیبێتی مەڵبەندێک بۆخۆی پێکەوە بنێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو مەڵبەندەوە بتواندرێت جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیان بۆ سازبکرێت».

لێرەدا، بۆ ئەوەی هۆی ناڕەزایی کوردەکان بە تەواوەتی ڕوون ببێتەوە، ئەم چەند گۆڵەیەی

خوارەوە بە نموونە دەهێنینەوە، کە لە ئامیلکەیەکی ئامادەکراو لەلایەن سەرپەرشتکاری دەوڵەتی رووسییەوە L, etat-major وەرگێراون و کاتی خۆی بە شێوەیەکی نهێنی بەسەر تەنیا چەند شەخسییەتێکدا دابەش کراون؛ ئیدی سەنگینی و پایەخدەکەی گومانی لێ ناکرێ، چونکە تەنیا لە پێناو کاروباری سەربازی و سیاسەتی رووسیادا ئامادەکراوە. هەر لە سۆنگەی ئەمەشە، کە ئەو ئامیلکەیە هەڵوێستێکی بە تەواوەتی بێلایەنانەی لە هەمبەر کێشەی کورد و ئەرمەنییەکان هەیە، ئامانجی بڵاوکردنەوەکەی: گەیاندنی کۆمەڵێک زانیاری بووە کە دەبوایە وەک نهێنییەک تەنیا لەنێو خۆیاندا بمێنێتەوە.(٨)

لەبارەی ویلایەتەکان (وان) و (بەتلیس)، ئەو دوو هەرێمەی کە بە قسەی ئەرمەنییەکان (هەر بە تەواوەتی ئەمەنین)، نووسەر بە ڕاشکاریییەوە دەڵێ: «لە شاری واندا ٤٦٪ کورد بەرامبەر ٢٦٪ ئەرمەنی هەن، لە شاری بەتلیسیش ٥٥٪ کورد بەرامبەر ٣٩٪ ئەرمەنی هەن.(٩) تورکەکانیش، کە سەر بە هەمان دینی کوردەکانن لەم دوو ویلایەتەدا، لێرەدا نەدراونەتە پاڵ هیچ کامێکیان.

تەنیا لە شارەکانی وان و مووشدا دەبینین ژمارەی ئەرمەنییەکان کەمێک بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ژمارەی دانیشتووانی کوردەکان. لە هەرێمی بەتلیسدا ٥٠٪ کورد بەرامبەر ٤٠٪ ئەرمەنی هەن، بەڵام لە تەواوی هەرێمەکانی دیکەدا، ژمارەی کوردەکان چەندین قاتی ئەرمەنییەکانە. بە کورتی، لەهەر هەرێمێکی بڵێی، ئەرمەنییەکان تەنانەت نیوەی ژمارەی دانیشتووانیش پێک ناهێنن. کوردەکان لە (هەکاری)دا ٥٦٪، لە (سیرت)دا ٦٠٪، لە (گەنج)دا ٧٩٪ی ژمارەی دانیشتووان پێک دەهێنن.

لەم هەرێمە ئاوەڕاوانەی دواییدا، کوردەکان ژمارەیان هێندە زۆرە کە ئەرمەنییەکانی ئەو ناوچانە، لە زمانی کوردی زیاتر، ناتوانن بە هیچ زمانێکی دیکە بدوێن. تەنانەت لە هەرێمەکانی وان و بەتلیسدا، هەندێ ناوچە هەن کە زمانی ئەرمەنی تەنیا لەلایەن پیاوە دینییەکانەوە بەکاردێت و بەس.

سەداباری دینەکانیش لەم دوو ویلایەتەدا، بەم جۆرەیە: لە هەرێمی وان دا ٥٤٪ موسڵمان، ٤٣٪ مەسیحی، ٣٪ ئایینی دیکە هەن. لە هەرێمی هەکاریدا ٥٦٪ موسڵمان، ٤٣٪ مەسیحی، ١٪ ئایینی دیکە هەن.

لە ویلایەتی بەتلیسدا، تەنانەت لە هەموو هەرێمی بەتلیسدا، ٦٠٪ موسڵمان بەرامبەر ٤٠٪ مەسیحی هەن. لەشاری مووشدا ٥١٪ موسڵمان بەرامبەر ٤٨٪ مەسیحی، هەروەها ١٪ خەڵکی سەر بە ئایینی دیکە هەن.

لە شاری سیرتدا ٦٥٪ موسڵمان بەرامبەر ٣٤٪ مەسیحی و ١٠٪ خەڵکی سەر بە ئایینی دیکە هەن. لە شاری گەنجدا ٦٩٪ موسڵمان، ٢٠٪ مەسیحی، ١٪ خەڵکی سەر بە ئایینی دیکە هەن.

بە شێوەیەکی گشتی، لەناو هەموو ئەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بەتلیس پێک دەهێنن، ژمارەی مەسیحییەکان تەنیا لە ٨ قەزادا دەگاتە نیوەی ژمارەی دانیشتووان. لە قەزاکانی دیکەدا، موسڵمانەکان هەمیشە ژمارەی هەرە زۆری دانیشتووان پێک دەهێنن».(١٠)

هەموو ئەم سەرژمێرییە ڕەسمییانە، خۆ لە سەردەمێکیشدا کراون کە سەرتاپای ئەورووپا لە

سزنگەی ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەرمینیا لایەنگیریی خۆی بۆ بەرژەوەندی ئەرمەنییەکان پیشان دەدا؛ ڕوون و ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە ئیتر ئەرمەنییەکان لە هیچ ناوچەیەکی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەشی زۆریەی دانیشتوانی Majorite پێک ناهێنن. هەر بۆیەش، هەڵبەتا ناکرێ بگوترێ کە ئەو ئەرمەنییانە لە کوردستاندا (کە کوردستان بەشێکی فراوانی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرتۆتەوە) بەشی زۆریەی دانیشتووان پێک دەهێنن.

لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ دوواین بەڵگە لە بارەی سەلماندنی زۆرتربوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردەکان لەو هەرێمانەدا، پێویستە بڵێم کە لەو دوو ویلایەتەی باسمان لێکردن، لە هەمان کاتدا، خەڵکێکی بێشوماری «سوارەی حەمیدیە» هەن کە لە عەشیرەتە کوردەکان پێکهاتوون: عەشیرەتی حەیدەرانلی (سەرۆکەکەیان محەمەد سادق بەگ)، عەشیرەتی ئەدەمانلی (عەلی بەگ)، عەشیرەتی موکری (ئیبراهیم بەگ)، عەشیرەتی میلان (محەمەد بەگ)، عەشیرەتی شەمسیکی Chemsiki (سادق بەگ)، عەشیرەتی Chekiah (شەریف بەگ)، عەشیرەتی ئەدزمانلی Adomanli (سولەیمان بەگ)، عەشیرەتی حەسنانلی (فەخرڵلا بەگ)، عەشیرەتی جەبدانلی (ئیبراهیم بەگ)، عەشیرەتی تاکووری Takouri (حوسێن بەگ)، عەشیرەتی ئەرتووش Ertouche (حەسەن بەگ)، عەشیرەتی ئەدەمانلی Adamanli (تۆشان بەگ)، عەشیرەتی پەنیان Penian (لوتفوڵلا بەگ)، عەشیرەتی شەیدانلی (عومەر بەگ)، عەشیرەتی Allache، هەروەها حەیدەرانلی (حاجی دەمید پاشا).

عەشیرەتی حەیدەرانلی کە شەش فەوج Regiment لە سوارەی حەمیدیە پێکدەهێنێ، لەنێوان ڕۆژهەلاتی گۆمی وان و ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی ئالأدار Aladar دایە.

عەشیرەتێکی دیکەش هەر بە ناوی حەیدەرانلی هەیە، کە پێیان دەڵێن Ahaza Haidaranli، لە Dondak و مەلأزگەرد و هەرجیش‌دا دەژین، لە مەڵبەندی مەلأزگەرد ژمارەی خەڵکی سەر بە عەشیرەتی حەسنانلی زۆرترن. عەشیرەتی حەسنانلی لە دەوروبەری مەلأزگەرد و Boulanikh و Hinsدا دەژین، پێنج فەوجی سوارەی حەمیدییەیان پێکهێناوە، سێ لەو پێنج فەوجە لە ویلایەتی بەتلیس دان.

لە مەڵبەندی هەرجیش‌دا کە دەکەوێتە قەراغ ڕووباری زەیلان، عەشیرەتی Hidmanlilar دەژین.

عەشیرەتی جەبدانلی-ش دوو فەوجی «سوارەی حەمیدیە» پێکدەهێنن و لە قەزای Vartou دان. هەرچی عەشیرەتەکانی دیکەش، ژمارەیان لەچاو ئەوانەی سەرەوە کەمترە، هەر یەکەشیان لە فەوجێک زیاتر پێک ناهێنن.

عەشیرەتی Chanli لە قەراغی ڕۆژهەلأتی گۆمی وان‌دا دەژین. عەشیرەتی Takouri لە شاری (سەرای) هەروەها لە قەزای (مەحموودیە)دا دەژین کە دەکەوێتە سەر سنووری وڵأتی فارس. عەشیرەتی میلانلی لە هەمان کەرشەن‌دا دەژین، بەڵام هەندێک بەلای ڕۆژئاواوە. عەشیرەتی موکریش بە هەمان شێوە لە هەمان ناوچەدان. عەشیرەتی Chemsighi لە قەزای مەحموودیە و حەمیدیە دان. عەشیرەتی Chekiah لە قەزای Alpak دان، کە دەکەوێتە ژووروی ڕووباری Zab. عەشیرەتی شەیدانلی لە قەزاکانی حەمیدیە و Nourchen دا دەژین، هەروەها عەشیرەتی Aladje لە ناوچەی مەلأزگەرد و ئەرجیش‌دا دەژین.

جگە لەو عەشیرەتانە، عەشیرەتی دیکەش هەن، کە پایەخیان لە پلەی دووەم دایە، هەریەک و

چەند فەرجێکیان لەو هەرێمانەدا پێکهێناوە.

هەموو ئەو عەشیرەتانە، سەرەڕای هاوسازییان لە ڕووی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوخۆیاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەیانتوانیبوو سەرۆکەکانی خۆیان بگەیەننە باوەڕی ئەوەی کە داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە (حکوومەت) بکەن. ئەو عەشیرەتانە، هەر بە سروشتی سەرکەشانەی خۆیانەوە، هەستی دڵبلندییەکی پتەو ڕەگاژۆی نەریتی نەتەوەییان بووە، هەمیشە حەز لە سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکەن.

ئیتر ئەو کەمایەتییە نەتەوەییەی ئەرمەنییەکان، ئەگەر تەنانەت هێزێکی ئەورووپایشیان لەپشت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بێهوودەیە لاف و گەزافی ئەوە لێبدەن کە بتوانن ئەم گەلە جەنگاوەرە، کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر لە ئەوان زیاتریشە، بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

مزگێنیدەرە مەسیحییەکان Les Missionnaires کە بۆ یەکەمین جار بە کەڵکەڵەی دینەوە پێیان نایە خاکی کوردستان، لەسەرەتادا بە کوردەکان دەستییان پێکرد: بۆ ئەوەی بیانهێننە سەر ئایینی خۆیان، بەڵام کاتێ دەم و دەست هەستیان کرد کە سەرکەوتنی پڕۆژەکەیان ئاستەمە، ئیتر بۆ درێژەدان بە کۆششی خۆیان ڕوویان کردە عەشیرەتە مەسیحییەکانی کوردستان. لەناو ئەم عەشیرەتانەشدا، ئەرمەنییە ئۆرتۆدۆکسەکان لە هەموو کەسێک زووتر و ئاسانتر چوونە ژێر بارەوە؛ تەنانەت هێندەی پێنەچوو کە قوتابخانەی ئەو مزگێنیدەرە مەسیحییانە پڕکران لە قوتابییە ئەرمەنییەکان.

مزگێنیدەرەکان بە نیازی ئەوەی هەست و نەستی بەرزەفڕانەی ئەرمەنییەکان بوروژێنن، هاتن مێژووی تیگران و، هەروەها لێکۆڵینەوە لە شەڕ و شۆڕەکانی تیگران و ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەیان کردە بابەتی قسەکانی خۆیان.

لە ئاکامی ئەم پەروەردەکارییە لێڕاتلبوەی هەستی نیشتمانپەروەری، بۆ یەکەمین جار بیری (سەربەخۆخوازی) لەلای ئەرمەنییەکاندا سەرهەڵدەدا، هەڵبەتا بێ ئەوەی ئێمە توانیبێتمان پێشبینیی بایەخ و سەرەنجامەکانی ئەم دیاردەیە بکەین.

لە بارەی مزگێنیدەرەکانەوە، دیسان پەنادەبەمەوە بەر ئامیلکە ڕووسییەکەی L, etat- major، ئەم ڕستانەی لێوە دەگوازمەوە: (لە ویلایەتەکانی واندا، مزگێنیدەرە کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان، لەسی ساڵ لەمەوپێشەوە، ڕەگ و ڕیشەی خۆیان لە مەڵبەندە گرنگەکاندا، هەروەها لەناو جەرگەی هەردوو شاری وان و بەتلیسدا دامەزراندووە. لەناو ئەوانەدا، ئەرمەنییەکان لەپێش هەموو کەسێکەوەن کە پڕۆپاگاندەی ئایینی دەکەن و بە هانای هەژارانەوە دەچن بێ ئەوەی گوێش بدەنە نەژاد و دینی ئەو هەژارانە، هەروەها قوتابخانەکانیشیان، لە ڕووی ڕێکخستنەوە، لەهەرە باشترین قوتابخانەکانن. لە قوتابخانەی مزگێنیدەرەکانی شاری وان و بەتلیسدا، هەندێ لقی پیشەوەری d, Industric Sections کراونەتەوە، کە پیشە جۆراوجۆرەکان لەو قوتابخانانەدا بە دەرس دەگوترێنەوە.

شایانی سەرنجە، ئەو خوێندنگا ئامریکاییانەی کە خوێندکارە ئەرمەنییەکان ڕوویان تێدەکەن، پێش هەموو کەسێک باربووی ئەو خوێندکارانە دەکەن کە شۆڕشگێڕی هەرە سەرەزا و کارامەی دنیان بۆ پڕۆپاگەندە و بانگاشەکردن. ئامریکاییەکان، سەرەڕای ئەوەی کە چەندەی پێیان بکرێ پارە و سامانی خۆیان لەو ئەرمەنییانە خەرج دەکەن، بەڵام ئەرمەنییەکان خۆشیان ناوێن.

ئەرمەنییەکان، کە هەر بە شێوەیەکی زگماک، چاوبرسێتییەکی بازرگانییانە پاڵیان پێوەدەنێ؛ کە هەمیشە لەبەشی خۆیان زیاتر داوابکەن، ئەمڕۆ هاتوون زۆر لەوە زیاتریان داواکردووە کە یاسا بتوانێ جێبەجێی بکات. لەوە دەچێ ئیمپراتۆریەتەکەی جارانیان بەلاوە زۆر بچووک بێت، حەزدەکەن بەشێکی فراوانی کوردستانیش، کە ئەمڕۆ وەبەر ئاسیای بچووک کەوتووە، بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەمەش بە یادی ئەو سەرکەوتنە ڕاگوزارییەی کە ڕۆژی لە ڕۆژان پاڵەوانە ناودارەکەیان، تیگران، لە مێژووی نەتەوەییاندا وەدەستی هێنابوو.

دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەورووپا (لە ڕێگای دەست تێوەخستنی کاروباری ناوخۆیی ڕژێمی حەمیدەوە) بەردەوام فشاری خستۆتە سەر، ئەوەی بە پێویست زانی کە ڕێگا بداتە ئەرمەنییە ناڕازییەکان، ئەگەر بیانەوێ وڵاتەکەی خۆیان بەجێ بێڵن یان واز لە ڕەگەزنامەی عوسمانیی خۆیان بهێنن. ئیتر لە ئەنجامی ئەوەدا، هەزاران ئەرمەنی سەری خۆیان هەڵگرت و ڕەویان کرد بەرەو مەڵبەندەکانی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی جارانیان، ئەو مەڵبەندانەی کە بەپێی بەندەکانی (کۆنگرەی بەرلین) خرابوونە سەر ئیمپراتۆریەتی قەیسەرەوە.

وەک دەردەکەوێ، بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییە ڕەوکردووانە عەردەکانی خۆیان بە کوردەکان فرۆشت، هەروەها بەشێکی دیکەشیان هەر لە خۆیانەوە زەوی و زارەکانی خۆیان بەجێهێشت.

بە پێی قانوونی عوسمانی، هەر پارچە عەردێکی بەیار (تۆونەکراو) ئەگەر تاکو سێ ساڵان لەلایەن زەویدارێکەوە کاری تێدا نەکرێت، ئەوا زەویدارێکی دیکە بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو پارچە زەوییەدا بگرێت، یانیش لەلایەن دەوڵەتەوە بفرۆشرێت. ئیتر ئەو زەوی و زارانەی کە ئەرمەنییەکان بە جێیان هێشتبوو، بەم شێوەیە فرۆشرایە کوردەکان.

دوای ڕاگەیاندنی ڕژێمی دەستووری (مەشرووتیەت ١٩٠٨)، ئەو ئەرمەنییانەی کە بەرەو رووسیا پەراگەندە ببون، سەبارەت بەوەی کە ڕژێمی قەیسەریی رووسیایان لەچاو ڕژێمی تورکیا کوشندەتر و سەختتریش بۆ دەرکەوتبوو، هاتن روویان کردە ئەمنیستی گشتی -Amnistic Gene rale، کەوتنە دەستوپەڵ کوتانی ئەوەی کە مەرزوبوومی زێدی خۆیان بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان، بۆ ئەمەش هاتن داوایان لە دەوڵەت کرد بۆ ئەوەی ئەو زەوی و زارانەی کە «بە ناهەق» کەوتبوونە دەست زەویدارە تازە کوردەکان، بدرێنەوە خۆیان.

ڕژێم، کە هەمیشە لەژێر کاریگەرێتیی داخوازییە زێدەڕۆکانی دیپلۆماسە ئەورووپاییەکاندا بوو ناچارکرا دەست لەو زەوی و زارانە بکێشێنێتەوە، بەڵام کوردەکان کە لەدەست ئەم جەور و ستەمە کەللەیی ببوون، بە هەموو توانای خۆیان ڕووبەڕووی ئەم تەرزە ڕەفتارە وەستانەوە. کاتێ جەنگی جیهانی دەستی پێکرد، کۆمیسیۆنێکی ئەورووپایی تایبەت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ناتەباییە، چووە ئاسیای بچووک و کوردستان.

هەموو ئەم شتانە، بە ئاشکرا ئەوە دەسەلمێنن کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرمەنییانەی لە کوردستان دەژیان، بە خواستی خۆیان ئەو وڵاتەیان جێهێشتووە، کەواتە لە ڕووی یاساوە چیتر مافی ئەوەیان نییە کە داوای ئەو هەرێمانە بکەنەوە.

ئەگەر زۆربەی نەتەوەیەک نەیتوانیبێ کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە شێوەیەک بەڕێوە ببات کە ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە پێی ڕازی بێت، ئایا ئەمە بەشتێکی ڕەوا دەزانرێت کە ئەمڕۆ ئەو

کەمایەتییە نەتەوەییە ڕێگای پێ بدرێت بەڕێوەبردنی نەژادێکی وەکو نەژادی کورد، کە ژمارەیان زۆر لە ئەوانیش زیاترە و هەمیشە حەز لەسەربەخۆیی و ئازادی دەکەن، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە؟

لەلایەکی دیکەوە،، کۆمیسیۆنێکی سەر بە چەندین وڵاتانی ئەورووپی پێویستە لە مەسەلەی گەڕاندنەوەی سامانی لە دەستچووی ئەرمەنییەکان بکۆڵێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەرمەنییەکان ئارەزووی ئەوە بکەن کە بەرەو ئەرمینیا کۆچ بکەن و هەروەها ئەگەر ئەو کۆمیسیۆنە ڕەزامەندیی کوردەکانیش وەربگرێت.

بە پێچەوانەی پرنسیپەکانی ویلسن Wilson، ئەمڕۆ هەموو شتێک دژی کوردەکان دەکەوێتەوە، واتە دژی ئەوەی کە ئەمرۆ دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆی کوردی دروست ببێ.

هەر چواردە بەندەکانی ویلسن Wilson کە سەرتاپایان لەلایەن ڕژێمی عوسمانییەوە قەبووڵ کراون، کوردەکان والێدەکەن (ئەو بەندانە بە ڕاستی مافی ئەوەی پێ بەخشیون) کە بێن داوای سەربەخۆیی خۆیان بکەن، ئەمەش بەبێ هیچ پاداشت دانەوەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی؛ ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە کوردەکان، هەمیشە بەدەم پاراستنی داب و نەریتی خۆیانەوە، بە درێژایی چەندین سەدە لەژێر سایەیدا ژیاون.

ئەوەتا، ئێستا ئەمەیە پوختەی داخوازییەکانی کوردەکان، کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو سەرنجانەی سەرەوەدا هەڵمانهێنجاون:

ئێمە بە توندییەوە ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین لە هەمبەر داخوازییە دەستدرێژکارییەکانی ئەرمەنییەکان بۆ سەر خاکی کوردستان، ئەو کوردستانەی کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا، وەک لەو نەخشەیەی پاشان پیشانی دەدەین، پێویستە تەنیا بۆ کوردەکان- خۆیان بمێنێتەوە.

سەبارەت بەوەی کە سامانی نەتەوەیی کوردەکان تەنیا بەخێوکردنی مەڕ وماڵاتە و هەروەها ئاووهەوا ناچاریان دەکات کە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگا و پاوانەکانیان گەرمیان و کوێستان بکەن، ئێمە لەپێناو مسۆگەرکردنی ژیانی ئەم گەلە و پاراستنیان لەدەست نالەباری و چورقی ئابووری، سوورین لەسەر داواکردنی خۆمان لەوەی کە ئەو پاوان و مێرگانە نەخرێنە دەرەوەی ئەو سنوورەی کە بۆ کوردستان دیاری دەکرێ.

*هەروەها لە کۆتاییدا ئێمە داوای سەربەخۆبوونی خۆمان دەکەین، ئەمەش مافێکی ڕەوای (قانوونی) خۆمانە، تەنیا ئەم سەربەخۆبوونەشە کە ڕێگامان دەداتێ لەپێناو پێشکەوتن و گەیشتن بە شارستانیەتدا کۆشش بکەین، هەروەها بتوانین بەهرە لە سامانەکانی وڵاتەکەمان وەربگرین و لەگەڵ دراوسێکانماندا بە ئاشتی بژین.*

وێڕای ئەمەش، ئێمە ئاواتەخوازین کە کۆنفرانسی ئاشتی، کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتی پێک بهێنێت و ئەو کۆمیسیۆنە ئەرکی ئەوە بێت کە سنوورەکانی کوردستان، بەپێی پرنسیپی نەتەوایەتییەکان Le, Principe des Nationlites بە شێوەیەک دیاری بکات کە سەرتاپای هەرێمە کوردنشینەکان بگرێتەوە: ئەو هەرێمانەی کە کورد ژمارەیان لەچاو ژمارەی میللەتانی دیکە زیاترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەگەر لەو هەرێمە دیاریکراوانەی دەدرێنە پاڵ کوردستان کۆمەڵە خەڵکێکی غەیرە کورد هەبن، ئەوا ئەو کۆمەڵە خەڵکە مامەڵەیەکی تایبەتی وایان لەگەڵ دەکرێ

کە لەگەڵ داب و نەریتی نەتەوایەتییان پێکەلپێک بێتەوە.

ئێمە هیوایەکی زۆرمان بە دادپەروەرایەتیی ئەم کۆنگرەیە هەیە، تیدی ژیان و داهاتووی گەلێکی دێرینی پێ دەسپێرین: ئەو گەلەی، کە ئەگەر ڕێگای پێ بدرێ، باش دەزانێ کە چۆن ڕێگای بووژاندنەوەی خۆی پەی بکات.

پاریس، ٢٢ مارس ١٩١٩

ژەنەراڵ شەریف پاشا
سەرۆک وەفدی کوردان
لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس

20, avenue de Messine

پەراوێز و سەرچاوە:

١- ماوەیەک بوو لە وەرگێرانی ئەم دوکومێنتە بۆسەر زمانی کوردی بیوومەوە، لە ناکاو چاوم بە کتێبەکەی د. بلەچ شێرکۆ کەوت (کێشەی کورد، مێژینە و ئێستا) کە بەڕێز کاک حەمەدی حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لەو کتێبەدا هەمان ئەم دۆکومێنتە، وەک پاشبەندێک بڵاوبۆتەوە. لێرەدا، لەبەرئەوە تا کە دڵم نایە تەرجەمەکەی خۆم وەلابنێم و فڕێبدەم، هەروەها لەبەئەوەش تا کە ئەم تێکستە تەرجەمەکراوەی بەردەست لە سەرچاوە فەرەنسییە ئەسڵییەکەوە کراوە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی- دوای بەراوردکردنێکی وردی نێوان هەردوو تێکستەکە (تەرجەمەکەی خۆم و تەرجەمەکەی کاک حەمە باقی)- بۆم دەرکەوت کە وەرگێرانە لە زمانی عەرەبی کراوەکەی کاک حەمە باقی، لەگەڵێک شوێندا شتی لە خۆڕا لێزیادکراوە، یانیش زۆر جاران لێی کەم کراوەتەوە و دەسکاری کراوە! ئەمە جگە لە هەڵە و پەڵەی ئامار و سەرژمێرییەکان، بە هەڵە نووسینەوەی ناوی جێگا و شار و هۆزە کوردەکان. هەرچۆنێک بێ، وەرگێرانە لە زمانی عەرەبی کراوە کە، هەم شێواز و هەم ناوەڕۆک و بیری یادداشتنامەکەیان شێواندووە.

ئێمە لە کاتێکدا دڵنیابین کە بنچینەی ئەم هەڵە و پەڵە و کەموکورتییانە، دەگەڕێتەوە بۆ تەرجەمە عەرەبییەکە (نەک بۆ کاک حەمە باقی)، هیواداریین کە ئەم وەرگێرانەی بەردەست، کە ڕاستەوخۆ لە فەرەنسییەوە کراوە، هەم بۆ ڕووناکبیر و مێژوونووسانی کورد، هەم بۆ چاپی داهاتووی ئەو کتێبە سوودێک بگەیەنێ.

ئێمە ئەم دۆکۆمێنتەمان لەم سەرچاوەیەوە وەرگێراوەتە سەر کوردی:

- Memorandum sur Les Revendications du peuple Kurde, imprimerie A.- G. L, HOIR; 26, Rue du Delta, 26. Paris: 1919. (15 pages).

٢- شەریف پاشا لە نووسینە فەرەنسییەکەدا زاراوەی Nation (نەتەوە)ی بەکارهێناوە بۆ کورد، نەک Peule (گەل).

٣- ناوەڕۆکی ئەم یادداشتنامەیە ئەوە پیشان دەدا کە ژەنەراڵ شەریف پاشا شارەزاییەکی قووڵ و فراوانی لە بارەی مێژووی کۆنی نەتەوەکەی خۆی هەبووە.

٤- پێش ئەم یادداشتەی شەریف پاشا، ئەرمەنییەکان یادداشتێکیان بە ناوی داخوازییە سیاسییە (نیشتمانییەکانی) ئەرمەنییەکانەوە پێشکەش کردبوو. لەو یادداشتەی خۆیاندا، بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان بەگەڵ (ئەرمینیا) دابوو.

٥- ئەم سەرچاوەیە، کە شەریف پاشا پشتی پێبەستووە، ئەمەیە:

- RECLUS Elisee: Nouvelle Geographie Universelle, La terre et Les hommes, Paris: 1879- 1894.

جلدی نۆیەم، بە ناونیشانی (L, Asie Anterieur).
کۆد و ژمارەکەی لە کتێبخانەی لانگرۆ لە پاریس (MN. 4-2)

٦- ئەم پرنسیپ و بناغەیە، ویلسۆن لە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی دایهێنا کە هەر نەتەوەیەک لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پێویستە دەوڵەتی خۆی هەبێ.

٧- بۆ سەرژمێریی کورد و ئەرمەن هەروەها جوگرافیای کوردستان و ئەرمینیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە (بە زمانی عوسمانی):

أ- علی امیری دیاربکرلی: عثمانلی ولایات شرقیەسی، استانبول، اقبال کتابخانەسی، ساڵی چاپ (؟)، ١١٢ لاپەرەیە. کۆدی لە کتێبخانەی لانگرۆ لە پاریس (27) 8-650 Mel.

ب- سعادتلو سعید پاشا: ساڵنامە ولایت دیاربکر، قسم ثاني، استانبول: (١٣٠٢ ه). (کۆد و ژمارەی لە کتێبخانەی لانگرۆ لە پاریس: Tur. 111. 635).

٨- بڕوانە:

Statistique de vanet de bitlis, traduit du russe par Mehemed Sadik Bey, Commandant de Cavalerie, attache au bureau de renseignements de L, etat- Major general. Imprimerie militaire, Constantinople, 1330 (1914).

ئەم کتێبە لە بنچینەدا بە رووسی نووسراوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بە ناونیشانی (سەرژمێری دانیشتووانانی وان و «بەتلیس»، محمد صادق بەگ لە رووسییەوە کردوویە بە فەرەنسی.

٩- ئینسکلۆپیدیای ئیسلام دەڵێ کە شاری (بەتلیس) ناوچەرگە و مەڵبەندێکی هەرە سەرەکیی کوردستانە. بڕوانە وشەی «بەتلیس BIDLIS) لە سەرچاوەی ناوبراودا:

- Encylopedie de e, Islam, Dictionnaire Geographique, Ethno., et Biogr., des peuples musulmans, T.1 (A-D), (Bedlis), pp. 733-734., Paris: 1913.

١٠- بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٨).



«نەخشەی کوردستانی گەورە»

ئەو نەخشەیەی کە ژەنەراڵ شەریف پاشا وێرای یاداشتنامەکەی، پێشکەش بە کۆنفرانسی ئاشتیی کردبوو لە پاریس، لە ساڵی ١٩١٩.

# کورتەیەک دەربارەی
# شاخ و روبار و دەریاچەکانی کوردستان

مەلا عەلی

## ١- شاخەکانی کوردستان:

کوردستان تێکرا ولاتێکی شاخاوییە. لە کوردستانی تورکیادا بەشە کێوەکانی توورووسی رۆژهەلات لە قەراخی دەریای سپی ناوەراست بە پانایی جوگرافیی کەنداوی ئەسکەندەروونەوە ئەگرێتەوە، پاشان بەرەو باکووری رۆژهەلات درێژ ئەبێتەوە. لە باکووری مەرعەش ئەبێتە دووبەش و لەیەکتری دوور ئەکەنەوە. بەشی باکوور کە ناوی ئینگرداغ و نورداغە و بەرزایی 3090 میترە لەگەڵ کێوی ئاگری داغ بەیەک دەکەونەوە سەربەشە کێوەکانی مەنزوور کە بەرزایی 3088 میترە. مرکان و کارگاپارازی بەرزایی 3388 میترە. ئەمانە بەیەکەوە ئەبەسترێن و پاشان لار ئەبێتەوە بۆ زنجیرە شاخەکانی ئەراکس و ئەویش ئەبڕێت و لە کۆتاییدا ئەگاتە زنجیرە شاخەکانی ئەرارات.

بەشی دووەم بەشێوەی کەوانی لە باشووری مەلاتییەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ کێوەکانی هاچرس کە بەرزایی 2689 میترە و ساسون کە بەرزایی 2590 میترە تا باشووری مووش ئەڕوات و پاشان لەگەڵ کێوەکانی بدلیس و هەکاری کە بەرزایی 3630 میترە و سبلوداغ لەلای باشووری دەریاچەی وانەوە درێژ ئەبێتەوە تا ئەگاتە کێوی جیبوداغ کە بەرزایی 4170 میترە. جگە لەوانە لە سنووری باکوورەوە چەند بەشە کێوێک بەرزاییان بەرامبەر بەیەکە لەوانە کێوی چەکماک. لە باشووری ئەرزرومەوە بەشە کێوێکی ئاگراوی پالند و دوکن داغ بەرزی 3124 میترە، بەلای باشووردا زنجیرە شاخی بن بنگوڵ هەیە، بەلای رۆژئاوادا بە بەرزایی تونجلن درێژ بوونەتەوە. لەم بەشەدا روباری فورات کە بەنێو بەردی بلورین و زۆر گەورەدا ئەڕوات دایپۆشیوە، کە دۆڵی زۆر گەورە و سەختی لێ دروست کردووە و جێگای هاتووچۆی نییە.

لە باکووری مەلاتییەوە سەرچاوەی زۆر جوان لە یەکلا واتا باشووری رۆژهەلاتی لازیغ بەرزاییەکەی 1020 میترە. لەلایەکەوە تا باکووری مووس 1500 میتر بەربوونە. لەم بەشەدا بوومەلەرزەی یەک لەسەر یەک هەیە کە لە سالی ١٩٣٩دا (٢٥) هەزار کەسی کوشتووە. هەروا لە سالی ١٩٦٦ بوومەلەرزە لە وارتو و، لەسالی ١٩٧١ لە بنگوڵ و گەنجی داوە.

لەبەشی باشوور کەوانە کێوەکانی تارووس ناوچەیەکی زۆریان گرتۆتەوە. ئورفا بەرزاییەکەی 550 میترە. دیاربەکر بەرزاییەکەی 650 میترە لەویشەوە بەرزاییان وەک یەکە، کە بەرەو نێوان دوو روبار درێژ بۆتەوە. لەو بەشەشدا تەپەی خری ئاگراوی قەراچەداغ بەرزایی 1915 میترە.

زنجیره کێوی تۆری عابدین، کە لە ماردین بەرزایی 1130 میترە، دەست پێدەکات و لە بەشی ڕۆژهەڵات بە کێوی بەرزتر (هاراکول- 2943 م) و کێوی جودی (2089 م) کۆتاییان دێت. لە کۆتایی ڕۆژهەڵاتی تورکیا زنجیرە کێونێک هەن. دوو کێوی ئاراراتی گەورە و ئاگری داغ بەرزی 5258 میترە. ئەراراتی بچووک بەرزیی 3925 میترە. لەم کێوانە چەند بەشە کێونێک جیادەبنەوە، بەشێک لەوانە بە دەورەی دەریاچەی وان دایە. کێوی تەندروک کە بەرزایی 3313 میتر بەرزە. لە بەشی باکووری ئەم دوو کێوانە هەڵکەوتووە.

کێوی ئالاداغ 3610 میتر و شاخی ئێزپریزداغ 3537 میتر بەرزە. لە باشووری داویران داغ بەرزایی 3550 میترە و هەروا لەناوە لوتکە کێوەکانی ساتاک هەن. لە بەشی باکووری دەریاچەی وان دوو کێوی ئاگرین هەن: کێوی سیپان کە بەرزایی 443 میتر و کێوی غرود (غروت) کە بەرزایی دوندەکەی دەکات 3140 میتر. لە بەرزایی 2552 میتری ئەم کێوەدا دەریاچەیەک هەیە ئاوەکەی شیرینە. دەریاچە کە 1720 میتر لە ڕووی دەریاوە بەرزە. ئەم ناوچەیە بەرزترین ناوچەی کوردستانی باکوورە. بەشە کێوەکانی کە بە ئاراراتەوە بەستراون دەبن بەو کێوانەی لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژبوونەتەوە و لە نێوان دوو دەریاچەی وان و ورمێ دان و کوردستانی باکوور لە کوردستانی ڕۆژهەڵات جیادەکەنەوە. ئەم کێوانە بە بەرزایی ناوچەی هەرکی و هەورامان بەستراونەتەوە و لەوێوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا شۆڕبوونەتەوە، کە یەکەمین لوتکەی کێوەکانی زاگرۆس دروست دەکەن. شاخەکانی زاگرۆس بە دوو بەشی بەرامبەر بەیەک خاکی کوردستانیان تەنیوە. ڕۆژهەڵاتی شاخی زاگرۆس لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدایە و دوو زنجیرە کێوەکانی ڕۆژئاوایشی لە باشووری کوردستان دان.

هەروەک ئەدمۆندز دەڵێت ناتوانرێت بە ئاسانی ناو بۆ ئەم هەموو لوتکە و زنجیرە کێوانە دابندرێت، هەر چەندە لە هەموو جێگا و ناوچەکانی خۆیاندا دانیشتوان ناویان دەزانن و لە ڕاستیدا لە هەموو شوێنێک ئەو لوتکە و شاخانە ناوی جۆربەجۆریان هەیە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

چەند زنجیرە و بەشە کێونێک. جیاجیا و بەرامبەری یەک لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا درێژبوونەتەوە. بەرزترین کێویان دانپرە کە بەرزاییەکەی 3740 میترە و لە نێوان سنووری سێ ناوەندی تورکیا و عێراق و ئێراندایە. پاشان سپیرەز و قەندیل یان کوگیز کە 3782 میتر بەرزە گەلاڵە 3364 میتر بەرزە. نەختێک دوورتر بەرەو ڕۆژهەڵات کێوی چلچەشمە 3416 میتر بەرزە. ناوی کوردستانی ئێران زیاتر لەم کێوانەوە سەرچاوەیان گرتووە و بەرەو باشوور بە زنجیرە کێوی هەورامان (3216 میتر بەرزە) و جێ لوکە (3500 میتر بەرزە) هەن کە بە زنجیرە تا کێوەکانی لورستان و پشتکو درێژ دەبنەوە.

## باشووری کوردستان:

لە باشووری ناوەندی تورکیا کێوەکانی جودی داغ و شێخان داغ و جلوداغ، لە نێوان ڕووباری فورات و زێی گەورەدا و، لوتکە کێوەکانی بێخێر و متینا و گارا بەرەو سنووری ئێران درێژبوونەتەوە. لەم بەشەی زێدا کێوەکانی سەری کوێر ئاوا بەرزییان 3603 میترە و دۆڵە ڕەش

3449 میتره، خوارایتە 3168 میترە. لە ناوچەی برادۆست ئەگەرچی کێوەکانی سنوور بەرزن، وەک کێوی هەڵگورد 4013 میترە، بەلاّم وردە وردە بەرەوەدە شتەکان بەرزایی کێوەکانی کەم دەبنەوە. بۆ نموونە چیای هەندرێن بەرزایی 2793 میترە کەوتۆتە باشووری رۆژئاوای رەواندوز.

لە زنجیرە کێوەکانی کورەکاژاو، گرجار، کرکرە و ئاسۆس لوتکەی زۆر بەرز هەن کە بەرزاییان لە نێوان 2950 تا 1960 میترە.

بەشە کێوەکانی ئەزمیر و قەرە سیرەت بەرزاییان لە نێوان 1870 تا 1608 میتر ئەبێت. لەنێو ئەوانەیشدا لوتکەی پیرەمەگرون کە لە باکووری رۆژئاوای سلێمانیە، 3183 میتر بەرزە. لە بەرامبەریدا شاخی بەرانان هەیە کە لەنێوان 1789-1477 میتر بەرزە.

لەبەشی رۆژئاوایەوە چیاکانی قەرەداغە کە بەرزایی لە 1378-2017 میتر دەبێت. لەبەشی باشووریەوە تونی باباعمرە کە 3650 پێ بەرزە. دیسان لەبەشی خۆرئاوای ئەویشەوە کێوەکانی حەمرین هەڵکەوتوون کە بەرزاییان 1640 میترە. ئەم کێوانە لە باشووری رۆژهەلاّتەوە بۆ باکووری رۆژئاوا کشاون کە لە سیروانەوە تێدەپەرن و لە کۆتاییدا لە زێی بچووکەوە بە دیجلە دەگەن. شاخەکانی شەنگار بە درێژایی 60 کیلۆمیتر و پانایی 15 کیلۆمیتر و بەرزایی 1600 میتر لە نێوان هەردوو رووباردان و تا رۆژئاوای موسل کشاون.

## ٢- رووبارەکانی کوردستان:

کوردستان خاکێکی بەپیت و باشە، سەرچاوەی ئاوی زۆر و رووباری هەمیشە ئاوداری هەیە، لەسەرەتاوە لە ئاراکس، یان ئارس سەرچاوەکان دەست پێدەکەن و لە خاکی بنگوڵەوە کە کەوتۆتە نێوان دیجلە و فورات لە (هەزار دەریاچە) سەرچاوەیان گرتووە.

فورات و دیجلە، کە لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن دوو رووباری گەورەن. فورات لە دوو بەش پێکدێت. بەشی باکووری، لە کوردستاندا ناوی قەرەسووەک، 460 کیلۆمیترە. درێژایی سەرچاوەکانی لە کێوەکانی دومل و داغەوەیە پاشان لە ئەرزرۆمەوە دێت و لەو ناوچەیە ئاوی رووبارەکانی کە سەرچاوەیان کێوی چوروداغە بەو دەگەن و پاشان بە دۆڵێکی تەنگدا بەرەو خۆرئاوا دەکشێت و ئەرزنجان ئاودەدات و بەدۆڵێکی تەسکدا بەرەو خۆرئاوا دەروات و پێنچارپێنچ بەرەو باشوور دەکشێت و ناوچەی کەمارا ئاو دەدات و لە شارۆچکەی کەمالییە تێدەپەرێ بە تەنیشت کێوەکاندا دەروات کە دۆڵی زۆر سەختیان هەیە.

بەشەکەی تری کە مراد سووی پێدەڵێن، درێژایی 615 کیلۆمیترە و لە کێوەکانی ئاگریژان و ئالاّ داغ و تەندروک لە باکووری دەریاچەی وان سەرچاوە دەگرێت و بەرەو باکووری متمایل و لە دیادین و قاراگوز تێدەپەرێ جارێکی کە بەرەو باشوور دەگەرێتەوە توتاق و مەلازگە ئاو دەدات، لەوێوە لە باکووری مووش شارەکانی گەنج و پالْ و پرتەک ئاو دەدات و پاشان لە باکووری کبان لەگەڵ لقەکەی تری فورات، قەرەسو، یەکدەگرن. پاش یەکگرتنی ئەو دوو رووبارە، فورات دروست دەبێت.کە647 کیلۆمیتر بە کوردستاندا ئەروات. تێکرای درێژی فورات لە نێوخاکی کوردستاندا 1110 کیلۆمیترە و هەموو درێژاییەکەی 2800 کیلۆمیترە. رووباری کە لە باکووری مەلاتییەوە دەچێتە سەر قەرەسوو 144 کیلۆمیتر درێژە. سەرچاوەی ئەم رووبارە لەدەرەوەی خاکی کوردستانە. رووباری مرادسوو گەلێ رووباری تری دێتەوە سەر لەوانە پەیسوو کە درێژییەکەی 235 کیلۆمیترە.

فورات لە کۆندا گەلێ ناوی جۆربەجۆری بووە. سۆمەرییەکان پێیان گوتووە (بورانونو)، واتا رووباری گەورە. بابلییەکان پێیان گوتووە (پراتو). فارسەکان بە (ئەفرات) ناویان بردووە. ئەکەدییەکان بە (پوراتی)، یان (پوراتوم) و گریکەکان بە (ئەفراتیس) ناویان بردووە کە بە عەرەبی بۆتە (فورات)، واتا ئاوی پاک.

دیجلە- رووبارێکی زۆر گەورەیە. سەرچاوەی لە باکووری کێوەکانی مەعدەنەوە دێت و 450 کیلۆمیتر بە باکووری کوردستاندا و بە شارەکانی ئادغانی، دیاربەکر، حەسەن کیف و جزیرەدا تێدەپەڕێت. لەلای چەپییەوە چەند رووبارێک: عەنبەر، باتمان، گرزا و بۆتان دەڕژێنە ناویەوە. دیجلە پێش خابوور دێتە سنووری عێراقەوە لەو جێگەیەشدا رووباری خابوور دەڕژێتە نێو دیجلەوە، یەکێک لەلقەکانی خابوور بە ناوی هازیل شاری زاخۆ ئاو دەدات. درێژایی دیجلە لە نێو کوردستانی عێراقدا 150 کیلۆمیترە، واتا لە هەموو کوردستاندا 600 کیلۆمیترە. تێکرا درێژایی دیجلە 1500 کیلۆمیتر.

دیجلە لە نزیک بەغدا لەگەڵ فورات لێک نزیک دەبنەوە و پاشان لەیەکتری دوور دەکەنەوە، تا لە باشووری عێراق لە شاری قرنە پێکدەگەن و شط العرب پێکدێنن.

سۆمەرییەکان ناوی (ئادیگنایان) لە دیجلە ناوە. ئەکەدییەکان پێیان گوتووە (ئادیگلاتوم)، یان (ئادیگلات). گریکەکان بە (تگریس) ناویان بردووە.

ئاراز: رووبار یان چۆمی ئاراز لە بنگۆڵەوە دێت و 435 کیلۆمیتر بە باکووری کوردستاندا تێدەپەڕێت و بە نێوان ئێران و تورکیا و سۆڤیەتدا دەڕوات و، دەڕژێتە دەریای قەزوینەوە. درێژایی رووباری ئاراز دەگاتە 920 کیلۆمیتر.

**قزل ئۆزان:** سەرچاوەی لە باشووری خۆرئاوای شاری (دیواندەرە)ی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بە ناوچەکانی زنجان و میانەدا تێدەپەڕێت. پاشان لە باشووری شاری رەشتەوە، کە لەوێ بە (سفیدرود) ناوی دەبەن، دەڕژێتە دەریای قەزوینەوە.

**زێی گەورە:** درێژاییەکەی 450 کیلۆمیترە سەرچاوەکەی لە باکووری کوردستانەوە و لە کێوی مەرگەنەداغ لە نێوان دەریاچەی وان و ورمێوە سەرچاوە دەگرێت. جۆلاً مەرگە ئاو ئەدات و دێتە باشووری کوردستانەوە ناوچەی زێبار و بارزان ئاو دەدات. یەکێک لە لقەکانی لە رووباری رەواندزەوە دێت و لە باشووری شاری موسڵەوە دەچێتە سەر دیجلە.

**زێی بچووک:** 400 کیلۆمیتر درێژە لە ناوچەی لاجانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێت و، لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باشووری، گەلێ رووبار تێکەڵی ئەم زێیە دەبن، کە بە تەقتەق و ئاڵتوون کۆپریدا رەت دەبێت و دەچێتە سەر دیجلە. لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ناوچەی دوکان بەربەستێک لەسەر ئەو ئاوە کراوە کە (٧) بلیۆن میتری شەشگۆشەیی ئاو دەگرێت و مەودای 50 کیلۆمیتر چوارگۆشەیی داگرتووە.

**سیروان:** لەپێش زایینا بە (ئەترکون) و (توړمەر) یان (تامارا) ناویان بردووە. درێژایی رووباری سیروان 386 کیلۆمیترە، کە لە کێوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دێت. لە نێو باشووری کوردستاندا رووباری تانجەرۆ، کە دەشتی شارەزوور ئاو دەدات. دەڕژێتە نێویەوە. لە دەربەندیخان بەربەستێکی گەورەی لەسەر دروست کراوە. ئەو رووبارەیش دەڕژێتە ئاوی دیجلەوە.

## ٣- دەریاچەکانی کوردستان:

دەریاچەی وان: گەورەترین دەریاچەی کوردستانە. رووبەرەکەی 3765 کیلۆمیتر چوارگۆشەیە. قولاییەکەی 100 میترە و بەرزییەکەی لە رووی دەریا 1120 میترە. ئەو کێوە ئاگر پژێنانەی لە چواردەورەی ئەم دەریاچەیەدان. کە سودە و سولفات و... هتد لەوانەوە دەرژێتە دەریاچەکەوە ئاوەکەی سوێر کردووە. لەو دەریاچەیەدا تەنیا یەک جۆرە ماسی راو دەکرێت کە پێیدەڵێن (بلیک).

لە باکووری دەریاچەی وانەوە دەریاچەی (نازلیک) هەیە، لە باکووری رۆژهەلاتی ئەم دەریاچەیەدا دەریاچەی (ئارچک) هەیە. لە باکووری رۆژئاوای مەعدەن، لەو جێگەیەی کە سەرچاوەی دیجلەیە، هەزار قولو هەیە کە زۆر قووڵە و رووبەرەکەی دەگاتە 50 کیلۆمیتری چوارگۆشەیی. ئاوی ئەمیش سوێرە و مارماسی تێدا راو دەکرێت.

دەریاچەی ورمێ: پێشتر پێیان گوتووە (چی چیت)، ئیسرابون پێی گوتووە (ماتینی). ئەم دەریاچەیە لە خۆرهەلاتی شاری ورمێ هەڵکەوتووە، رووبەرەکەی زیاتر لە 6000 کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. درێژاییەکەی نزیکەی 130 کیلۆمیتر و پانییەکەی 50 کیلۆمیترە. قولاییەکەی لە نێوان 6 تا 15 میترە. ئەو دەریاچەیەش ئاوەکەی سوێرە و هیچ جۆرە ماسییەکی تێدا ناژی. لە نزیک ئەو دەریاچەیەوە دوو دەریاچەی بچووک هەن بە نێوی (شورگول) و (قوپیبە).

دەریاچەی زرێبار: پێشتر بە (میهریان) ناویان بردووە. ئەم دەریاچەیە لە نزیکی سنووری کوردستانی عێراق و، لە خۆرئاوای مەریوان و باشووری رۆژهەلاتی پێنجوێنە. درێژاییەکەی 4,5 و پانییەکەی 1,7 کیلۆمیترە و قولاییەکەی 15 میترە.

لە باکووری کوردستاندا دەریاچە نییە.


سەرچاوەکان:

١- کرد در دائره معارف اسلام- ترجمەی اسماعیل فتاحی قازی.

٢- د. عبدالرحمن قاسملو- کردستان والاکراد- دراسه سیاسیه واقتصادیه.

٣-د. ودیع بشور- سومر وأکاد- دمشق ١٩٨١.

٤- العراق في التاریخ.

٥- د. جەمال رەشید- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری.


(ئەم گوتارە بەشێکە لە کتێبی «واگرێزانی کورد لە مێژوودا کە بۆ چاپ ئامادە کراوە.»)


لە بڵاوکراوەکانی رابوون:

بەرەو مێژوو

کورتە باسێکی فیکریی - مێژوویی

رەفیق سابیر

دەتوانن بە ناونیشانی (رابوون) داوای بکەن

## کاکەی فەلاح

# خاڵ خاڵۆکە

خاڵ خاڵۆکە
ماڵی خاڵم لە کوێیە؟
تۆ ئەیزانی
لە شارە یان لە دێیە؟
بە شوێن تۆدا
من فڕینم حەز لێیە
خۆزگە وەک تۆ
باڵم ئەگرت لەم ڕێیە
تابزانم
ماڵی خاڵم لەوێیە؟
- ماڵی خاڵت
ئێستە لەوێ نەماوە
کانی وشکە
کارێزەکەی بێ ئاوە

دار و درەخت
بۆخۆی زەرد هەڵگەڕاوە
بێ دووکەڵە
هەموو ئەو ناوە ناوە
هەرچی مەلە
هێلانەیان شێواوە
نەباعە باع
شوان شمشاڵی شکاوە
نە شایی‌یە و
نە سەیرانە و نە ڕاوە
بۆ کوێ ئەچی؟
کێ ئەڵێ خاڵۆش ماوە؟
هەتا زووە
با بگەڕێینە دواوە.

مانگی ٩/ ١٩٩٠

# لێک دابڕان

کەرۆیشتن، وا نەزانن
کەمتەرخەمیم، ڕێی لێ تەنیم
وەک ڕۆژان و شەوانی زوو
هیچ نەخەوم، پێشتان کەوم
بە هەورازی کوێستانی هات و نەهاتا
هیچ نەسرەوم، هەر سەرکەوم
کۆڵێ خەم و ئەندێشەتان
یان توێشە بەرەی کێشەتان
هەرچی هەیە و هەرچی ئەبێ
لێ وەرگرم، بۆ هەڵگرم
***
کە ڕۆیشتن، وەک دوو کۆتر
کە داتان لە شەققەی باڵتان
بەرەو هەوارگەی خەیاڵتان
بۆ سێبەری دارێکی دوور
دوورتر لە پێوانەی سنوور
هەرچیم هەیە،
هەرچی سۆز و هەرچی هەست و
هەرچی خۆشەویستیم هەیە
چی مایەی سەربەرزیم هەیە
گلێنەی دوو چاوم هەیە
گەرمایی هەتاوم هەیە
گزنگ و هەتاوم هەیە
هەمووی وەکو چەپکە گوڵێ
چەپکە دڵێ
لەوەختی بەڕێ کردنا،
کز وەستا بوون لەگەڵ منا
***
کە ڕۆیشتن، وەک شەپۆلێ
لە دەریای ئەم ژیانەدا
گێژاوی ئەم جیهانەدا
بۆ شاییەک لرفەی ئەهات
لە قوڵایی ئەم گیانەدا
من و ئەوانەی وەک منن
لە خەمی دووری یا ونن
ئەم دابڕان و جیاییە
نوخشەی وەرزی کۆتاییە
***
کە ڕۆیشتن، بەهرەی شیعر
لەبەرچاوم لێڵ و پیلێ بوو
وەکو جاران
هونەر و پەیامی نەما
دڵی شاعیر، وەکو ساڵان
سەبووری و ئارامی نەما
گەش بینم و بەبێ ئێوەش
وەختە بڵێم، وەکو ڕۆژان
ئەم ژیانە تامی نەما
کامی نەما

١٩٨٧

# فریشتەی سۆز

فریشتەی سۆز !
هەر وەکو جارەکانی تر
ئەمجارەشیان
زووکە بێ بەهانامەوە
تۆش ئەی بەهرە
بۆ هەوێنی شیعرێکی نوێ
هیچ مەوەستە، فریاکەوە
دنیا شەوە
بەڵام کپ و خامۆش نییە
پێکەنینە و سەرپراوە
خۆشی ونە
بۆ نازانی
ئەو شیعرەی بە دڵی منە
زادەی خەم، بەرهەمی شەوە ؟
باخچەی تەمەنی شاعیریش
پایزێکی دڵ شکاوە
بەڵام...... بەڵام
بەسەر لقی هەرە بەرزی
سێ نەمامی ئەو باخەوە
زەردەخەنەی سێ چرۆیە و
وەکو خۆزگە... وەکو تۆخەی
لەو نەمامانە ئالاوە
وا ئەم شیعرەی پێ ڕسکاوە

(١)
تۆ ئەی (ژنوار)ی* ئێسک سووک
بەچکە چۆلەکەی بێ دەنووک
ئەی سمۆرە!
ئەی نۆبەرەی نەمامەکان
شادم بەوەی
لەگەڵ تۆی تەمەن ساڵ و نیو
قسەو بیرەوەریم زۆرە
ئەی تۆ نەبوی ...
وەکو گوڵێ لە سەرچنار
گەشایتەوە ؟
شەپۆل شەپۆل، بە هاژە هاژ
گەشە و بزەت
دا بەچەم و دا بەکەنار
بە گرۆگاڵ
شنە شنت دا بە شەماڵ
ئەی تۆ نەبوی
هەر کە هاتی وەکو باران
دڵۆپ، دڵۆپ
ناوی تازە و ناوی زۆرت
بەسەر هەمورمانا باران
هەر کە هاتی
وردە خەم و پەژارەی زۆر

لە هێلانە ڕەوانەوە
لەم شەوەدا
بێ ئەوەی ڕۆژ ببینەوە
گزنگی خۆر
هی گەش بینی
بە بزەوە گەشایەوە
کە هاتی
بە ماچ و نوقوڵ
بە شیعر و گوڵ
باوەشت بۆ کرایەوە
ئەی بەرخەکە
جەرگی جەرگی (حەمە حەمە)
ئەی پەروەردەی کۆشی ناز و
خۆشەویستی ئەم سەردەمە
ئەی ڕۆڵەی زیت
ژیر و بزێو
تۆ منالی، یان سیحرێکی
تاکو لە ناخی ناخەوە
نزیکت بین، خۆشمان بوێ‌ی
نازت بگرین، هێشتا کەمە
هێشتا کەمە.

(٢)

تۆش (سۆما) گیان
سۆمای چاوەکانی شاعیر
ئەی خونچەی تازە پشکووتوو
تەنیا لە وێنەدا دیتوو
کۆرپەی باوەشی نامۆیی
ئای چەن ستەمە بێ تۆیی
ڕۆڵە، ڕۆڵە!
ئەی کارژۆڵە!
هەڵبەت ئێستاکە تێم ناگەی
تۆش و هەزاران بەرخ و کار

هەزاران شوان
باخ، باخەوان
تەرەی کەڵپەی گورگی هارن
ئاوارەی دێهات و شارن
بێزاری دووپشک و مارن
ئەم وولاتە
دارستانی کارەساتە
ئەم هەزار و یەک شەوەیە
شارەوەی زەردەوالەیە
فاشستەکان
گورگە ڕەگەزپەرستەکان
پڕ بە دنیا ئەلورێنن
تامەزرۆی فرمێسک و خوێنن
زەردەخەنەی لێوی ساوا
ئەتاسێنن
بێشکە و جۆلانە ئەشکێنن
شارۆچکە و دێ ئەڕوخێنن
سەگی هارن
هەڵ ئەبەزن، دائەبەزن
یان ئەوەڕن، یان ئەگەزن
مارن، مارن
بۆ پێوەدان ئەفیشکێنن
برسی و تینووی پەلامارن
شێتن، هارن
پۆل پۆل منال ئەخنکێنن
ئەیانەوێ
ئاشی شەڕ بە خوێن بگەڕێ
پرسەیان بۆ هەموو ئەوێ
کانی ڕوون و کارێزی پاک
تینوو ئەکەن
لە وولاتی ڕەش و ڕووتا
گوڵە گەنم ئەسووتێنن
وەکو بەراز

بیستان و باخ پێ شێل ئەکەن
گۆڕستانمان بێ کێل ئەکەن
دەست بۆ شەرەف درێژ ئەکەن
لەسەر بەرماڵیش (نوێژ) ئەکەن
سۆما! سۆما!
هەرچیم ووت و هەرچیش ئەڵێم
هەمووی وایە
جام پڕ بووە و لێی ڕژاوە
لێی ڕژاوە

**(٣)**

سانا! سانا!
تۆش وەک سۆما
ئەوەندەی بە گیان نزیکی
بەهانەسە و شێوە دووری
ئەی پەپولە!
خەم خەم نییە
گێژەلۆکە و گەردەلولە
دەمێ ساڵە
کە ئەم شارە
بێ نەورۆز و بێ بەهارە
کە ئەم باخە
بۆ باخەوان
گوڵی هەمووی ئاخ و داخە
کە ئەم ساڵە
یانزە ساڵە
بۆ خەم خزرە غەریبەکەت
هەنگوینی لە دەما تاڵە
سانا! سانا!
تۆش وەک سۆما
چەن نزیکی، هێندە دووری
لێم بیبورە
کە پێت بڵێم، جارێ ساوای
تۆ نازانی
سانا بە چکەی کۆترێکە
یانزە ساڵە
لەسەر بەردو
لە بن داری
هێلانەی گەرمی خۆی دوورە
کۆترێکە شەڕی ناوێ
دژی داوە
دژی فرمێسک و خوێناوە
ئاشتی ئەوێ
مەشخەڵی زانستی ئەوێ
پێکەنینی گشتی ئەوێ.

***

پەپولەکان!
بێ خەم بنوون، بێ خەم بنوون
بفڕن، بفڕن
هەر وەکو هەنگ
بێ دەنگ
بۆ سەر شانەی هەنگوین
کە بەرزە و پیرۆزە و شیرین
ئەم شەوگارە
بۆ کوێ ئەچێ هەر کۆچ ئەکا
نەورۆزی سەرفرازی دێ و
زستانی کۆیلەیی ئەڕوا
باخچەی تاسە و خۆزگە و هیوا
چەپکە گوڵی بەهار ئەگرێ
چەپکە گوڵی دیدار ئەگرێ
زەردەخەنەی هەمیشەیی
سانا و سۆمار و ژێوار ئەگرێ.

*سەرەتای ١٩٨٨*

* تێبینی: ژێوار و سانا و سۆما سێ کوڕەزای کاکەی فەلاحن.

جەلال میرزا کەریم

# سەرەتای حەیرانی تەمەنمان

ئێمەی بێکەس
ئێمەی هەرەس
ئێمەی پەیامی راکردوو
ئێمە خەباتی ئاوەژوو
ئێمەی بەخسیر
ئێمەی تەگبیر
ئێمەی کۆچەر
ئێمەی جۆکەر
ئێمەی مردن
نە،..... لێبووردن
ئێمەی بلقی پەیفی تاسار
بلقی بە رم ئاژنکراو
ئێمەی درۆ
نە،؛ دەسخەرۆ
ئێمەی خەنجەری لە بالأمان درێژتر
خەنجەری لە روبارەکەی خوێنمان کورت‌تر
ئێمەی چیروکی زەردوویی
یا هۆنراوەی هەرزەگزیی
ئێمەی شۆرشێکی درێژ درێژ خایەن

ئێمەی منالْ و لانکێکی بەبیٚ دایەن
ئێمەی جەنگێکی بیٚ پرسە
تابلٚێی قورسە و پڕ ترسە
ئێمەی ئێمەی چوار دیواری
دەلاقەی زامی خەمباری
ئەم کەژاوەی کۆچ کردنە
ئەم بووکی سەر هەلٚگرتنە
چۆن بگاتە سایەی هەیوان
دوا هەوارگەکەی کوردستان

***

بەیانیانی:
شاری دلمان
تەنەکەیەکی پڕ خۆلە
نە- جادە چۆلْ و سێبەرە-
نە جلەوی کاروان گرە
- نیوەروانی:
لقە دار تووی حەوشێکانمان
لێمان کەوتونە چەمۆلە

لە جێی شاتوو، شریخەی پشکۆی پلارە
گزستی ئەمساڵ نەوەک هی پار نە پێرارە
- ئێوارانی:
خۆری هیوای بەری چاومان
تک تکە..... چک چک، وەک زەنگوڵە
بە ناخمانا... بە باڵمانا، شۆڕ بوونەوە
زویر؛ زیز و؛ لێمان تووڕە و مۆڕ بوونەوە
- جا شەوانی:
مانگە سنگی چیغی ناو سەربانەکانمان
سرک سرک هەر وەکو پەپوولە
بە تونی گڕە تەنوورێکا هەڵئەژنا
تا بێ ئۆقرەیی ئەم شیوەنەی تیا ناو نا

***

مێژووی ئێمە...
نە بەهارە و نە زستانە
نە شادییە و نەگریانە
مێژووی ئێمە...
نە دوژمن ناس و دۆست زانە
نە سەرکەوتنە و نووچدانە
مێژووی ئێمە...
تەرمێکی بێ گۆرستانە
ئایەتێکی بێ قورئانە
بەڵێنێکی بێ نیشانە
مێژووی ئێمە...
چەندین سەدەی فریودانە
مێژووی ئێمە...
هەر دۆڕانە
مێژووی ئێمە...
خەونێکی بێ کوردستانە

***

با بچینە سەر گۆماوی
خوێنی پەنگاوی
بێ بەرینی کوردستانمان
بەر ئاوێنەی هاڕێنراومان
با سەیرێکی خۆمان بکەین
تا تێ بگەین!
چاومان: وێنەی
هەڵەبجە ئەناسێتەوە؟
گوێمان: کزەی
بادینان ئەبیستێتەوە؟
لێومان: کڵپەی
ئێڵە کوانووی باوەگور گور ئەڵێتەوە؟
گەردن: شڵپەی
قورولیتەی کام سەر ئەخشە ئەسرێتەوە؟
مردن: کفنی
کام زامی قووڵمان بۆ دائەپۆشێتەوە؟
ژیان: بەژنی
ڕێگای کام کاکێشانمان بۆ ئەگرێتەوە؟؟

***

ناڵێم: ئاسنی سارد ئەکوتین
بە خۆڕایی خوێنمان ئەڕژین
ناڵێم و ناڵێم: پێشمەرگە ترسنۆکە
چەکی ناو سەنگەری ویژدانی لەرزۆکە
نەخێرا... ئەوەی ئێمە کردمان
لە باس نایە
مێژوویەکی بێ کۆتایە
لە خەبات و خۆ بە کوشت دان
بەڵام!... فێرین
دەست نەنێینە بینە قاقای هەڵەکانمان
قەت نەوێرین
بەرامبەری پێشەوا و رابەرەکانمان
دەم هەڵهێنینەوە و بڵێین:
کلی پێوەیە بەرچاوتان

-

ئەبێ پێستی لەشمان بە خۆمان کەوڵ
کەین
کەشتی دەریای دڵمان بە خۆمان سەوڵ
کەین
ئەو رۆژگارە رۆشت و نەما
چی لە بارەگاوە وترا
ئیتر ئەبێ بە گوێی بکرێ
ئەگەر نا شار بەدەر ئەکرێ
دنیای کۆن سەری خۆی هەڵگرت
خەڵک هێزی خۆی وا لە مشت
ئەبێ! ئێمەش خۆمان تاو دەین
داسی بیر و هۆشمان ساو دەین
نەهێڵین داستانی دڵمان:
لە پایتەختی ئەم و ئەوا
وڵاتانی خەوش و شەوا
بکرێتەوە شانۆگەری (خۆفرۆشان)
تاکەی ئەبێ هەر نەکتەر بن
لە دوایین ریزی نوێژکەر بن
پێشتر لە سوشیالیزم بن
ڕێبەری کوردیالیزم بن
تاکەی ئێمەش
ببینە هەش
بۆ کراسی رەشی بەری دایکەکانمان
نە،... بۆ هەر بستێکی لەشی کوردستانمان

-

کوردستانە خەمگینەکە!
هەورە چرۆی رەهێڵەکە!
دڵنیام هاکا سبەینێ خۆت بشۆری
رەشپۆشیت بە ئاڵای رەنگینت بگۆری
چاوەکانت
پەنچەکانت
ئاودامانت
دڵ، زبانت
ببنە پێش بەندی حەیرانێ
گەورە و بچوکت بیزانێ:

(ئەمشەو دڵم نوقمی ئاخ و حەسرەتی لافاوێکە و، نانیشێتەوە... ئاودامانم شۆڕکراوەی تەنوورێکە و، ناکوژێتەوە... پەنجەکانم سری سەهۆڵبەندانێکە و، ناتوێتەوە... چاوەکانم کزی رێگای ونبووی ناونیشانێکە و، نادۆزرێتەوە.

گیانە!... ئەمشەو چاوەڕوانم، من شەوگەرەکەی جارانم، چرای کەزێتم بۆ هەڵکە، تاکو بێمەوە بەر پەردەی ئاڵی ژووری خەوتنانت، کەی گەشتمە لات شەرتبێ سەرم دانەوێنم بۆ ئەو عیشقەی منی ئاوا ئاوارە کرد و بە بەهەشتیش ناتگۆڕمەوە.

ئەوا کازیوەیە و منیش چاوی هیوام لێک نەناوە، هەر بە تەمام جریوەی چۆلەکەی دارستانەکەی ئەوبەرمانەوە لەگەڵ تاڵە تیشکی خۆرا بێنە ژوورەکەت و لەسەر سەرینەکەت هەڵنیشین و نەرم نەرم یاری بە قژی خاوتکەن... ئەو ساکە تۆش چاو هەڵهێنی و پەردەی پەنجەوەکەت لادەی تەماشایەکی دیمەنی نوێی لاپاڵ و نشێو بکەی... بزەیەکیش بەسەر لێوتا گوزەر بکا و نیگایەکیش بگرێتە من، ئیتر هیواکانم ئەبنە پۆلە مەل و بە ئاسمانی کوردستانی پڕ ئاشتیا باڵ ئەگرن و هەر هەڵئەفڕن... هەڵئەفڕن و نانیشنەوە.)

١٠ی تەمووزی ١٩٩١

❤ کورتە چیرۆک ❤

# ماینە سوورە

## کاروان عەبدوڵڵا

لە پەنا کەڤرێکی رۆخ بناری شاخێکی گەورەدا وەستابووم، جەستەم هەر لەگەرماپێو دەچوو، ئەو ترسەی پێمهەڵگەڕابوو، لەسەرخۆ دادەبەزی، هەناسەم لەگەڵ هێوربوونەوەی ترپەی دڵم یەکانگیر دەبۆوە. تا دەهات دەورووبەری خۆم روونتر بەدی دەکرد. دڵنیا بووم کە لە مەترسی دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام حەزی مانەوە و ژیان، رێگەی پشوودانی لێگرتم. خێرا هەڵسام، چەند هەنگاوێک رووە و هەورازەکە رۆیشتم لەپڕ وەستام، ترپەی چەند پێیەکی نارێک و پەشۆکاوم هاتە گوێ دڵم داخورپا، ترسێک، کە لەترسی مەرگ نەدەچوو، هورووژمی بۆ هێنام. نیوە ئاورێکم بۆ دواوەی خۆم دایەوە، دروست ئەوەی لەو چرکەیەدا بە مێشکم دا دەهات، ئەوبوو، هەوبوو! ماینە سوورە! ئەمیش لە دووری منەوە ئێستێکی کرد، بۆی گەڕامەوە. گومانم لە چۆنیەتی وەستانەکەی کرد، وەستام. دیقەتم دایێ، دەتوت پێم دەڵێ: بۆ کوێ دەچی، بگەڕێوە!

ماینە سوورە ئێشکچی دەروازەی ژینگەمان بوو

ماینە سوورە سێبەری پشوودان و

پشکۆی زستانمان بوو!

باشترا جێت ناهێڵم، دەزانم تۆش وەکو ئێمە پەڕاگەندەیت، وەکو من دەتەوێ گڕۆی ژیان ببەیتەوە. بە دوای رۆحی باڵگرتووتدا رادەکەی، ئۆخەی کە هاتی، وەرە، وەرەپێش ماینە سوورە!

ماینە سوورە ملی رادەوەشاند، نیگاکانی لە دوو چاوم ئەچەقاند، هەر چوار پەلی وەجووڵەخستن، کەچی جاران ئاسا نەیدەحیلاند. لەسەروسیمایدا کانیاوی کەنەفتی وشەکەتی دەردەبوو، سەیرە! تێم رادەێنی، بەڵام وێندەچێ نەمبینێ! چەند جارێک دەنگم دا، چوومەپێش، وەستام، ئەمیش رووی وەرگێڕا و کلکی کردە مێشکوژە و راست و چەپی پشتی خۆی پێدەکوتا. ماینە سوورە، قەت پشتی لە ئێمە نەکردووە، هەموومانی باش دەناسی، خۆ لە هەر کوێ، لەنێو گاڕان و تەنیایی و تەویلەدا، گوێی لە دەنگی هەرکامان بوا، چاوی بە هەریەکێک کەوتبا، حیلەیەکی ناسکی ئەکرد و دەکەوتە هەڵپەوهەڵڵا. ئەی بۆ ئێستا لە حیلە نادا؟ بۆ رووم تێ ناکا؟ هەرگیز لەو باوەڕەدا نیم کە نەمناسێتەوە. ئەی کوانێ جوانووەکەی؟ رەنگبێ لە حەژمەتی نەبوونی ئەو، دڵی بە منیش خۆشنەبێ، بە ترس

و دووودڵییەوەکەوە چوومەپێش، لەپڕ حیلەیەکی لەدەم دەرچوو، حیلەی ئەم جارەی لە هیچ جارێک نەدەچوو، یەکپارچە بوو لە نیگەرانی و ڕق و کینە و سەرلێشێواوی.. هەستم کرد لە نزیکەوە زەنگی مەترسییەکم بۆ لێدەدرێ، چەند جارێکی تریش حیلاندی، بەڵام هەر جارە و مانایەکی جیای پێ دەبەخشیم، دەتوت هەواڵی ئازار و دەردەکانی بە دۆڵ و چیا و عەرز و ئاسمان رادەگەیێنێ، لە خەوی چەند ساڵە بێداریان دەکاتەوە.

یەک شەقاوم مابوو بگەمەلای، ماینە سوورە وا ڕاپەری، دەتگوت پەنجەم بە ڕۆحی کەوت، وەک منی بە قامچی وەشێنێک هاتبێتەوە بەرچاو، بە رقەوە لێم دووورکەوتەوە، ئێستا کەی وەختی جنە و غەزرینە، کەی وەختی دەرد و ناڵینە؟

ماینە سوورە وادیارە لە تەنگانە کەمپینە
ماینە سوورە مانی گرتووە بەم شینە
هۆ، هۆ هەورازەکان!
کانی پیدەشت و عاسێکان!
ماینە سوورە لە من زویرە
رۆحی ئەمیش
وەک رۆحی من دەستگیرە!

ماینە سوورە چەند جارێک بە دەوری خۆیدا خولایەوە، گەردەنی پڕ لە ماسولکە و دەمار ئاوساوەکانی قیت کردەوە، حەی حەی پێ دەکرد و لە گەڵیدا ناڵەی دەهات، زەویش هەر چوار پەلی بە خۆوە نەدەگرت. زانیم ئەمیش رەکو ئێمە تەقەلای مەرگ بەزاندنیەتی، رۆحی بە هەیبەتی رێگە نادا ژەهری مردن برژێتە گیانی.

ماینە سوورە رمبەی لێوەهات، دار و بەردی ئەو ناوە لەرزی ئاسمان شەق بوو، دەنگێک، زیرەیەک بە نێو دۆڵ و پەنا و پێچ و بەردەکاندا هات، هات و بەسەرسەری من و ماینە سوورە خولایەوە، ماینە سوورە تەکانێکی بێ ئامانی دایەخۆ، لەسەر پێ وەستا، بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە، بەلادا دەهات و جارێکی تر تەپەی لێوەهات، هەر چوار پەلی لە ئاسمان کرد. کەوتەوە سەر تەنیشت. هەردوو چاویشی لە نێو فرمێسک و هورژمی خوێن غەرق ببوون. منیش ئەلەوێ مۆلەق و دەستەمۆ بووم، دەتوت کۆتی خاک و بەردی ئەوێ ببووم. نەمدەتوانی بستێکی تر لێی نزیک ببمەوە، یان دووورکەومەوە و ئەو ناوە جێبهێڵم. ماینە سوورەش وەک هەست بە بوونی من بکا، تاوی دەدایە هەموو جەستەی، سەری بۆلای من لار دەکردەوە و توند بە زەوی دائەدایەوە، لە پشتەوەم، حیلەیەکی ناسک، هەر لەسەدای مناڵێکی ساوا بچێ، هاتە بەرگوێم. ئاوڕم دایەوە، جوانووە ناسکۆڵەکەی ماینە سوورەم بینی، ئاسک ئاسا غاریدەدا، بە پەنای گاشە بەردەکاندا پێچی دەکردەوە و دەوەستا، ساتێکی کەم دەوەستا و لە قوڵایی دەروونییەوە، لە حیلەی دەدا. ماینە سوورە، وەجووڵە کەوت، دەتوت هێزێکی نامۆ، پڕ توانا، بە نێو لەشیدا رەتبوو، تەکانێکی دایەخۆ، هەڵسایەوە، لەسەر پێیان وەستا، سەری بۆلای ترپەی هەنگاوەکانی

جوانووەکەی هەڵێنا، گەردەنی لەرزی، دیار بوو لە حیلەی دا، هەر چەند فەرمانی بە قاچەکانی دەدا کە بووەستن! بەڵام وەک داری بێ رەگ، تواناى سەقامگیربوونیان نەبوو. جوانوو، دەتوت رۆحی ونبووی دۆزیوەتەوە، هات و لەبەردەم دایکی وەستا. نەمزانی بۆ رێگەم بە جوانووەکەدا بە ئارەزووی خۆی لە دایکی نزیک بێتەوە؟ خۆ دایکی لەساتە مەرگدا دەژیا، دەبوایە دووری خەمەوە...... بەڵام، نەمتوانی ... ماینە سوورە بە سۆزەوە سەری بێ نیگاکانی لەپشتی جوانووە کە دەسووی، وەک بۆ هەتا هەتایێ نەیبینێتەوە، بە تامەزرۆوە، گەردنی خستە سەر ملی. جوانوو وەکو جاران، دەمی لە گوان گیر کرد، دەتوت لە دوا ڕێکەوتدا رۆحی تەواوەی دایکی هەڵدەمژێ. ماینە سوورە، بە هەموو گیانی بۆی وەستابوو، هەوڵی دەدا، تاقەترەیەک شیر لە لەشیدا مابێ، قامەتی هەر بە پێوە بێ جوانوو تێر بوو، بازێکی هەڵدا و لە دایکی دوور کەوتەوە. دایک لەرزی، دەتوت بارێکی قورس دەخرێتە سەرپشتی، هەر چوار پەلی نووشتانەوە، سنگی بە عەرزەکەوە نووسا، ملی شلتر و درێژتر بوو، وێنەچوو مەرگ لە هەڵمەتی خۆیدا، سەرکەوتوو بێ. بەڵام ماینە سوورە ئارەزووکەی هاتەدی، ئێستاش جەستەی کەوتۆتە سەما، سەمای مەرگ خەریکە لە پەلوپۆی دەخا. جوانووە سوورەش بە دەوریدا دەخولێتەوە، منیش هەر بە دەوری خۆمدا!



# تویکاری پلاستیکی

نووسین: گەریونۆڤ
مامۆستای قوتابخانەی هونەری مۆسکۆ

ئازاد مەحموود لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی

ئەوەی کە بە چاوی ئاسایی دەبینرێت بەس نییە بۆ وێنەکێشانی کەللە یان لەش و لاری مرۆڤ، دەستیش جێبەجێ کەرێکی میکانیکی نییە و بەس، بەڵکو لەگەڵ جوڵەیدا هەست و هۆش و بیری وێنەکێش هەڵدەگرێت، ئەوەش بە لە بەرچاوگرتنی هونەرمەند و شێوە و بۆچوونی کە لە ئەنجامی ئەزموون و تاقی کردنەوەدا دەیگاتێ.

بەبێ زانینی «تویکاری پلاستیکی» وێنەکێش لە کاتی وێنەکردندا بە شێوەیەکی کوێرانە توشی چەندین هەڵەی زەق دەبێت، کە تەنانەت هەستی پێناکات، هەروەاش بەبێ زانینی یاسا گشتییەکانی پێکهاتنی کەللە، هەیکەلی ئێسقان، ماسولکەکان، زۆر زەحمەتە تایبەتمەندییەکانی شێوەی دەرەوە، پێکهاتنی لەش و لار، چۆنێتی جوڵەی تەنێکی زیندوو دەربخرێن. بۆ قوڵبونەوە لەم بوارەدا وێنەکێشەکانی یونانی کۆن بە شێوەیەکی ورد و سەرنجاویەوە هاورێژەیی بەشەکانی لەشی مرۆڤیان شی دەکردەوە، دەرەوە و ناوەوەی، لەباری دینامیکی و ستاتیکیدا. بەڵام لە بواری توێکاری پلاستیکی هەنگاوی گەورە لیۆنارد داڤینچی نای بە جۆرێ کە کارەکانی، بۆ سەرچاوەی ئەم باسە، تا ئەمرۆی ئاسایی گرنگی زۆریان هەیە و نرخی خۆیان لەدەست نەداوە.

هەروەها قوتابخانەی ریالیستی روسیش لە بواری وەستایی و شارەزایی وێنەکردندا بە سوودوە- گرتن لە نەریتی خۆی و جیهانی، زۆربەرەو پێشەوە چووە مامۆستای وێنەکێشی بەناوبانگی رووسی «چیستیاکۆڤ» دەنووسێ:-

(زانین و توانین ئەوەیە کە هونەر دەخوازێ، دەتوانرێت بزانرێت بەڵام نەتوانرێت، ئەوەش لە هونەردا گرنگییەکی زۆری نییە، یان هەر گرنگ نییە، لە سروشتدا هەمرو تەنەکان یەکەم هەن، دووەم لەکاتی سەیرکردنیاندا شێوە و جێکەوتیان بە گوێرەی دەورووبەر دەردەکەوێت بۆ ئەوەی بزانرێت تەنێکی دیاریکراو بۆ نموونە (مرۆڤ) چ جۆرە بوونێکی

هەیە لە سروشتدا، پەیوەندی بە دەورووبەرەوە چییە، پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە هەروەهاش لە تەواوی بەشەکانی کەلێی پێکهاتووە، ئەو زانستەش کە لەم بوارەدا یارمەتیمان دەدات ئەوەیە کە پێی دەگوترێت: توێکاری لەشی مرۆڤ. نە شارەزایی و نەزانینی ئەم زانستەش یان نەتوانینی بەکارهێنانی لە بواری تاقیکردنەوەدا کۆسپێکی وەلۆیە کە نایەلێت هونەرمەند بیێتە هەلگری پەیامێکی مێژوویی راست).

توێکاری پلاستیکی ئەو بەشەی زانستی توێکارییە کە گرنگی بە خوێندن و شیکردنەوەی شێوەکانی یان بەشەکانی دەرەوەی لەشی مرۆڤ دەدات، مەبەستیش لە پلاستیکی وێنەکردن هەر ئەو بەشە نوساوانە (لوت، گوێ،...) نییە بەلکو هەرواش پلاستیکی خودی لەشی مرۆڤ، جولە، جوانیی، پێکهاتنی لەش و لار، چۆنێتیی قوولْ بوونەوە بەرەو تایبەتمەندییە ناوەکییەکان، لە چوارچێوەی هەست پێکردن و بزچوونی وێنەکێشەوە دەگرێتەوە لێرەدا وێنەکێش شێوەی پلاستیکی مرۆڤ وەک دەربرینێک بە زمانێکی پلاستیکی دروست دەکات. هەر بۆیەش بەشەکانی هونەری دەربرین: ڕەنگ کردن، گرافیک، هەلکەندن، داتاشین، بیناکاری «ARCHITECTURE» پێیان دەگوترێت هونەرە پلاستیکییەکان.

قوولْ بوونەوە و شارەزابوون لەو بوارەدا لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و کاری زۆر دەبێت کە تەنها هەر وێنەکێشان و رەنگ کردن... هتد، ناگەرێتەوە بەلکو بە قوولیش شارەزابوون لە پێکهاتنەکانی ناوەوەی لەش کە هەر ئەو ناوە پێکهاتنەی ناوەوەیە هەلکەوتنی دەرەوەی لەش دیاری دەکات بۆ ئەم مەبەستە جۆرەها وێنەی پێرسپێکتیڤ «PERSPECTIVE»، قەبارەیی، هێلکاری و شێوەی جیاجیای ئێسقانەکان و ماسولکەکان لەهەر ڕووداوی ستاتیکی و دینامیکیدا توێکاری و پێرسپێکتیڤدا زۆر پێویستە کە هەر یەکێک لەو تەنانە بە شێوەیەکی قەبارەیی بکرێت، یان لە بۆشاییدا سەیربکرێت واتە بە شێوەیەکی ڕوون هەرسێ ڕووتەختەکە «ڕوویی، ئاسۆیی، ئەستوونی» ببیندرێت.

لەم وێنەدا پێنج شێوە جێکەوتی کەللە پێشان دراوە کە لەگەلْ نورمە بنچینەیەکانی و یاسا نێونەتەوەییەکانی توێکاریدا گونجاون ئەو جێکەوتانەش- ڕووی، تەنشیتی، ئاسۆیی، ئەستوونی، بنکەیی، هەروەها جێکەوتی پشتەوەیی کەللەن.

## لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی بەشەکانی کەللە

کەللەسەری مرۆڤ پێکهاتنێکی ئالۆزی هەیە، پێویستە ورد و بنچینەیی دیراسە بکرێت. کەللە لە کۆمەلێک ئێسقانی جۆراوجۆر و جیاواز پێکهاتووە کە هەر بەشەیان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنی کەللە دیاری دەکات. بۆ نموونە ئەو کۆمەلە ئێسقانەی کە شێوەی ڕوو پێک دەهێنن یان بنکەیی کەللە، سەرپۆشی مێشک، واتە ئەوە شێوە کورڕەی کە قەپاغی سەرەوەی مێشک دیاری دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی ئێسقانەکانی دەوری مێشک بریتین لە:-

ئێسقانی ناوچەوان کە دەکەوێتە ڕوتەختی ڕوویی یەک بەشە. دوو ئێسقان کە دەکەونە ڕاست و چەپی ئێسقانی ناوچەوان و بەرەو دواو درێژ دەبنەوە پێیان دەگوترێت بەرزە، کە لە چەند بەشێک پێکهاتوون. پانە ئێسقان کە یەک بەشە و دەکەوێتە بەشی پشتەوەی کەللەیسەرەو بەرەو خوارووی کەللە شۆڕ دەبێتەوە.

لەناوەڕاستی پانە ئێسقاندا پورگێک هەیە کە بە بەرزترین خاڵی پشتەسەری دەکەوێتەسەر و پێی دەگوترێت (خاڵی کۆتایی). ئەو کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی گشتی بەشی ناوەوە و مێشک دەپارێزن لە ناوەوەیی کەللەدا سێ چاڵ هەیە:- پێشەوە، ناوەند، دواوە. پێشەوە دەکەوێتە سەرووی چاڵی چاوەوە. ناوەند، دەکەوێتە قوڵایی و ئاستی لووتەوە. دواوە، لە ئاستی دواوەی پانە ئێسک دایە.جگە لەوەش لە ناوەوەی کەللەدا چوار گیرفان هەیە:-

سەرەکی، ناوچەوان، شەویلاگەیی کە ژمارەیان دووە و ڕاست و چەپ دەکەونە بەشی کۆتایی شەویلاگەی سەرەوە.

گیرفانی سەرەکی دەکەوێتە ئاستی لووت و ناوەڕاستی هەردوو برۆ و ئەو قوڵاییە پێکدەهێنێت کە لەناوەڕاستی لووت و ناوچەوان دایە. گیرفانی ناوچەوان تایبەتمەندێتی زەقایی ناوچەوان دروست دەکات. ئەو گیرفانەش کە دەکەونەلای شەویلاگەیی سەرەوە شێوەی ڕوومەت پێکدەهێنن.


تەنیشتە ئێسقانەکان لەملاولای ناوچەوانەوە پۆزگ و خاڵی کۆتاییان هەیە کە هەر هەموویان بە یەکەوە پاتایی کەللە دیاری دەکەن.

ئێسقانەکانی دەموچاو بریتین لە:- دوو تەختە ئێسقان کە لەملاولای لووتەوە درێژ دەبنەوە. ئەو پۆزگەی سەرووی ڕوومەت پێکدەهێنن. ئێسقانەکانی لووت کە ژمارەیان دووە، شەویلاگەی سەرەوە کە ئەویش هەردوو بەشە، شەویلاگەی خوارەوە کە بریتییە لەیەک بەش.

چاڵی چاو و پێکهاتنەکەی هەروا خاڵەکانی کۆتایی و هێڵە سەرەییەکانی لە ڕوانگەی تونکاری پلاستیکییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە. هێڵە سەرەکییەکان بریتین لە هێڵەکانی ئەستوونی و ئاسۆیی و کەوانەیی ئەستوونییەکان ئەوانەن کە سنووری چەمانەوەی یان شکاندنەوەی ڕووتەختەی ستوونییەکان دیاری دەکەن. بۆ نموونە دوو هێڵی ئەستوونی ئەولاولای ناوچەوان کە سنووری نێوان ڕووتەختی ڕوویی و تەنیشتی دیاری دەکەن، ئاسۆییەکان و کەوانەییەکان ئەوانەن کە بە ڕووتەختی ئەستووندا تێپەڕدەبن. بۆ نموونە هێڵی کەوانەیی نێوان چەناگە و شەویلاگەی خوارەوە و... هتد.

گرنگی خاڵەکانی کۆتایی (خاڵەکانی گەڕانەوە) لەوەدایە کە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێن. بۆیە وێنەکێش دەبێت لە ئەنجامی ئەزموونی کاردا بە تێڕوانینی کەللەی هەر مرۆڤێک بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو زانستانە بەکاربهێنێ. هەر بەو شێوەیەش هاوڕێژەیی نێوان هێڵەکان و خاڵەکانی گەڕانەوە دیاری بکات.

بۆیە وێنەکێش دەبێت شارەزایی تەواوی لە جێگەوتەکانی کەللەی سەردا هەبێت و تایبەتمەندێتی هەر گۆڕانکارییەک بزانێت کە پێوەندی بە ئێسقانی ناوەوە و شێوەی دەرەوەی دەم و چاوەوە هەیە. بۆ زیاتر چوونە ناو ئەم باسەوە دەتوانرێت کەللەی گیبس، وێنەی جۆراوجۆر و بڕگەیان بەکار بهێنرێت. وێنەکردن لە تێڕوانینی قووڵاییەوە دەست پێدەکات نەک ڕاستەوخۆ لە بەشەکانی دەرەوە، چونکە ئەو بەشانەی دەرەوە بوونێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە هەڵکەوتنی ناوەوە هەیە.



1- ئێسقانی ناوچەوان.
2- تەنیشتە ئێسقان
3- بەرزە ئێسقان
4- لا ئێسقان
5- ئێسقانی پشتەسەر
6- شەویلاگەی سەرەوە
7- شەویلاگەی خوارەوە
8- تەختە ئێسقانی ڕوو
9- ئێسقانەکانی لوت
10- پڕزگی ناوچەوان
11- پڕزگی تەنیشت
12- خاڵی بەیەک گەیشتن
13- ئینیۆن
14- هێڵی سەرەکی ناسۆیی
15- هێڵی سەرەوەی ئێسقانی بەرزە
16- هێڵی کەوانەی شەویلاگەی سەرەوە
17- هێڵی کەوانەی شەویلاگەی خوارەوە
18- هێڵی کەوانەیی ئێسقانی ڕوومەت
19- کەوانەی ژێر برۆ
20- خاڵی گەڕانەوەی تەنیشت
21- خاڵی گەڕانەوەی پانە بڕگە
22- خاڵی گەڕانەوەی ژێرەوە
23- خاڵی گەڕانەوەی بەرزیی
24- خاڵی گەڕانەوەی پشتەوە
25- بەشی خوارەوەی ڕووتەختی ئێسقانی ناوچەوان
26- چاڵی چاو

# رووسیام خۆش دەوێت

مەکسیم گۆرگی

ئارام عەلی: لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی

ئێمە ئازادی وشەمان بەدەست هێناوە بۆ ئەوەی بتوانین راستی بڵێین و بنووسین. بەڵام راستی بێزان هونەرە، گرانترین جەشنی هونەرە، چونکە لە شێوە (رووت و پاک)ەکەیدا بە بەرژەوەندی تاکە کەس و دەستە و چین و نەتەوە نەبەستراوە. دەتوانم بڵێم بۆ کەسانی چاوچنۆک و بەرژەوەندپەرست بە سوود و بەجێ نییە. ئەمەیە خەسڵەتی نالەباری راستی (رووت و پاک)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ ئێمە باشترین و پێویستترین راستییە.

... دەمارگیر و خەریبەندەرە خۆش باوەڕەکان بە بزواندنی ئاواتی جەماوەرەکە لەهەلومەرجی مێژوویی ئەمرۆدا نایەتەدی، پرولیتاریای روسی بەرەو وێرانکاری و لەناوچوون دەبەن. وێرانکاری پرۆلیتاریا کاردانەوەیەکی درێژخایەن و خەفەتاوی لە روسیادا دەهێنێتە گۆڕێ.

من ناتوانم رووداوی وەکو دزینی سامانی نەتەوایەتی لە کۆشکی زستانە و گارتچینە(۱) و.....هتد بە کارێکی (حەقی) دانێم. من تێناگەم، چ پەیوەندیەک لە نێوان (تێکشکاندنی سیستەمی هەزار ساڵەی فەرمانڕەوایی) و وێرانکردنی (ماڵی تیاتر)(۲) لە مۆسکۆ و برینی ژووری هونەرمەندی بەناوبانگمان (یزمۆڵەڤا)(۳) دا هەیە؟

حەزناکەم یەک بەیەکی ئەو دزی و تاڵانکردنانە بژمێرم، تەنیا ئەوە دەڵێم کە بەرپرسیاری بەرامبەر ئەو ئابروچوونەی کە (چەورەو خوێرییەکان) پێی هەڵدەستن دەکەوێتە سەرشانی پرۆلیتاریا، کە لە پاکردنەوەی ریزەکانی خۆیدا بێ توانایە.

...... بە شێوەیەکی گشتی - «دیاردەی چەوت» زۆرە - ئەی هی دروست و باش لە کوێیە؟ دیاردەی دروست دیار نییە، ئەگەر «فەرمانەکانی» لینین و ترۆتسکی رەچاو نەکرێت، بەڵام من گومانم لەوەیە کە پرۆلیتاریا بەشدارییەکی هۆشیار لە جێ بەجێکردنی ئەو «فەرمانانە» دا دەکات. نەخێر هەرگیز نەیدەتوانی هۆشیارانە بڕوانێتە ئەو داهێنانەی کە بەم شێوەیە لەسەر کاغەزدراوە.

من هێچ کارێکم بە «جەژن»ێک نییە کە زوڵم و زۆری جەماوەری نیمچە خوێندەوار سەرکەوتنی هەرزان بەدەست بهێنێت و وەکو جاران و هەمرو کاتێکیش کەسایەتی مرۆڤ بە چەوسارەیی بهێنێتەوە و بۆمن ئەمە جەژن نییە.

کاتێک دێت دەنگی رەوای مێژوو بە هەمرو دنیا رادەگەیەنێت کە ئەرکی رۆشنبیرانی پرۆلیتاری لە سەردەمی نێوان سەرەتای ساڵانی ۹۰ تا سەرەتای جەنگ چەندە مەزن و قارەمانانە و سەرکەوتوو بووە.

ئەو جەنگە نالەبارە دەیان هەزار کرێکاری باشی لە ڕەگەوە دەرهێناوە و لەجێی ئەوان خەڵکی وای هێناوەتە سەر مەکینە کە بۆ «بەرگری» ئیش دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی لە ئەرکی سەربازی ڕزگاریان بێت. هەموو ئەم خەڵکە لە سایکۆلۆژی پڕۆلیتاریاوە دوور و نامۆن و لەباری سیاسی‌یەوە پێ‌نەگەیشتوون و ناهۆشیارن و بێ بەشن لە بەهرەی سروشتی بایەخ و گوێدان بە کولتووری نوێ، - ئەوانە بە هەرچی شێوەیەک بێت هەر خەریکی خواستی ناسۆ تەسکانە و خۆشگوزەرانی تایبەتی خۆیانن. ئەم خەڵکە لە توانایدا نییە بیروباوەڕی سوسیالیزمی ڕووت وەربگرێت و ژیان بە بەریدا بکات.

پاشماوەی ڕۆشنبیرانی کارگەر کە جەنگ و ناخۆشی ناوخۆ لە ڕەگی هەڵنەکێشاون، خۆی لە ئابلۆقەی جەماوەری خەڵکێکی وادا دۆزیوەتەوە کە سایکۆلۆژیایەکی نامۆی هەیە و بە زمانی پڕۆلیتاریا دەدوێت و بەڵام ناتوانێت پڕۆلیتاریایانە هەست بکات، خەڵکێک کە بە (میزاج) و خواست و کردەوەی خۆی باشترین توێژی سەرەوەی چینی کرێکار توشی نابڕوچوون و سوکایەتی کردن دەکات.

(غەریزە)ی بێ مێشکانەی ئەم جەماوەرە چارەڕەشە دەربڕی ئاژاوە چییانەی خۆی دۆزیوەتەوە... سەرکردەکانی ئەم بیرتەسکە یاخی بوانە... پرگەچزڤیتی (٤) پەرە پێدەدەن نەک سۆسیالیزم و بە چەندان شێوەش پڕۆپاگەندە بۆ هەژاری دەروونی و ماڵی دەکەن.

گوتن دەربارەی ئەمە سەخت و بە ئێشە، بەڵام پێویستە، چونکە پڕۆلیتاریا بەرپرسیارە بەرامبەر گوناه. و بێ سەروبەرەیی ئەو هێزە نامۆیەی بە پڕۆلیتاریای هوشیار دەیکات..

من بڕوام بەوە هەیە کە کرێکاری هوشیار ناتوانێت لە دڵەوە پشتگیری ڕووداوی لە چەشنی گرتنی سۆنیا بانینە بکات.هەروەکو لە «ماڵی میللی» ئەودا لە لیگۆفکە لە شاری نیژیگۆرەدیش کە بە یارمەتی ئەو دروست کراوە، بە سەدان پڕۆلیتاریا فێری بیرکردنەوە و هەست پێکردن بون..

تورگێنیڤ لە کاتی خۆیدا باسی ئەوەی دەکرد کە چاوەڕوانی ستایش کردن هەرگیز لەگەڵ چاکەدا یەک ناگرنەوە (٥)، من لێرەدا باسی ئەو هەستە ناکەم، بەڵکو باسی ئەوە دەکەم کە پێویستە چاکە و کاری باش هەڵبسەنگێنرێت. ئەمەش کاری ڕۆشنبیرانی کارگەرە.

دەیانەوێت پارتی کادێت لە (کۆمەڵەی دامەزرێنەران) دەربکەن (٦)، بەبێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکرێت کە بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوانی وڵات دەیەوێت کە کادێت بیروڕا و خواستی لە (کۆمەڵەی دامەزرێنەران) دەرببڕێت. لەبەر ئەمە دەرکردنی کادێت زۆرکردنە لە خواستی سەدان هەزار خەڵک، جیا لەوەی باسی ئەو نابڕوچوونە بکرێت، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پارتی کادێت ڕۆشنبیرترین خەڵکی ئەم وڵاتە و زیرەکترین کەسانی لە بواری کاری مێشکدا کۆکردۆتەوە.

ڕۆشنبیرانی کارگەر دەبێت ئەوە تێ بگەن کە ئێستا هەرچی ڕوودەدات بە ناوی ئەوانەوە دەکرێت و مێژووش ویژدان و مێشکی ئەوان زۆر دڵڕەقانە گوناهبار دەکات. سیاسەت هەموو شتێک نییە و دەبێ ویژدان و هەستی تری مرۆڤانە بپارێزرێت.

«پڕۆلیتاریا- داهێنەری کولتووری نوێیە»- ، لەم وشانەدا خەونی ڕازاوەی داهێنانی داد و ژیری و جوانی و ئاواتی سەرکەوتنی مرۆڤی بەسەر دڕندە و ئاژەڵدا هەیە. بە هەزاران خەڵک لە پێناوی ئەم خەونەدا مردون. پڕۆلیتاریا بە گرتنی دەسەڵات توانای داهێنانی سەربەستی بەدەستهێناوە. لەجێ و کاتی خۆیدایە پرسیار بکرێت- ئەم داهێنانە لە چی‌دا بەدی دەکرێت؟ تەنیا لە فەرمانی «حکومەتی قومیسارە میللی‌یەکانە»- و گاڵتەجاڕی ڕۆژنامەکاندا بەدی دەکرێت و هیچی تر. ئەمە ئەو ئەدەبەیە کە «لەسەرتاو بەشەن دەیترسن»، هەرچەندە لەم فەرمانانەدا بیری بە نرخ هەیە،- بەڵام ڕۆژگاری ئەمرۆ هەلومەرجی

ڕەخساندنی ئەم بیرانە بەدی ناهێنێ...

... لە مێژینەکەمنیان تاوانبار دەکرد بە وەی گوایا «خۆم بە ئەڵمانەکان فرۆشتووە» و «ڕوسیا دەفرۆشم» و ئێستاش بەوە تاوانبارم دەکەن کە «خۆم بە کادێت فرۆشتووە» و «ناپاکی لە چینی کرێکار دەکەم».

ئەم تاوانبارکردنانە هیچ کار لەمن ناکەن و سەرم لێ تێک نادەن، بەڵام پاڵم پێوە دەنێن کە بە شێوەیەکی سەیر بیر لە هەست و نەست و ڕەوشتی تاوانبارکەران و هوشیاری کۆمەڵایەتیان بکەمەوە.

... یەکتر تاوانبارکردن بەم شێوە سەرپێیە بە ناپاکی و خۆفرۆشتن و بەرژەوەندپەرستی و دووڕوویی، بێگومان ڕوسیاتان وەکو وڵاتی ناپاک و هیچ و پرچانتان دێنێتە بەرچاو، بەڵام خۆشتان ڕوسن.

وەکو دەبینن- ئەمە زۆر پێکەنیناوییە، بەڵام زۆرتر پڕ مەترسییە، چونکە ئەوەی دەستی لەم یارییە پیسەدا هەیە لەسەرەخۆ بەبێ ئاگا دەتوانێت بڕوا بە خۆی بهێنێت کە ڕوسیا لە ڕاستی‌دا وڵاتی ناپاک و خۆفرۆشانە...

... من خۆشەویستی‌یەکی زۆرم بەرامبەر مرۆڤی کرێکار لە دڵدایە، هەست دەکەم کە خوێنم لەگەڵیدا تێکەڵاوە، خۆشەویستی و ڕێزم بۆ کاری مەزنی هەیە. بە کورتی - ڕوسیام خۆش دەوێت.

قۆمیسارە میللی‌یەکان زۆر بە قیزەوە بۆیان دێت، ئۆ بێگومان! بەڵام ئەمە من ناگۆڕێت. بەڵێ من بەئێش و شڵەژانەوە ڕوسیام خۆش دەوێت، گەلی ڕوسم خۆش دەوێت...

... ئالێرەوە هێڵی جیابونەوەی یەکجارەکی و ئاشت نەبوونەوەم لەگەڵ کاری بێ مێشکانەی قومیسارە میللییەکاندا دەست پێدەکات. من لەو باوەڕەدام کە بیروڕای مەکسیمالیزم بۆ گیان و دەروونی گێلی ڕوسی زۆر بەکەڵکە، - بۆ ئەوەی داخوازی مەزن و ئازایانەی لەلا دروست بکات تاوەکو چالاکی و توانای بجوڵێنێت و دەستپێشخەری لەم گیانە سست و تەمەڵەدا پەرەپێ بدات- و بە شێوەیەکی گشتی- گیانەکە دروست بکات و بیبزوێنێتەوە.

بەڵام ماکسیمالیزمی بە کردەوەی ئەم ئاژاوە چییە- کۆمۆنیستانە و خەوبینەرانی سمۆلنی(٧) بۆ ڕوسیا و لەپێش هەموویدا بۆ چینی کرێکار زۆر کوشندەیە.

قۆمسیارە میللییەکان تەماشای ڕوسیا وەکو کەلوپەلی تاقیکردنەوە دەکەن! نەتەوەی ڕوس لای ئەوان- ئەو ئەسپەیە کە زاناکانی بەکتریالوجیا میکرۆبی تیفۆئیدی تێدەکەن بۆ ئەوەی لە خوێنەکەیدا بەرگری دروست بێت. قۆمیسارەکان تاقیکردنەوەی ئاوا دڵڕەقانە و هەر لەسەرەتاوە سەرنەکەوتووانە لەگەڵ گەلی ڕوسدا دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە لەوانە ئەسپی ئەشکەنجەدراو و نیوەبرسی بتۆپێت.

ریفۆرماتەر و چاککارەکانی سمۆلنی هیچ کارێکیان بە ڕوسیا نییە، زۆر بە خوێن ساردییەوە دەیکەن بە قوربانی خەونی شۆڕشی جیهانی یاخود ئەورووپی خۆیان.

لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا لەناو ژیانی ڕوسیادا جێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی نییە، چونکە ناتوانرێت بە خواستی خەڵکی تر ٨٥٪ی دانیشتوانی جوتیاری وڵات، کە چەند ملیۆن کۆچەری ڕەگەز جیاوازی تیایە بکرێت بە سۆسیالیست.

چینی کرێکار پێش هەموو کەسێک بەدەست ئەم تاقیکردنەوە بێ مێشکانەوە دەناڵێنێت، چونکە کرێکار- دەستەی پێشڕەوی شۆڕشە.

... وامنیش ڕووی دەمم دەکەمە ئەو کرێکارانەی کە هوشیارن بەرامبەر ڕۆڵی ڕۆشنبیری خۆیان لە وڵاتدا و دەڵێم: کرێکاری هوشیاری سیاسی دەبێ زۆر ژیرانە پەیوەندی خۆی لەگەڵ حکومەتی قۆمیسەرە میللییەکاندا هەڵسەنگێنێت و زۆر وریایانە تەماشای داهێنانی کۆمەڵایەتییان بکات.

من ڕام وایە کە: قزمیسەرە میللییەکان چینی کرێکار تێک دەدەن و دەمرێنن، و بە شێوەیەکی زۆر پڕ لە مەترسی بزوتنەوەی کرێکاران ئاڵۆز دەکەن، بەڕێنوێنی کردنی بزوتنەوەکە بەرەو بێ مێشکی و ئاژیری ئەو قزمیسەرانە هەلومەرجی زۆر سەخت لەبەردەم دوارۆژی پرۆلیتاریا و هەمرو پێشکەوتنی وڵاتەکەدا دەرەخسێنن.

من گوێ بەوە نادەم کە لەسەر بیروڕام دەربارەی «حکومەتی» تاقیکەرەوە و خەرببینەرەکان چۆنم ناو دەنێن، بەڵام چارەنوسی چینی کرێکار و روسیا بۆمن زۆر گرنگە.

تا بتوانم، پرۆلیتاریای روسی هان دەدەم:- بەرەو مردنت دەبەن. تۆ وەکو ئامرازی تاقی کردنەوەی نامرۆڤانە بەکار دەهێنن و لەلای سەرکردەکانت تۆ هێشتا مرۆڤ نیت! شۆرش لە قوڵ بونەوە دایە...

دیاگۆگیای بێ سەروبەرەی ئەو خەڵکەی کە شۆرشی «قوڵ دەکەنەوە» بەرهەمی خۆی دەدات. بەرهەمێکی کوشندە بۆ هوشیارترین ڕۆشنبیرترین نوێنەرانی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار. وا لە کارگە و فابریقەکاندا دوبەرەکی لەنێوان ڕەشە کرێکار و کرێکاری هوشیار و شارەزادا دەستی پێکردووە، ڕەشە کرێکار سوورە لەسەر ئەوەی کە ئاسنگەر و تۆرنەچی و هی تر دەست ڕەنگین ماکی «بورژوان». شۆرش هەر لە قوڵبوونەوە دایە، بەڵام ئەمری و سەربەرزی بۆ ئەو خەڵکە دەهێنێت کە تاقیکردنەوە لەسەر لەشی زیندووی گەلی کارگەر دەکات. بەڵام ئەو کرێکارەی کە تراژیدیای ئەم رۆژگارە دەبینێت هەست بەسەفلەتیەکی زۆر بەرامبەر چارەنوسی شۆرش دەکات.

دڵم بە هیچ شتێک خۆش نییە، چونکە پرۆلیتاریا نەبەسەر کەس و نەبەسەر هیچ شتێکدا سەرنەکەوتووە...

... بیروباوەڕ لە ڕێی زەبر و زەنگەوە سەرناکەوێت. کە سالی سەرکەوتوو بە شێوەیەکی گشتی سنگ فراوانن، پێی دەچێت لەبەر ماندوویی پرۆلیتاریا زۆر سنگ فراوان نەبن، هەر وەکو لە کاری پانینە، بۆلد یریڤ، کەنەڤالزڤە... وخەڵکێکی تردا کە کەس نازانێت لەسەرچی گیراون.

جگە لەم ناوبراوانە، هەزاران، بەڵێ هەزاران کرێکار و سەرباز لە زینداندا دەرەتیزێتەوە.

نەخێر، پرۆلیتاریا سنگ فراوان و دادپەروەر نییە. لای خۆی شۆرش دەبوایە بەپێی توانا دادپەروەری لە وڵاتاندا بچاندایە. پرۆلیتاریا سەرنەکەوتووە، لە هەمرو سوچێکی وڵاتدا قەسابخانە و خوێن ڕشتن هەیە و بەسەدان و هەزاران خەڵکی یەکتر دەکوژن. لە «پراڤدا»ش دا خەڵکی شێت و بێ هۆش هاوار دەکەن: بورژواکان بکوژن، بکوژن! بەڵام خۆ بورژوا و کازاکەکانیش (٨) هەر سەربازن- جوتیار و سەرباز و کرێکارن و بە هەمان شێوە لەناو دەبرێن و ئەوانیش سەربازە سوورەکان لەناو دەبەن.

پانەکان* خۆیان نا جەنگن، بەڵکو یالە و سەپان دەجەنگن. هیچ ئاسۆیەکیش لەبەردەمدا نییە بۆ تەواوبوونی ئەم جەنگە بەم زوانە و هیچ شتێکی دڵخۆشکەر نییە لە کاتێکدا دەبینیت کە هێزە پوخت و ساغەکانی وڵات لەناو دەچن و یەکتر دەفەوتێنن. لەناو شەقامەکانیشدا هەزاران دێن و دەچن و هاوار دەکەن: «بژی ئاشتی!».

...... ئەوەی کە زۆر سەرم سورر دەێنێت و دەمترسێنێت ئەوەیە کە شۆرش ماکی بوژاندنەوەی دەرونی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵناگرێت و خەڵک پاکتر و ڕاستتر ناکاتەوە و وایان لێ ناکات کە خۆیان و ڕەوشتیان و کاریان بە باشی هەڵبسەنگێنن.

بە شێوەیەکی گشتی لەناو جەماوەردا ئەوە بەدی ناکرێت کە شۆرش ئەم هەستی کۆمەڵایەتییەی زیندوو کردۆتەوە، مرۆڤ هەروەکو جاران سوک تەماشا دەکرێت، ئەزموونی کۆن هەرجێی خۆی هەیە.

«بەڕێوەبەرایەتی نوێ، هەروەکو ئەوەی جاران کەلەڕەقە و بگرە بە روخسار دیارە کەمتر پەروەردە کراوە. هەروەکو جاران قیژان هەیە، تائێستاش لە دام و دەزگا هاوچەرخەکاندا دەقیژێنن و تەپە لەزەوی هەڵدەستێنن. بەرتیلیش هەروەکو پێشان وەردەگیرێت خەڵکیش هەروەکو ڕانە مەڕ بۆ زیندان لێ دەخوڕرێت. کۆن و پیسەکەی جاران هەرماوە و لەناو نەچووە.

ئەمە دیاردەیەکی خراپە: گەواهی ئەوە دەدات کە تەنیا هێزی فیزیکی گۆڕدراوە و ئەم گۆڕانەش هێزی دەروونی پێشی ناخات.

گەوهەری ژیان و پاکانەکردن بۆ هەموو تالەبارییەکانی تەنیا لەپێش خستنی هەموو هێزە دەروونییەکان و تواناماندایە.

گرتن دەربارەی ئەمە لە کاتی خۆیدا نییە و زووە، لەسەرەتادا دەبێ دەسەلات بگرین». هیچ ژەهرێک لە ژەهری دەست بەسەر خەڵکدا گرتن پیستر نییە: پێویستە ئەمەمان لەبیر نەچێت، پێش ئەوەی دەست بەسەراگرتن ژەهراویان بکات، بمانکاتە پیستر لەو مرۆڤخۆرانەی کە هەموو ژیان خەباتمان دژیان کردووە...

...... بە لەناوبردنی دادگای کۆن بەناوی پرۆلیتاریاوە، قۆمیسەرە میللییەکان لە هوشیاری «سەرشەقام» مافی «دادگای خۆیی» یان بە خەڵک داوە- مافێکی زۆر دڕندانە جارانیش پێش شۆڕش، شەقامەکانمان حەزیان بە لیدان دەکرد و بگرە بە چێژەوە ئەم «وەرزش» بۆگەنەی دەکرد.

...... ئێستاش هەروەکو ئەوەی مافی ئەشکەنجەدان درابێت بەو خەڵکەی کە هەر بە ئەشکەنجە گۆشکراوە، و ئەوانەنیش زۆر بە خۆشی و چێژ و دڵڕەقییەکی بە بیردا نەهاتوو مافەکەیان بەکاردەهێنن. «دادگاخۆیی»یەکانی سەرشەقام بۆتە «پێویستی‌یەکی رۆژانە» و دەبێ ئەوەش لەبیرنەکرێت کە تادێت فراوانتر و مەزنتر دەبێت و دڵڕەقی پڕنیشی جەماوەریش بەهێزتر دەکات...

...... نازانم، دەبێ بۆ بەرهەڵستی رووداری خوێناوی کەوڵکردنی سەرجادە دەبێ چی بکرێت، بەڵام قۆمیسەرە میللییەکان پێویستە بێ یەک و دوو کارێکی زۆر بنەبڕکەرانە بکەن. خۆ ئەوانە ناتوانن هەست بەوە نەکەن چ بەرپرسیاری یەک لە بەرامبەر ئەو خوێن رشتنەی سەرشەقام دەکەونە سەرشانی خۆیان و ئەو چینەی کە خەباتی بۆ دەکەن و بەرژەوەندی دەپارێزن. ئەو خوێنە پەڵە دەخاتە سەر ئاڵای پرۆلیتاریا و شەرەفی لە کاوی دەکات و ئامیریالیزمی کۆمەڵایەتی دەمرێنێت.

کرێکار، لەهەموو کەسێک باشتر تێدەگات کە دزی و جەردەیی و پیاوکوشتن هەو و برینی قوڵن لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. کرێکار تێدەگات کە خەڵکی وەکو دز و پیاوکوژ لەدایک نابن، بەڵکو دەبن بە دز و پیاوکوژ. لەبەر ئەوە- هەرچەندە دەبێ هەرواش بێت- کرێکاری هوشیار دەبێ دژ بە «دادگای خۆیی» سەرجادە خەبات بکات...

...... خەڵکی لە دۆخی بێ پشوودانی «هەڵچوون و گرژبوون» دا دەژی. ئەم دۆخەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە ماف بە تاوانبار دەدات بە چاوێکی پڕ بەزەیی ولێبوونەوە تەماشای بکرێت، بەڵام ئەمە هەرچۆنێک بێت دۆخێکی ساغ و دروستە. «جەنگی ناوخۆ» باخود بە گۆڕدا چوونی دیموکراتی لە خۆشی بەختی دوژمنەکانی هەر لەلایەن ئەوانەوە هەڵگیرساوە و درێژەی پێ دەدرێت. وائێستا بۆ پرۆلیتاریای کە بە قسەی زل و راشکاوی دیموکراتی ئەوانە چەواشەکراوە ئاشکرا بوە کە بۆ بەرژەوەندی پراکتیکی چینی کرێکار کار ناکەن بەڵکو بۆ بیروباوەڕی ئاژاوەچی و سەندیکالی یانەی تیۆری رووتی خۆیان.

دەمارگیر و کەلەڕەقەکان بە بزواندنی ئاوات و ئارەزووی نەهاتوە دی جەماوەری رەش و رووت لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، پرۆلیتاری بە راستی سۆسیالیستی و رۆشنبیرانی شۆڕشگێر گۆشەگیر دەکەن و سەری

چینی کرێکار لە لەشی جیادەکەنەوە.

بێگومان، ئێمە تاقیکردنەوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکەین،- ئەمە کارێکە کە خەڵکانی بە جۆش و خرۆش هێمن دەکاتەوە و بۆ دز و جەردەش زۆر بە سوودە. وەکو ئاشکرایە لە بڵندترین و نزیکترین دروشمی شۆڕشە ڕەسەنەکەمان: «تالآنی تالآن بکە!» زۆر شارەزایانە و هونەرمەندانە تالآنی دەکەن: هیچ گومان لەوەدا نییە کە مێژوو زۆر بە تاسەوە لەسەر پرۆسەی خۆ تالآنکردنی روسیا دەدوێت.

..... ئێمەی روس، دیارە کاتی ئەوەمان هاتووە کە هەموو خەڵکەکانمان کە لە ناخەوە خرۆشاون لەو پیسییەی کە چەندان سەدەیە کۆکراوەتەوە رزگار بکەین و تەمەڵی سلاڤی لە خۆمان دا بکوژین و چاو بە تاقیکردنەوە و خووڕەوشت و بۆچوونمان بۆ ژیان و بیروباوەڕ و مرۆڤدا بگێڕینەوە، ئێمە دەبێ هەموو هێز و توانامان بخەینە گەڕ و لە کۆتاییدا لە رێی کارگەرە نوێ و بە جەرگ و بەهەرەمەندەکانمانەوە بچینە ناو کاری بیناکردنی جیهانەوە.

بەڵێ، باروودۆخمان زۆر تراژیدیانەیە، بەڵام لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە مرۆڤ لە تراژیدیا دایە.

بەڵێ، ژیان سەختە و ئیجگار زۆر خراپی و دڵڕەقی کەوتۆتە سەر رووی ژیان و ڕقی پیرۆزیشی دژی خوێنڕێتی لە ئارادا نییە، ئەو ڕقە کوشندەیە نییە.

بەڵام، هەروەکو (سینیێزی) قەشەی (پترولیمەیدی) دەیگوت: «هێمنی دەروون بۆ فەیلەسوف زۆر پێویستە، - لەژیان دا تەنیا کەپیتانی پاپۆڕ پەروەردە بێت.».

دەبێ بڕوا بەوە بهێنین کە ئەوەی لە بێ سەرەوبەرەیی و داوێنپیسی و وێرانکاریدا ئەکوژرێت هێزی ئەپساوەی بەرەنگاری سەرەتای کۆن و دڕی ژیان لە خۆیدا پەروەردە و بەهێز دەکات..

..... لەم رۆژە ترسناکانەی یاخی بوون و خوێنڕشتن و دوژمنایەتیی دا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتە وەکو ڕێی ئەشکەنجەی زۆر و تاقی کردنەوەی سەختەوە بەرەو ژیاندنەوەی مرۆڤ دەچین و کارێکی زۆر مەزن بۆ دەربازکردنی ژیان لە کوت و زنجیری سەخت و ژەنگاوی رابردوو دەکەین.

دەبێ باوەڕ بە خۆشمان بهێنین و بێ پسانەوە کار بکەین، هەموو شتێک بە خواست و ئارەزووی خۆمانە و لە هەموو جیهاندا هیچ یاسادانەرێکی تر جگە لە خواست و ئارەزووی ژیرانەمان بەولاوە کەسی تر نییە.

سڵاو لە دەروونەوە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە زیانی رووداوەکان دا خۆیان بە تەنیا دەبینن و دڵیان بە گومانی دڵڕەقانە دەلەرزێت و دەروونیان بە خەفەتی سەختەوە دەناڵێنێت!

هەروەها سڵاو لە دەروونەوە بۆ هەموو ئەوانەی بەبێ گوناه زیندانی کراون.

*کانوونی دووەمی ١٩٩١*

پەراوێز:

١- کۆشکی زستانە: کۆشکی ئیمپراتۆرەکانی روسیا لە ساڵی ١٧٥٤-١٧٦٢دا لە پیتربۆرگ (لینینگراد) دروست کراوە. لە ساڵی ١٩١٧ حکومەتی کاتی کاری تیادەکرد و لە شەوی یەکەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کرێکاران و سەربازان هێرشیان بۆ کرد و گرتیان لە دوایی دا کەوتنە تالآنی و تێکشکاندنی زۆر مۆزەی بە نرخی مێژوویی. ئێستا بۆتە مۆزەخانەی (ئێرمیتاژ).

* کۆشکی گارتچینە: کۆشک و باخچەیەکی بەناوبانگی لینینگرادە لەسەدەی ١٨دا دروست کراوە.

٢- ماڵی تیاتر (شانۆی بچوک) کۆنترین شانۆی درامای روسیایە لەناوەراستی سەدەی ١٨دا لە مۆسکۆ دروست کراوە.

٣- یرمۆلەڤا (١٨٥٢-١٩٢٨) یەکێکە لە بەهێزترین ئەکتەرەکانی ئەو سەردەمەی روسا.

٤- پوگەچۆڤیتی: مەبەست لە ئاژاوەچێتی و چەتەیی‌یە و لەناوی (پوگەچۆڤ)ەوە هاتووە کە سەرکردەی قوزاقەکانی سیبریای دەکرد لە راپەڕینی ساڵی ١٧٧٣دا.

٥- هەروەکو ئەو پەندە کوردی‌یە کە دەڵێت: چاکە بکە و بیدەبەدەم ئاوەوە.

٦- کۆمەڵەی دامەزرێنەران بە پەرلەمانی سەردەمی حکومەتی کاتی، لەبەر ئەوەی زۆر بە - سەراتە پارتی کادێت- دانی بە حکومەتی بەلشەفیکەکاندا نەدەنا هەڵوەشێنرایەوە.

٧- سمۆلنی: بینای پەیمانگا کیژەخانەوانەکان لە ساڵی ١٨.٦-١٨.٨دا لە پیتربۆرگ دروستکراوە. لە کاتی حکومەتی کاتی‌دا بارەگای سۆڤێتاتی پترۆگراد بوو، لەکاتی شۆرشی ئوکتۆبەریشدا بووە سەنتەری رێکخستنی هێزە چەکدارەکانی بەلشەفیکەکان.

٨- لە دەقە روسییەکەیدا لە بری کازاک نوسراوە کالێدینی‌یەکان کە لەناوی جەنەراڵ کالیدین سەرکردەی لەشکری کازاکەکانەوە هاتووە کە دژی دەوڵەتی سۆڤێتی راپەڕین.

❦

سەرنج!

لە ژمارەکانی ئایندەدا ئەم بابەتانە بلاْوەدەکەینەوە:

- گەلانی بێ دەوڵەت خەڵکی فەرامۆشکراوی جیهانن - شەماڵ حەریزی

- دەربارەی دیموکراسی - د. سیروان شەریف.

- وتاری رخنەیی و ناسینەوەی ستروکتووری تێکستی شیعری - ئازاد حەمە.

- ئاشوورییەکان و رۆڵیان لە بزوتنەوەی دیموکراتی عێراقدا- نووسینی ئاشور.

- ئاخافتن لەگەڵ کوردێک- مەهاباد کوردی.

- نیشتمانیان چۆن بە قورگرت، کورەکەمان نەخۆشە- ناظم حیکمەت- وەرگێرانی لە تورکییەوە: ئەنوەری سوڵتانی.

- ئەفسانەی حیزبی سەرانسەری لە وڵاتانی فرەنەتەوە و نیشتماندا-

- ئاخافتنێک لەگەڵ کچە نیگارکێشی کوردی سۆڤیەت-

- سۆسیالیزمی بێ دیکتاتۆری- نووسینی کارڵ کاوتسکی- لە رووسییەوە کراوە بە کوردی.

- رەوایی مێژوویی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی ئاشووریی، بنیامین.

- پێداچوونێکی خێرا بە هەندی زاراوی سیاسیدا: شێخ عەلی

- رامانێ، بە ئاقاری ئاخە ئاخی پێنج چمکە شیعری، ە‌ک. کاکەی شاعیردا: ئومێد مەهدی

# دەستنیشانکردنی دوو پەیوەندی لەلای نالی

ڕێبوار سیوەیلی

**تێبینی یەک:**

*ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێنیتەوە بەشی چوارەمی لێکۆڵینەوەیەکە بەناونیشانی (چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی مەلاخدری نالی) لە بارەی قەسیدەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور»ـەوە.*

*بەشەکانی دی ئەو باسە بریتین لە: چەمکی میتۆلۆژیا، ڕەگەزی میتۆلۆژی بنەماڵەی بابان و بە میتۆلۆژیکردنی دروستبوونی شاری سلێمانی، جیهانبینی شیعری نالی و هەروەها مەرگخوازی و ئەبەدیەتی ئاو لەلای نالی، کە هیوادارم لە بوارێکدا بڵاوببنەوە.*

پەیوەندی یەکەم:

- دەرەوە، ناوەوە
- بیری، لاوی.

لەم بەشەدا تیشکی سەرنج دەخەینەسەر ئەو پەیوەندییەی نالی لە نێوان جەستە و هێڵی درامی شیعرەکەدا دروستی کردووە. مەبەستمانە بزانین، پەیوەندی نێوان جیهانی دەرەوەی جەسەدی نالی چۆن لە قەسیدەکەدا ڕەنگی دواتەوە و شاعیریش، بەچ شێوەیەک لە ڕێگەی باسکردنی ئەو ڕەنگدانەوەیەوە وێنەی شەپۆلی ئەندێشەی سەردەمەکەیان بۆ دەکێشێ. گرنگە بتوانین لە جیهانبینی نالیدا ئەو هۆیانە بدۆزینەوە کە لە ئەنجامدا بڕیارەکەی خۆی لە سەریانەوە پتەودەکا.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی دەڵێ:( نالی لە ١٨٣٠دا ئەچێ بۆ حەج و سلێمانی بەجێ دێڵێ)[1] پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ شام و چەند ساڵێکیش لەو مەڵبەندەیا بە سەردەبا، ئەوجا لە ١٨٣٤دا قەسیدەکەی دەنووسێ...... بەم پێیە ئەگەر بێت و ساڵی ١٧٩٧یش بە ساڵی

لەدایکبوونی نالی لەقەڵەم بدرێ، ئەوا لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا قەسیدەکە لەدایک بووە. بەڵام ئەو سترۆکتۆرەی قەسیدەکەی لەسەر بەندە چ لە ڕووی کەرەسەی شیعری و چ لە ڕووی کامڵبوونی ئەزموون و بۆچوونە شیعرییەکانەوە ئەو ڕایە دەوڵەمەند دەکەن کە لە لاپەڕە (٤١)ی دیوانی نالیدا دەڵێ: (...... نالی ئەم نامەیەی یا دوا بە دوای شکانی ئەحمەد پاشا و بانگ کردنی بۆ ئەستەمبوڵ ناردووە، کە ئەکاتە ساڵی ١٨٤٧ی زایینی، ئەمانی دوا دەسەڵاتی بنەماڵەی بابان، واتە ساڵی ١٨٥١ زایینی کە ئەکاتە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچی (٢) کە وابێ ئەگەر ساڵی ١٨٤٧یش وەکو ناوەڕاستی ڕایەکەی مامۆستا سەجادی و ١٨٥١ وەربگرین کە نالی قەسیدەکەی تیا نووسیبێ، ئەوا بەم پێیە دەبێت لە تەمەنی نزیکەی (٥٠) ساڵیدا بێت.

ئەم ڕایە بەلای ئێمەوە زیاتر جێگەی سەرنجە و بەڵگەیش بۆی لە سەراپای قەسیدەکەدا هەیە کە لەمەودوا دەیانخەینە بەردەست. ئەو تەرژمە فیکرییەی مرۆڤی کوردی دوای دەوڵەتی بابانی تیا ژیاوە و بەڕوونیش لە وەڵامەکەی سالمدا دەبینرێ (٣) ڕۆشنایی بەردەم دیدەی نالیش لێڵ دەکات و ئیدی ئەزموونی تەمەن و واقیعی ڕووداو دەبنە دوو زەمینە کە نالی بە هۆی ئەویانەوە حەسرەت بۆ ئەمیان دەکێشێ و لە ئەنجامی حەسرەتکێشانیشی بۆ سەردەمی لاوی و تافی جوانی، سروشتی تەڕو برو بزە هێنەری نیشتمانەکەیشی بەسەر دەکاتەوە.

لەبەشی ڕابردووی باسەکەدا گوترا کێشەی نالی، کێشەی دوولەتبوونی خود- ناوەرەی نینسانێکە، تەنیا بە گرێدانەوەی ئێستا (سەردەمی نووسینی قەسیدەکە) بەو سەردەمەی دیکەوە، یاخود بە گرێدانەوەی (ئێرە) و (ئەوێ) مانا بەبوونی خۆی دەبەخشێ. ئاکامی ئەم پرۆژەیەشمان وەها لێکدایەوە کە نالی بە هۆی ڕەگەزی خەیاڵە شیعرییەکەوە، دەوری ڕابردوو دەکاتەوە و ئەمەش پرسیاری لا دروست دەکات. لەئەنجامی پرسینەوە گومانی لا دروست دەبێت و پاشانیش بە قوناغی کوژانەوە و کوێرە ڕێ دەگات و هەموو وەڵامەکانیش لە دووڕیانی چاوەڕوانی (تا یەومی نەفخی صور)دا ڕادەگرێ!

بەڵام ئێستا دەمانەوێت ئەم مەسەلەی تێکشکان و کوژانەوەیە بەلایەنی فیزیکی جەستەی نالیەوە گرێ بدەین و بزانین نالی چۆن مامەڵەی شیعری لەگەڵ ئەم لایەنەدا دەکات، چۆن جارێک سلێمانی و دەورووبەری دەکاتە ئاوێنەی سەردەمی گەنجی و جارێکیش لە ئەنجامی پرسیارکردنی لە وێرانەیی وڵاتی سلێمانی، باسی وێرانەیی و پیری یەکەیان بۆ دەکا...

باڵەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە چۆن شاعیرەکەمان هەندێ سیفەتی ناسک و هەڵبژاردە بۆ باڵەوانە خەیاڵییەکەی: (با) قایل دەبێ و دەیرازێنێتەوە؟ ئەوەتا نالی لە دێری یەکەمەوە تا دوا بەیتی بەشی یەکەمی قەسیدەکەی باسی (خۆش مرور)ی (لوطفی خەفی)، (سروەی بەشارەت)، (هەم میزاجی) و گاڵهێ بە (ڕەوح) بونی (با) دەکات و ئەنجامیش بەم جۆرە دەشکێنەوە:

مەحوی قەبوڵی خاطری عاطر شەمیمتە،
گەردی شیماڵ و گێژی جەنوب و کزەی دەبور.

(با) لەم بەیتە شیعریانەدا و بەپێی ئەم بەکارهێنانە چڕ و دەوڵەمەندە، هەندێ ئەرک و فەرمان و پێڕەوابینینی ئەوتۆی دەچێتە سەرشان، کە ئەم ئەرک و پێڕەوابینینانەی زیاتر پەیوەندییە دەروونییەکانی نالیمان بۆ ئاشکرا دەکەن، وەک ئەوەی مەبەست لێیان تەنیا هەر باسکردنی (با) بێت. ڕاستە (با) وەکو کارەکتەرێکی بزوێنەوەی خەیاڵە شیعریەکەی نالی لە سەرانسەری

قەسیدەکەدا ڕۆڵی خۆی هەیە و تەنانەت لە دوا بەیتیشدا (سەلامی دوور)ی هەر بە ئەودا بۆ (یاری سەنگ دڵ) دەنێردرێتەوە، بەڵام ئەمە بەشێکی ئەو داخوازی و فەرمانانەن و دیوێکی ئەو چالاکی‌یەیە کە شاعیر بە ڕەگەزە هەڵبژاردەکەی ڕادەبینێ. دیوی دووەمی ئەو چالاکییە و ئەو دەورکردنەوەیە بریتییە لەوەی نالی خوی بیری لێدەکاتەوە و دەیەوێت ببینێت. شتێکی ئەوتۆیە لە دەرەوەی بازنەی ڕیالیستی شوێنی نالی، بەڵکو تەنیا بە هێزی خەیاڵ لێکردنەوەیەوە دەکرێ دەستێکی کاتی، (بەپێی درێژی و کورتی خەیاڵ لێکردنەوەکە) بەسەردا بگیرێت.

هەر ئەم خەیاڵە بە هێزەیشە کە ئەرکی شیعری نالی کردۆتە بەخشین و عەتا، نەک وەرگرتن و دەست پانکردنەوەو ئەوەی کە نالی دەکاتە کائینێکی سەرشار لە وجود و لەمشەخۆری بەسەر سرووشتەوە ڕزگاری دەکات، خەیاڵە قوولەکانیتی لەو شتانەی کە دەبێت هەبن، یان لەو شتانەی لەدەستچوون و دەبێ خەلق بکرێنەوە، نەک ئەوا نەی کە هەن.

نالی بە باسکردن و پێبەخشینی ئەو خرۆشی بزوتنەوەیە بە ڕەگەزی (با) ناڕاستەوخۆ سەردەمی خرۆش و هەرەتی گەنجێتی خۆیشیمان بە بیر دەهێنێتەوە. ئەو وەسفی بەهاریانەی با دەکات، هەروەکو چۆن هەموو وەسفکردنێکی گەنجی و تافی خوێن گەرمیش، بەهارین. ئەو شوێنانەی پڕۆژۆکتەی خەیاڵی نالیمان بەردەکەوێ تەڕ و پڕ شێدارن و بۆنی زیندوویی و پێکەنینیان لێدێ، بەڵام چونکە وەسفکردن و خەیاڵکردنەوەکەی لەو دیوی ڕندووی هەرەسی زستانی پیرییەوەن، تەماشا دەکەین ئەو شوێنەی پرسیارەکانی لێوەدەکرێن وشک و برینگە و خەزانە.

*بەشی دووەمی قەسیدەکە بە هەواڵ دەستپێدەکات:*

سوتا:

نالی سوتانی پیربوون و خەزانی عومر دەکاتە دەنگ و وەک زەمینە جەستەیی‌یەکەی خۆی پڕۆژۆکتەری ئاراستە دەکات. مرۆڤی خەستە و لاواز ناتوانێت هەتاسەر بەبیرکردنەوە لە تافی لاوێتی خوی خەستەیی پیرییەکەی لەبیرباتەوە. بەڵکو واقیعی (ئێستاش) دەبێتە بەشێکی گرنگی سەرجەمی پەیوەندییەکان و دابڕانێکی ڕیالیستانە لەگەڵ (هەرێمی خەیاڵدا) دروست دەکات. تەماشای ئەم هەواڵە خۆ بەدەستەوەدان ئامێزەی بکەین کە چۆن دابڕانەکەی پێ دروستکردووە: لەم بەیتەدا وەک ئەوەی نالی بە (با) بڵێت: ئیدی بابەس بێ، ناتوانم هەر لەسەر وەسفی تۆ بڕۆم، هەدادانم لەبەر بڕا ئیدی ئاوا بە دیارمەوە دامەنیشە بە نیازی گوێگرتن لە وەسفی خۆت چونکە:

سوتا...

ڕەواقی خانەیی صەبرم، دڵ و دەروون\
ئەبارە غەیری گزشەیی ذکرێکی یا صەبور\
هەم هەم عەناتی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشک\
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە هەستە بێ قوصور.

جێگەی سەرسوڕمان نیە نالی لە دەجار زیاتر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی ئاوی کردووە: (ئاوی شیوە سوور، عەینی سەرچنار، بەکرەجۆ، پردی سەرشەقام، کانیبا، کانیسکان، شیوی ئاودار، ئانجەرۆ، حەوزی خانەقا...) ئایا بەبێ ئەوەی خۆمان بە شیکردنەوەی دەلالەتەکانی ئاو لەم

بەکارهێنانەدا خەریک بکەین ناتوانین جەغد لەسەر تینوێتی سەردەمی پیری شاعیر، بۆ تاڵگەی جوانیەکەی بکەین؟ ئایا گەرما و کەم ئاوی وڵاتی شامی ئەو سەردەمە لەم دێڕانەدا کاریگەرییان بەسەر قەسیدەکەوە جێ نەهێشتووە؟، بێگومان ئەم قۆناغەی ژیانی شاعیر قۆناغی تێپەڕبوون و دەست چژانە بە قۆناغێکی دیکەدا. قۆناغێکە ناوەڕاستی نێوان دوو دژە: (پیری) و (لاوی). هەر بۆیەشە لە پرسەکانیشدا جارێک دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی لاویی شوێنەکان (= گەنجێتی خۆیشی)، جارێکیش گومانی وێرانەیی و تێکشکان و پیربینمان دەخاتە دڵەوە: بەڵام سەیر لەوەدایە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی بەشی چوارەمی قەسیدەکە نالی بەو چاوەوە تەماشای بیرەوەرییەکانی دەکات کە گەنجێتی خۆی تیایاندا دیارە. زمانی بیرهێنانەوە و وەسفەکانی زەمانێکە باس لەو شتانە دەکات کە (هەن)، نەک ئەو شتانەی گومان لە بوونیان پەیدابووە، نالی دەفەرموێ:

نارێکە......
شارێکە......
ئەهلێکی وای هەیە......

ئەو دەربڕینە دڵنیابوونمان لە گوێدا دەزرنگێنێتەوە، دڵنیابوونێکی پشت بە بیرەوەی و خەیاڵ بەستوو. بەڵام ئەو دەمەی، ئەو چرکە ساتەی خۆشی بیرکردنەوە بە شاعیر دەبڕێ و چاویلکەی گەنجێتی لێدەستێنێتەوە و قەڵەمی پیری دەداتە دەست، ئیدی دەربڕینەکانی نالیش، زمانە جەغدکەر و بڕوا بە خۆبووەکەی دەکەوێتە لەرزۆکیێ و بە گومانەوە دێتە گۆ:

داخۆ، دەروونی شەق نەبووە
یاخۆ...


لە ناوەڕاستی بەشی چوارەمەوە، هەموو نیوەی یەکەمی بەیتێک شاییە و نیوەی دووەمی هەمان بەیت شینە. ئەو شاییە شایی سەردەمێکە کە نالی گەنج بوو، ئەو شینەش، شکستی پیری دروستی کردووە. ئەو شایی‌یە وێنەی خۆشی و ئارامی و تەبایی سەردەمێکمان بۆ دەکێشێ، کە جوانی و خۆشی تەمەنی شاعیریشی تێدا براوەتەسەر، ئەم شینەش شینی شاعیرێکی حەسرەت دیدەی پەککەوتەیە بۆ ئەو سەردەمە و ئەو جوانییە.

هەروەکو پێشتریش هێمای ئەوەمانکرد، نالی لە شێوەی بازنەیەکدا جیهانبینییەکەی بە مەبەستی گەیشتنەوە و خۆدیتنەوە دادەڕێژێ و هەتا دێت بازنەکە بە ڕووی خۆیدا دادەخات، تا ئیدی خۆی دەبێتە مەرکەزی ئەو جیهان و نیشتمان و شوێنەی کە پێشتر بە هێزی ئیستعمارەوە سۆراغی دەکرد و دەیویست مانای بۆ بدۆزێتەوە.(٤) بەمجۆرەش شێوەی بازنەکە بچووک و بچووک دەبێتەوە، حوجرەکەی یەکێکە لەو شوێنانەی کە زێتر سەرنج ڕادەکێشێ و ژوورەکەشی دوا شێوەی ئەم بچووکبوونەوەیەی بازنەی جیهانبینی نالییە.

نالی کاتێک سەردەکا بە ژوورەکەیدا، وەک وایە لە جەستەی خۆی بڕوانێ. ڕاستە لێرەدا بە خۆی دەگاتەوە، بەڵام بە وێرانەیی خۆی و بە هیچ جۆرێکیش بواری هاتنە دەرەوەی نییە. جەستەیەک بۆتە )(غاری مارومور) هەروەکو چۆن حوجرەکەیشی خاڵیە لە (یار و ئەغیار). سەیر

نییە کاتێک نالی حوجرەکەی خالّی لەیار و ئەغیار دەبینێ، لە باسکردنی بیرەوەرییەکانیشی دەوەستێ، بیرەوەری لەگەلّ کێ؟ ئایا دەردی غوربەت و لێکدانەوە پڕ عەزابەکان، کە وەکو مار و مور لە جەستەی نالیدا لانەیان کردووە، بواری مانەوەی بیرەوەرییەکان دەدەن؟ ئایا ئەزموونی دوورە ولاتی ڕێگە دەدات مرۆڤ لە نێوان (ڕابردوو) و (ئێستا)دا تەرازووی ڕۆح بە یەکسانی ڕابگرێت، یاخود (ئێستای غوربەتی) هێندە قووڕسە کە؛ هیچ کێشێکی ڕابردوو هارتای ناکات؟

ئەم هەولّەی نالی لە جیهانی (دەرەوەی کوردستانەوە) بەرەو (ناخی بیرەوەرییەکان) و، لەسەردەمی (پیری)یەوە بەرەو (گەنجێتی) و لە (ئێستای غوربەتیەوە) بەرەو (ڕابردووی لەدەست چوو) میتۆدی پرۆژەی گەڕانەوەکەی پێکدەهێنێت:



بەلاّم کاتێک نالی لەم پرۆژەیەدا شکست دەهێنێت و ناتوانێت خۆی لەناوەڕاستی بازنەی وجودە پیرۆزەکەدا بەرجەستە بکات و باز بەسەر زەمەنی مێژوویدا هەلّدات، چ پێشنیاز و ڕێگایەک هەلّدەبژێرێ؟ ئایا ئەم پێشنیازە چ پاشکۆیەکی فەرهەنگی و چ ڕابردوویەکی پشتبوانە؟ بۆچی نالی چارەنووسی وجودی خۆی دەبەستێتەوە بەسەردەمی زێڕینی باباینەکانەوە و ئەگەر نەتوانێت ئەو سەردەمە بە وجود بهێنێتەوە، یاخود ئەگەر ئەو سەردەمە گۆڕابێ (کە بێگومان هەروایشە) بۆچی بە (ڕۆژی نەفخی صور)مان دەسپێرێ؟:-

**پەیوەندی دووەم:**
**(دەسەلأت- چارەنووس)**

نالی لە قەسیدەکەیدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی (دەسەلأت)ی نەکردووە، بەلأم لەوەدەمەدا کە دەگاتە ئەوەی مەسەلەی (مەصلەحەت تەوە قفڵە تایەومی نەفخی صور) بهێنێتە پێشێ، تەماشا دەکەین دەسەلأت دەوری خۆی بە چوانی بینیوە. بە جۆرێک کە نالی وەکو مەوجودێکی دەسەلأتخواز (سلطوی) ئاشکرا دەبێت.

باجارێ ئەوە بڵێین، هەرکات چەمکی (دەسەلأت) بەکاردەهێنین مەبەستمان دەسەلأتداری و ڕەوشی پەروەردەیی سیستەمی بابانە کە بێگومان بەشێوە تەقلیدی، خۆرهەلأتی، ئیسلامی- یەکە مومارەسەی حوکمی تیاکراوە. نالیش وەکو کەسایەتیەکی زۆر نزیک(٥) لە خوانی دەسەلأتداری فەرمانڕەوایی بابانیەکانەوە بە شێوەیەکی ڕەمزی و لە ئاناگاییدا هەمان مومارەسە دووبارە دەکاتەوە و وەکو هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەو قۆناغە نەیتوانیوە لەژێر تەوژمی ئەو سیستەمی پەروەردەییە خۆی ڕزگار بکات کە فەرمانڕەوایانی بابان بە هزیەوە بیروڕای خۆیان ئاراستە دەکرد. بەبێ ئەوەی خۆمات بە جۆری ئەو یاسا پەروەردییەوە خەریک بکەین، چاکترە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو وتارەی هەڵکەوت حەکیم(٦) ڕابکێشم کە تیایدا بە نموونەوە، هەندێ هەڵوێستی حوکمدارانی بابانی لەئاست تەریقەتی نەقشبەندیی و کەسایەتی مەولانا خالیدا ڕوون کردۆتەوە. ئەگەرچی ناوبراو نەیویستووە سەرجەمی ئەو هەڵوێستانە بە زەمینەی بۆچوونی ئیسلام بۆ دەوڵەت و دەسەلأتدارییەوە ببەستێتەوە و ئەو ئاکامە بەدەست بهێنێت کە (عەبدوڵلا العروی) بە «کەمایەسی ئازادی لە سیستەمی سوڵتان»دا ناوی دەبات؛ بەلأم بەجوانی دەستنیشانی ئەو «گرێی پەستی= عقده الحقاره»یەی کردووە کە دەسەلأتدارانی بابان لەبەرامبەر دەرەوەی خۆیاندا بویانە.

بەبێ ئەوەی زیاتر بچینە مەیدانی ئەو باسەوە، گەرەکمانە هێما بۆ ئەو ڕەنگدانەوە ڕەمزییەی دەسەلأتخوازی میرەکانی بابان بکەین لە ئەندێشەی نالیدا و ئەمەش ببەستینەوە بەوەی ئایا ئەم ڕەنگدانەوەیە لە ئەنجامی خۆشەویستی نالی بۆ فەرمانڕەوایانەوە هاتووە، یاخود بەڵگەیە بۆ دەست بەسەرەبوونی فیکریی شاعیر و ملکەچبوونێتی لەئاست جیهانبینی سیاسی دەسەلأتدارێتیێ باباندا، کە ئەمەیش بە نیشتمانپەروەری نالی لێکدراوەتەوە؟ لە ئەنجامیشدا بە پێویستی دەزانین خۆمان بۆ پرسیارێک ئامادە بکەین کە چەندین سەدەیە لەبیرکردنەوەی مرۆڤی کوردا خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو پرسیارەی بەبێ ئەوەی جەوهەری ئەنجامەکەی بیری لێکرابێتەوە، حەز بە وەڵامدانەوەی دەکرێ. بەلأم باجارێ بچینەوە بەلای ڕەمزیەتی دەسەلأت لە جیهانبینی نالیدا و خاڵی هاوبەشی نێوان نالی و فەرمانڕەوایانی بابان دەستنیشان بکەین:

لە شوێنەکانی دیکەی ئەم باسەدا، بەشێوەیەکی فراوانتر باسی پرۆسەی گەڕانەوەی شاعیرمان بە مەبەستی بەدەستهێنانەوە و خوڵقاندنەوەی ڕۆژگاری (پیرۆز) کرد. هەروەها باسی ئەوەیش کرا، کە نالی سەردەمی گەنجێتی خۆی لەو ڕۆژگارەدا بەسەر بردووە و ئەمەش ڕێکەوتی حوکمی بابانیەکان دەکات. مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لە باسی چامەکەی نالیدا دەڵێت: (ڕابردوو

لەم شیعرانەدا سەردەمی حوکمی (بەبە)یە و کاتی پرسیاریش سەردەمی ڕۆمییەکانە. کەواتە نالی لایەنگریی خۆی بۆسەردەمی بابانەکان دەربڕیوە و پێ‌ی تێ چوونی خراپتر بوونی باری ژیانیش بۆ سەردەمی ڕۆمییەکان دانەتێ)(٧). هەر لە هەمان باسدا مامۆستای ناوبراو ئەم (لایەنگریی)یە دەبەستێت بە (نیشتمانپەروەری)یەوە. بێگومان ئەمانە دوو چەمکی جیاوازن و پێویستە لەبەکار هێنانیاندا دیقەت بەکار ببرێ. پێی تێدەچێت لە قۆناغی ژیانی گەلێکدا، لایەنگریی فەرمانڕەوایانی ئەو گەلە نیشانەی نیشتمانپەروەری بێت، بەڵام ئەمە ڕێسا نییە. ئەوەی ئێمە گەرەکمانە جیای بکەینەوە ئەم دوو چەمکەن لە یەکتری، واتە ئەوەی مامۆستا بەلایەنگریی نالی بۆ بابان ناوی بردووە بەلای ئێمەوە بریتییە لە (چارەنووس) بەستنەوە بەو ڕۆژگارەوە کە بابانییەکان فەرمانڕەواییان دەکرد و، ئەوەیش کە نالی ناچار کردووە چارەنووسی خۆی بە شێوەیەکی ڕەها بەو ڕۆژگاری حوکمەوە ببەستێتەوە، بریتییە لەو سیستەمی پەروەردە سیاسیەی دەسەڵاتداریی بابانییەکان بۆ ئیعتیادکردنی عەقڵیەتی سەردەم. هەرچی مەسەلەی نیشتمانپەروەری نالیشە ئەوە بابەتێکی دیکەیە و بواری دیکەی گەرەکە.

بەڵام ئایا چۆن بیری دەسەڵاتدار لە جیهانبینی شیعریی نالیدا خۆی دەنوێنێ؟

ئەو دەمەی نالی لە پرۆسەی گەڕانەوەکەیدا بە تێکشکان دەگات و ئەو ئەنجامەی نایەتەدەست کە بیری لێکردبۆوە و ناتوانێت بەو (مدینە الفاضلە)یە بگاتەوە کە نرخی وجودی خۆی تیادەبینی، ئیدی ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا دەتوانێت لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی تردا بژی؟ بێگومان وەختێک پێشنیارەکەی نالی خۆی دەنوێنێ، وەڵامی ئەم پرسیارەیش دەدرێتەوە: نالی ناتوانێت جارێکی دیکە لەژێر دەسەلاتێکی دیدا، جگە لەهی بابانییەکان درێژە بە ژیانی دنیایی بدات. چونکە سیستەمی بابان لەلای نالی سیستەمێکی ئایدیالییە، ئایدیالیش قابیلی نەمان و تێکشکان نییە. بۆیە کاتێک شاعیرەکەمان بە هەواڵی مەرگی ئەم ئایدیالەی دەزانێت، نایەت خۆی بە هۆی نەمان و تێکشکانیەوە خەریک بکات و بیر لە ئایدیالێکی دی بکاتەوە، چونکە هیچ یەکێکی دی جێی لەدەست چووەکەی بۆ ناگرێتەوە: ئازادی، سەربەستی، عەدالەت، بروا- تەنیا لەژێر سایەی ئەو ئایدیالەدا مومکین بوون و جەوهەری حەقیقی خۆیان دەخستە ڕوو، بەڵام ئێستا، کە ئەوە نەماوە، ئەوا ئەو چەمکانەیش لە مانای خۆیان بەتاڵ دەبنەوە و نرخیان نامێنێ: نالی کە دەڵێ:

> ئایا مەقامی ڕوخسەتە لەم بەندە بێمەوە،
>
> یا مەصلەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی صور

مەرجی هەیە، مەرجەکەیش ئەوەیە گەر بارودۆخی وڵات بەو جۆرە بێت کە نالی خۆی بینیبوی و ڕووخساری بەهەشتیی نیشتمان نەگۆڕابێت(٨) ئەوا هەڵبەت هەلێکی باشە بۆ هاتنەوە و نالیش پرسیار لەو هەلە دەکات، خۆ ئەگەر بارودۆخ بەلای وێرانەییدا ڕۆشتبێت، ئەوە چاترە خۆمان بەو ڕۆژە بسپێرین کە لە دایکبوونەوە گەورەکەی تێدا دێتە ئەنجام.

بەم پێیە، گەر کۆششی شاعیر بۆ گەڕانەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی نرخێکە بۆ وجود، ئەوا ئەم نرخەیش لەگەڵ ئایدیالێکدا پەیوەندی دارە کەلای نالی بریتییە لە ڕۆژگاری حوکمی

بابانییەکان. ئەو ڕۆژگاری دەسەڵاتەی لە ڕووخان و نەمان بەدەرە و ئەگەریش شتێکی ئەوتۆ ڕوویدات، پێویستە ڕەتی بکەینەوە و، وەکو سومبولێکی ئەبەدی و ئەمر تەماشای بکەین. نالیش بە شێوەیەکی ئەبیزاو (غیر مرئي) مامەڵە لەگەڵ ئەم سومبولیزمی دەسەڵاتەدا دەکات و وەکو ئایدیالێکی ئەمر تێڕوانینە پۆزەتیڤانەکەی خۆی لەسەر چەمکی (دەسەڵات دادەڕێژێ.

ئێستا بابێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە پێشتر نیازی خستنەڕوومان هەبوو: ئایا ئەم تێڕوانینە پۆزەتیڤانەیە لەسەر چەمکی دەسەڵات و دەوڵەت، کە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆکەیش زەینی مرۆڤی کوردی بە خۆیەوە گیرداوە و لە چەندین وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، تا چ ڕادەیەک تیشکی چارەسەری کێشەکانمان ئەراهەم دەکات؟ ئایا ئەم کابووسی دەسەڵاتەی ئێمە وەکو مەسەلەیەکی ئایدیاڵی تەماشای دەکەین، تا چ ئەندازەیەک لە بەدیهاتنی دواڕۆژماندا دەوری دەبینێت؟ ئایا ئەو دەسەڵاتەی بە درێژی چەندین سەدەیە ئیحتوای فیکری و ڕۆشنبیریی کردووین، لە حەقیقەتدا چییە؟!

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە تەنیا ئەو بوحرانە وەڵامیان بۆ دەدۆزێتەوە، کە سیستەمی ئەو دەسەڵاتە دەیهێنێتە کایەوە.

پەراوێز و سەرچاوە:

١- سجادي، عەلائەدین: مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٥٢ ل: ٢١٧.

٢- دیوانی نالی لاپەڕە ٤١. هەروەها بڕوانە: پێشەکی چەپکێک لە گوڵزاری نالی. مامۆستا مەسعود محەمەد بەغدا ١٩٧٦.

٣- سالم دەفەرموێ:

میحنەت ئەوەندە زۆرە، دڵم هێندە تەنگ بووە
دودی هەناسەکەی سەحەرم هەوری گرتەبەر،
.....
سەیران پڕە لە شەخصی ستەمدیدە خوار و ژوور
هەر قەبری پڕ غەمانە لەهەرلا دەکەم نەظەر

تا دەڵێ:

توخوا بڵێ بە حەضرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گوزەر

بڕوانە: دیوانی نالی، ل ١٩٩-٢٠١.

٤- ئەم داخستنەوەی بازنەیە بەسەر خۆدا کە شێوەیەکی خۆ دفن کردنیشە، سۆزی گەڕانەوەیشی بۆ نێو ئیحەتی ڕەحمی دایک تێدایە. ئەم بیرە لە مەقامەکانی (حەریری)دا بە شێوەیەکی دی داڕێژراوە: لەوێدا باس لە ئەهاتنە دنیاوە دەکرێ، دنیا ڕووخساری دژی ڕەحمی دایکە و پێویستە خۆی لێ بپارێزێ، کەچی نالی پێچەوانەی ئەمە هەڵدەبژێرێ: واتە لە ئەنجامی ڕەفزکردنەوەی دنیا پەنا بۆ ڕەحمی (دایک/ نیشتمان) دەباتەوە. مانای ئەوەی خۆی دفن دەکات و بەمەش جیهانی دەرەوەی خۆی جێدەهێڵێ.

بڕوانە: کیلیطو، عبدالفتاح: الغائب، دراسە في مقامە للحریری: ط ١٩٨٧/١.

هەروەها: مسألە القراءە: ط ١٩٨٦/١ ص. ٣.

٥- بڕوانە: مەلا کەریم، محەمەدی: نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە: بەغدا ١٩٧٩، ل ٥١.

٦- حکیم، هەلکەوت: أبعاد ظهور الطریقە النقشبندیە في کردستان في أوائل القرن التاسع عشر، مجلە دراسات کردیە: پاریس، ١. کانون الثاني ١٩٨٤.

٧- سەرچاوەی پێشووتر: ل ٥٨، ٥٩.

٨- دیارە ئەو نیشتمانەی لەسەردەمی حوکمی بابانییەکاندا (بەهەشت) بوو. ئەو بەهەشتەیش کە تەنیا لەژێر سایەی بەبەدا دەهاتەدی!

# شێخ حەسەن سەیدەڤ:
## (لە پێش هەموو شتێکدا کوردین، ئینجا موسڵمان و یەزیدین)

چاوپێکەوتنی پەیامنێری رۆژنامەی (گۆلۆس کورد- دەنگی کورد)[1] مەمیندەڤ لەگەڵ جێگری موفتی بەڕێوەبەرایەتی ئاینیی کازاخستان شێخ حەسەن قادر سەییدەڤ.

* خوێنەرانمان دەیانەوێت لە نزیکەوە بیروڕای ئێوە، وەکو نوێنەری (رۆحانیەت)، لەمەڕ بزوتنەوەی ئەمڕۆی کورد بزانن.

- پرۆسەی پرسترۆیکا لە یەکێتی سۆڤیەت زۆر شادم دەکات، چونکە بواری نەتەوە ئێجگار ستەمدیدەکەمانی داوە هۆشیاری خۆی بیزوێنێت. گەلی کورد پەیڕەوی زۆر ئاینی جیاواز دەکات- ئیسلام، یەزیدی، قەلەیی، یەهودی و بودایی- ئەمەش چەندان سەدەیە رێگای یەکگرتنی لێگرتوین. زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە جیاوازی ئاینی نابێت رێگە لە یەکخستنی بزوتنەوەی کوردی لەسەر سەکۆی دیموکراتی بگرێت.

دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەم، هەرسووریش دەبم لەسەر رای خۆم، کە ئێمە پێش هەموو شتێک کوردین ئینجا لە دواییدا موسڵمان یاخود یەزیدی و..... هتد، بین.

هەموو نوێنەرانی لایەنە ئاینییە کوردییەکان بانگ دەکەم تا بە ئامانجی داهاتوویەکی گەش بۆ میللەتەکەمان، گەلی کورد یەک بخەن و ریزەکانی پتەو بکەن. ئەگەر وانەکەین، لە داهاتوودا، نەوەکانمان لێمان خۆش نابن.

* سەبارەت بە گیروگرفتی ئەمڕۆی زمان و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمان چی دەتوانی بڵێیت؟

- ئەو کەسەی زمان و کولتووری خۆی ونکردبێت، نابینایە و لەلای کومەڵ ون بووە، کەسێک کولتووری دەوڵەمەند کردبێت پشکێکی زۆر دەخاتە سەر هۆشیاری خۆیی نەتەوەیی. لەپێناوی ئەمەدا پێویستە لەسەرمان زمانی زگماکمان وەکو رۆشنایی دیدەمان بپارێزین. لە بۆ پارێزگاری کردنی کولتووری ئەمڕزمان دەبێت گەلەکەمان لە رێگەی ئاژانسی دەنگ و باسی گشتی، مێژو و زمانەوە یەکگرتوو بێت.

١- گۆلۆس کورد (دەنگی کورد) رۆژنامەیەکی تازەی کوردەکانی سۆڤیەتە و بە زمانی روسی دەردەچێ (لە روسییەوە کراوە بە کوردی).

# دەربارەی ڕاگوێزانی نەتەوە ژێردەستەکان لە یەکێتی سۆڤیەت

نیکۆلای بوگای

## (بەپێی بڕیاری حکومەتی سۆڤیەتی...)
## ڕاگواستنی سالانی ۱۹۳۰ و ۱۹۵۰

ڕاگواستنی میللەتان لە یەکێتی سۆڤیەت درێژەپێدانی شێوازی خەبات دژ بە (دوژمن) بوو. پێدەچێت کە پۆلۆنییەکان یەکەمین میللەتی سزادراوبوون کە گەیشتنە جێگەی ڕاگواستن. هەر لەناوەڕاستی بیستەکانەوە ناوچە نەتەوەییە پۆلۆنییەکان لە بیلۆڕوسیا هەڵوەشێنرانەوە، لە دوای (۱۰) ساڵ. لە نیسانی ۱۹۳۶دا سۆڤێتی تۆمیسەرە میللییەکان بڕیارێکی ۱۲۰ لاپەڕەیی زۆر نهێنی، ژمارە (۷۷٦) لەسەر «ڕاگواستنی پۆلۆنییەکان، وەکو کەسانێک لە ڕووی ڕامیارییەوە جێگەی بڕوانین، لە ئۆکراینیای سۆڤێتییەوە بۆ کازاخستانی سۆڤێتی دەرکرد. لە کانونی یەکەمی سالی ۱۹۳۹دا لە خاکی پێشووی پۆلۆنیا- لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئۆکراینیا و بیلۆڕوسیا، گشت ئەفسەرەکانی سوپای پۆلۆنی و پۆلیس و کارگێڕ و فەرمانبەرەکانی سیستێمی بەڕێوەبردنی پۆلۆنی بۆ پۆڤۆلۆیە (ڕۆخی ڤۆلگا- ئا) و سیبیریا و ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆمی و...... هتد ڕەوانەکران- واتە نزیکەی چوارسەد هەزار هاوڵاتی پۆلۆنی.

لە ئابی ۱۹۳۷دا ستالین بڕیاری دەرکرد «پاکسازی» لە کەسانێک کە لەلایەنی ڕامیارییەوە جێگەی بڕوانین لە ناوچەکانی دالنی ڤۆستۆک (ڕۆژهەلاتی دوور) و سنوورەکانی ڕۆژئاوا بکرێت. پتر لە ۷۰ هەزار کۆرییایی زۆر بە خێرایی لە کۆماری ئۆتۆنۆمی بوریات- مەنگۆلیا و، خابارۆڤسک، هەرێمی پرێمۆرسک و، ناوچەی چیتاوە بۆ کازاخستان و ئاسیای ناوەند ڕاگوێزران. لە کانوونی یەکەمی ۱۹۳۷دا شەپۆلی دووەمی ڕاگواستن دەستی پێکردەوە- بەتەنیا ۱۲۰ هەزار کۆرییایی (کۆچیان کرد)، لە هەمان کاتدا هەشت هەزار چینییان ڕاگواست، کەمێک دەرنگتریش کورییایییەکانیان لەبەشی ئەورووپای سۆڤیەتدا (لابرد). لەسەردەمی جەنگدا لە ناوچەی سۆڤێتی کاریلیا- فینلەندا و لینینگراد نەتەوەیەکی زۆر بچووک- فینلەندی ئینگیرمەندلاندی- ڕاگوێزرا.

*سەرچاوەکان:*
لە ساڵی ١٩٢١دا، لە سەردەمی کۆنگرەی دەیەمی پارتی کۆمۆنیستی روسیا (بەلشفی) دەستەیەکی کۆمیتەی ناوەندی بەسەرکردایەتی لینین و ستالین بابەتی ئەرکەکانی پارتیان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی ئامادەکرد. ستالین وەکو قۆمیسەری میللی پرسی نەتەوەیی رۆڵی تایبەتی لە ئامادەکردنیاندا هەبوو. بابەتەکان رۆشنایی دەخاتە سەر پەیوەندی ئەو بەرامبەر گەلان، کە زۆربەیان لە سییەکان و پەنجاکاندا راگوێزران. میللەتانی قەفقازیان لەژێر ناوی (چیایی)دا خڕ کردەوە و وەکو خەڵکی دواکەوتووی و پارێزەری ژیاری پەترپارکی خێڵەکی تەماشایان دەکردن. پۆڵۆنی، جوولەکە، یۆنانی، ئەڵمانی، بولگار، کورد، هێمشین ولازیان وەکو گرووپی نەتەوەیی نیشتەجێ نەبوو سەیردەکران کە زۆربان نە پەیکەرێکی چینایەتی دیاریکراوییان هەیە، نە خاک.دەرئەنجامی وا رێگە و بواری فراوانی بۆ کردبوونەوە، ئەو گروپە نەتەوەییانە خاکی مێژووییان نییە، کەواتە بە ئاسانی دەتوانرێت رابگوێزرێن.
لە سەردەمی کۆنگرەی ١٢ی ساڵی ١٩٢٣دا ستالین ئەم شێوە بەشکردنەی گەلانی یەکێتی سۆڤێتی پێشنیارکرد. گروپی یەکەم: ئەوانەی لەو ناوچانەدا دەژین کە پیشەسازی تیایدا گەشەی سەندوە. دووەم: ئەوانەی کە بە قۆناغی سەرمایەداریدا تێپەڕیان نەکردووە و لە ڕەگ و ڕیشەوە لە دانیشتوانی روسیای ناوەند جیا دەکرێنەوە. لە کۆتاییدا سێیەم: ئەوانەی کە هێشتا ژیانی خێڵەکی دەژین و بە قۆناغی کشتوکاڵیدا تێپەڕیان نەکردووە. لە نەخشەیەدا جێگەی تایبەتێتی کولتوور و ڕادەی ئابینپەروەری و کراوەیی یاخود گۆشەگیری نەتەوەکان و هەروەها زۆرشتی تر جێگەیان بۆ نەکرابۆوە.

*ساڵانی جەنگ:*
لە سەرەتای جەنگی نیشتمانیدا، لە ئابی ١٩٤١دا پەرش و بڵاوکردنی ئەڵمان دەستی پێکرد. لە هەموو ئەو شوێنانەی نیشتەجێ کرابوون: پۆڤۆلژیە، مۆسکۆ، ناوچەی ڤارۆنیژ و تامبۆڤ، ئازەربایجان، قەفقازی سەروو و...هتد. تەنها لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢دا پتر لە ملیۆنێک ئەڵمانی راگوێزران، زۆربەیان کەوتنە کازاخستان و ناوچەی نۆڤەسیبیرسک و تۆمسک.
لە ساڵی ١٩٤٤دا لە کریمەوە هەروەها لە قەفقازی سەرووەوە و تەتەرکانی کریم، چیچێن، ئینگوس، بەلکار، کەڵمیک و کەراچائەکانیان ڕاگوست- هەروا نزیکەی ٦٥٠ هەزار کەس (تەماشای م.ن.ژ ٤١ - ١٩٩١ بکە)، سەرباز و ئەفسەرانی رۆڵەی ئەم نەتەوانەیان لە سوپا دەرەکرد و ڕەوانەی سیبیریان دەکردن و زیندانییەکانیش رەوانەی ئەو جێگایانە دەکران کە نەتەوەکانیانی بۆ ڕاگوێزرابوو.
لە تشرینی دووەمی ١٩٤٤دا لە ترسی ئەوەی کە لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و تورکیادا دانیشتوانی موسڵمانی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا پشتگیری لەشکری تورکی بکەن، هێمشین، لاز، کورد و تورکی مسخیتینیان لە گورجستانەوە، بۆ ئاسیای ناوەڕاست ڕاگواست.

*لەیەک دابڕینی پیسەکان:*

دوای جەنگی نیشتمانی ڕاگواستنی «هەڵبژاردە» دەستی پێکرد: بەشێکی نەتەوەیەک بە هێزی توانای سیاسی ئابووری و تەنانەت جوگرافییەوە ڕادەگوێزرا. لەو سەردەمەدا ئەرمەنەکانی کریم، بولگارو تورک و یۆنانەکانیان ڕاگواست. ئەم کارە لە نامەکانی قۆمیسەریتی میللی کاروباری ناوخۆ (ق م ک ن) بۆ ستالین بەم شێوەیە روون کراوەتەوە: «لەکاتی داگیرکردنی ئەڵمانیدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی بولگاری چالاکانە بەشداری ئەو پرۆژانەیان دەکرد کە لە بەرهەمهێنانیدا دانەوێڵە و خۆراکی تر بۆ سوپای ئەڵمانی... بەشێکی زۆری یۆنانەکان، بە تایبەتی لەو شارانەی کە لە ڕۆخی دەریان، بە هاتنی داگیرکەر کەوتنە بازرگانی و پیشەسازی وردە...... کۆمیتەکانی ئەرمەنە نەتەوەپەرستەکان.. پروپاگەندەیان بۆ «ئەرمینیای ئازاد» دەکرد.

ئەرمەنەکان- ئەندامانی پێشووی پارتی «داشناق» یان لە گورجستان ڕاونا، هەروەها ئێرانی، تورک و دیسانەوە یۆنانییەکان. ئەو کۆمۆنیستە یۆنانییانەی کە لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ی یۆنان لە سۆڤیەت بوونە پەناهەندە بۆ پشتی ئۆراڵ ڕەوانەکران.

لە ساڵی ١٩٤٧ دا کۆمەڵێک چەکداری کورد (٤٩٩) کەس لە ئێرانەوە هاتنە ناو ئازربایجانەوە لەو کاتەدا لە ئێراندا ڕاپەڕینی کوردەکان دەستی پێکردبوو. مستەفا بارزانی، برای ئەحمەد بارزانی سەرکردەی هێزە ڕاپەڕیوەکان، ڕابەری ئەو کۆمەڵە چەکدارەبوو. هەموو کوردەکانییان چەک کردن و لە دواییشدا لە سەربازگادا نیشتەجێیان کردن و کەوتنە مەشق پێکردنیان. لەدوای ساڵێک بەرزانی پێشنیاری کرد کە میرنشینێکیان لە شوێنی نیشتەجێیان (ناوچەی لینکۆرانی) لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەتدا بۆ دامەزرێنن و خزیشی بکەن بە گەورەی ئەو میرنشینە. هەر ئەو کاتە بە پێشنیاری باقرۆف سکرتێری یەکەمی پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجان «کوردەکان» کە جێگەی بڕوانین بۆ ئۆزبێکستان، بۆ ئێزکەی ڤێرخنە- کۆمسۆمۆڵسکایا ڕەوانەکران. بارزانی داوای کرد ستالین ببینێ، لە ئەنجامی ئەمەدا کوردەکان، تەنانەت ئەوانەیشیان کە پێشتر ڕاگوێزرابوون بۆ ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ یەکدا نەبێت وەک دەستەی بچووک بچووک پرش و بڵاوکران.

لە ساڵی ١٩٥٠دا لە تاجیکستانەوە گروپێکی «کۆنە باسمەچیی»یان بۆ کازاخستان ڕوانەکرد، لە ئۆکراینیایش ئەندامانی خێزانی «ڕێکخراوی ئۆکراینیە ناسیونالیستەکان»یان ڕاگواست، لە ڕۆژئاوای ئۆکراینیایشەوە- ئەو خەڵکانەی کە نەیادەویست بچنە کۆڵخۆزەوە بە کوڵاک ناودەبردن، کە لە ڕاستیدا جوتیاری ئاسایی بوون، لە بیلۆرووسیاوە ڕاگوێزران.

لە کۆمارەکان بەلتیکدا شاڵاوی ڕاگواستنی هەڵبژاردە سێ جار و لە ساڵانی ١٩٤١ و ئایاری ١٩٤٨ و کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا دەستی پێکرد. لەم شاڵاوانەدا «نەتەوەپەرست، کوڵاک و بەکرێگیراوانی ئەڵمانیا» ڕاگوێزران.


*سیستێم:*

قەبارەی ڕاگواستن پێویستی بە ڕێکخستنی گونجاو هەبوو. لە بیستەکاندا کۆمیتەی ڕاگواستنی سەر بە سۆڤێتاتی باڵا هەبوو، کاتێکیش ڕاگواستن بوو بە سزا قۆمیسەریتی کاروباری نێوخۆ ئەم

ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی.

لە حوزەیرانی ١٩٣١ەوە تا ١٩٤٠. بەشێکی تایبەتی لە بەڕێوەبەرایەتی ئۆردوگا کاری دەکرد، ئەم دامەزراوە لە کاتی جیادا ناو و شێوازی جیاجیای وەرگرتووە تا لە ساڵی ١٩٥٩دا بە تەواوی لایان بردووە.

رۆژنامەی مۆسکۆفسکی نۆفۆستی ژ- ٢٦
٣٠ حوزەیرانی ١٩٩١
لە روسییەوە کراوە بە کوردی




➡ ئەو گەلانەی کە لە تەواوی دووچاری ڕاگواستن هاتوون.
⇨ ئەو گەلانەی کە بەشێکی، لە دوای جەنگ، ڕاگوێزراوە.
➡ ئەو گەلانەی کە بەشێکی، بە بیانووی «ئامادەکردنی شانۆی جەنگ» ڕاگوایزراوە.

رایەک

# دیاردەیەکی ترسناک

محەمەد حەلاق

جێگای سەرنجە کە لەم دواییەدا بیری قەومی شۆڤێنی عەرەب لە نێو حیزبی شیوعی عێراق و حیزبە شیوعییەکانی عەرەبدا بە رادەیەک بەرزبۆتەوە کە بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان شیوعییەکان و نەتەوەخوازانی عەرەب ناکرێت.

شیوعییەکان لە نێو تەواوی ڕووداوەکاندا ترسی هەرە گەورەیان لەوەیە کە پێی دەڵێن دابەشکردنی عێراق!!

هەروا گەل و خاکی کوردستانی عێراق وەک بەشێکی ئەبەدی لەگەڵ و خاکی عەرەب دادەنێن. گیانی شۆڤێنیستییان ڕێگەیان نادات دەرک بەم ڕاستییە بکەن کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کەرت کردن و دابەشکردنی نیشتمانی خەڵکی تر نییە، بەڵکو ڕزگارکردنی نیشتمانی گەلی کوردستانە لە داگیرکردن و بە زۆرپێکەوەلکان و تاوانی جینۆسایدە، کە بە زەقترین شێوە و بە ترسناکترین چەک لە کوردستاندا پەیرەو دەکرێت.

لام وایە ئەم هەڵوێستە فیکرییە ریشەکەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی فتوحاتی ئیسلامی لەنێو عەرەبدا دەگەڕێتەوە، کاتێ بە بیانووی (وحدەی اسلام) ڕێگەیان لە سەربەخۆیی گەلانی تر دەبەست. دوا تریش کاتێک بیری قەومی عەرەب پەرەی سەند، لەژێر ناو و دروشمی تردا (وحدە)ی بۆ نموونە (خاک و گەلی عێراق!!) کرایە ئامانج. کارەساتیش لەوەدایە کە شیوعییەکانی عەرەب لەهەمان روانگەی فیکرییەوە دەڕواننە مەسەلەکە. ئەم (وحدەی عێراق)ـەی شیوعییەکان بەرگری لێدەکەن تەنیا لە ڕووی ناو و زەمان و شوێنەوە جیاوازی لەگەڵ (وحدە ئیسلامیە)کەدا هەیە، دەنا لە ناوەڕۆک و ئامانجدا هەر هەمان شتە. پێم وایە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شمشێری عومەری کوڕی خەتاب و رەفتار و هاتووهاواری (وحدەی عێراقی) شیوعییەکاندا نییە، ئەو هاتووهاوارەی کە لەگیانی ڕاستەقینەی مارکسیزمەوە دوورە.

شیوعییەکانی عەرەب بەوە ناسراون کە بەردەوام بەرگرییان لە مەسەلە ڕزگاریخوازەکانی جیهان کردووە: ئەنگۆلا، ڤێتنام و نیکاراگوا... هتد، بەڵام بە داخەوە ئەوەی تائێستا توخنی نەکەوتوون و، بگرە دژیشی وەستاون، مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەوەتا لەکەرمەی کارەساتی گەلی کوردستاندا، کاتێ عەرەبی فەلەستینی، ئوردونی، یەمەنی، مەغریبی، بە گەلەکۆمەکێ هاتنە کوردستان و لە کوشتاری درندانەی منداڵ و پیر و ئافرەتانی کوردستاندا بەشداربوون، کەچی حیزبە شیوعیبە عەرەبیەکان لەم تاوانە بە کۆمەڵە بێدەنگ بوون.

ئەم بێدەنگیەیان ئەگەر مانایەکی هەبێ، ئەوا عەرەب گوتەنی مانای رەزامەندییانە (السکوت دلیل علی الرضا!).

هەندێ لەم حیزبانە منەتێکی زۆر بەسەر گەلی کورددا دەکەن کە گوایا لە ساڵی ١٩٩٠دا، لە کۆبوونەوەی حیزبە شیوعییە عەرەبییەکاندا کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی هاریکاری لەگەڵ گەلی کورد پێکهاتووە!. بەڵام سەیر ئەوەیە کە کارەساتی پێنج ملیۆن مرۆڤی کوردستانی عێراق هەموو دنیای بە دەنگ هێنا کەچی ئەم کۆمیتەیەی حیزبە شیوعییە عەرەبییەکان، کە کوردیان قەرزباربار کردووە، بە دەنگ نەهات و تەنانەت تاکە قسەیەکیشی نەکرد!!. جا ئەگەر ئەم هاریکارییە لەگەڵ گەلی کوردستاندا راستگۆیانە بێت و ئیمرۆ بە دەنگ نەیەت ئاخۆ دەبێ کەی بە دەنگ بێت؟! تۆ بڵێی زۆڵم لەم حیزبە شیوعییە عەرەبییانە بکەم ئەگەر بڵێم: ئەوان بۆیە لە ئاستی تاوانی کەم وێنەی ئەم دواییەی رژێمی رەگەزپەرستی عێراقدا بێدەنگ بوون چونکە سەدام لە رێگەی ئاوارەکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن مرۆڤی کوردستانەوە دەیەوێ (وحدەی عێراق) بپارێزێ!!. مەگەر پاراستنی وەحدەی ساختەی عێراق (ارضا وشعبا وکیانا) ئامانجی هەموو لایەن و دەوڵەت و هێزە عەرەبییەکان نییە؟!

بە راستی دیارە کارەکە لنگە و قووچ بۆتەوە، بۆیە هاریکاری نێونەتەوەیی لەگەڵ داگیرکردنی کوردستان و کوشت و بڕی بە کۆمەڵی خەڵکی کورد دەکرێ!!.

تراژیدیای ئەم دواییەی کوردستان سەرنجی سەرتاپای دنیای راکێشا و هەموو ویژدانێکی زیندووی بزواند، بەڵام لای شیوعییەکانی عەرەب باس هەر باسی (وحدەی عێراق) و (پیلانی ئیمپریالیزم بۆ تەقسیمی عێراق) بوو. لەم ماوەیەدا کە گەلی کوردستان لە گەرمەی کارەساتدا دەژیت، کەچی دەیان هەڵوێستی پڕ لە شەرمەزاری و تەنانەت نامرۆڤانەی شیوعییەکان بەدی دەکرێت. بۆ نموونە لە خۆپیشاندانێکی فراواند لە سوید کە بۆ هاریکاری گەلی کورد رێکخرابوو، (هاورێیانی) حیزبی شیوعی عێراق- هەر لەبەر ئەوە خۆپیشاندانەکەیان بە تووڕەیی بەجێهێشت چونکە رێکخراوێک ئاڵای کوردستانی بەرز کردبۆوە. ئەم خۆکشانەوەیە هەر ئەوە دەگەیەنێ: با ئەم گەلە لەناو بچێت چونکە ئاڵای وڵاتی خۆیان بەرزکردۆتەوە.

من دڵنیام ئەگەر هەمان خۆپیشاندان بۆ هاریکاری باڵندەکانی خەلیج بکرایە رەفتاری شیوعییەکان بە پێچەوانەوە دەبوو!. دەبێ ئەوەیش بگوترێ کە ئەم رەفتارە تەنانەت رەخنەیەکی سەرزارەکیشی لەلایەن سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقەوە لێ نەگیرا.

بەڵام بۆ رەخنەی لێ بگیرێ؟!

ئەوەتا سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق، بە زۆری دەزانێ کە بەیاننامەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ئاوارەبوونی دوو ملیۆن خەڵکی کوردستان دەربکات، کە لەهەر سەعاتێکی کارەساتەکەدا زیاتر لە شەست منداڵ دەمرد، کەچی هەر هەمان سەرکردایەتی بەیاننامەی تایبەتی سەبارەت بە کوژراتی ١٥ عەرەبێکی فەلەستینی لە مزگەوتی (القدس) دەرکرد و چەندان بەیاننامەی عەرەبیشی دژی ئەم کارە ئیمزا کردا!.

ئەم دیاردانە کێشە و تەنگوچەڵەمەی ئەم حیزبە شیوعییانە قووڵتر دەکاتەوە. بۆ ئێمەشی دەسەلمێنێ کە دەبێ کردار، تەنیا کردار، نەک قسە و گوفتار، بکەین بە سەنگی مەحەک.

# دەوڵەت بۆ ئەوان،
# بەڵام
# بۆ کورد ...... ئۆتۆنۆمی

لە کاتی بەستنی (دیداری جیهانی رۆژنامەنووسە ئەورووپییەکان سەبارەت بە پرسی فەلەستینی)دا لە هێلسینکی، رۆژنامەنووسی سۆڤیەتی، دۆستی نزیکی گەلی کورد دمیتری زگیرسکی ئەم چەند پرسیارەی لە یاسر عبد رەببە کردووە:

* ئایا بۆچی تائێستا رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی هەر پشتگیری سەدام حوسێن دەکات، سەرباری ئەو تاوانکارییە زۆرەی بە گەلی خۆی و هەوڵدانی بۆ قڕکردنی کوردەکان راستەوخۆ لە دوای خۆبەستەوەدانی عێراق؟

- کێ دەڵێت ئێمە پشتگیریی دەکەین؟ ......

* پرسیارێکی ترم کرد، کە زۆر دەمێکە سەغلەتم دەکات، ئەویش دەربارەی کوردەکان.. بایەخی سەرەکی کۆمەڵگای جیهانی تەنیا ئاراستەی کێشەی فەلەستینی کراوە. لەلای ئێمەش لە بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستماندا لە پلەی یەکەمدا بووە. کەچی باو نەبووە و رێگە نەدراوە دەربارەی گەلی کوردی ٢٤ ملیۆنی هیچ شتێک بوترێت، ئەبادا دۆستی ئێجگار خۆشەویستمان نیگەران ببێت. بەڵام خۆ کێشەی فەلەستینی و کوردی زۆر لەیەک دەچن.

- سەربەخۆیی کوردەکان؟ کارێکی بێ سوودە - نوێنەری فەلەستینی ئەمەی دەگوت - کەس سەربەخۆییان پێ نادات.

کەسایەتییەکی تری فەلەستینی لە مۆسکۆ لە وڵامی هەمان پرسیاردا زۆر روون و ئاشکراتر رای خۆی دەربڕی:

- ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، کە گەلی کورد لە ئاشتی و خۆشگوزەرانیدا لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا بژی، بەڵام دژی لەتکردنی عێراقین.

گۆڤاری نۆڤافرکیمیا ژمارە ٥ی ١٩٩١

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 2 Summer 1991

Editor in chief

*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdari*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Tecnical Editor

*Dylan Dersim*

Sweden

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 2 Summer 1991

